کتێبخانە گشتییەکان

د. محەمەد فەتحی عەبدولهادی
د. نەبیلە خەلیفە جومعە

وەرگێرانی
یاسین قادر بەرزنجی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کتێبخانە گشتییەکان

د. محەمەد فەتحی عەبدولهادی

د. نەبیلە خەلیفە جومعە

کتێبخانە گشتییەکان

وەرگێڕانی

یاسین قادر بەرزنجی

٢٠١٣

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **کتێبخانە گشتییەکان**

- **د. محەمەد فەتحی عەبدولهادی ـ د. نەبیلە خەلیفە جومعە**
- **وەرگێڕانی: یاسین قادر بەرزنجی**
- **نەخشەسازی ناوەوە: مەهدی ئەحمەد قادر**
- **بەرگ: ڕێمان**
- **تایپ و هەڵەبڕی: بەیان عەلی محەمەد**
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ٧٥٠ دانە
- **چاپخانەی: موکریانی (هەولێر)**
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٧٦٧) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.**

زنجیرەی کتێب (٧٥٨)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێڕست

پێشـــــــەکی.. ٩

بەشی یەکـەم: پـەیامی کتێبخانـە گشـتییەکان و ئامانجیـان.......... ١٣

پێناسە.. ١٥

ئامانجی کتێبخانە گشـتییەکان و ئەرکـەکانیان......................... ١٥

کتێبخانە گشتییەکان لە نێو جۆری کتێبخانەکانـدا...................... ٢١

شـــێوەی کتێبخانـــە گشـــتییەکان.................................. ٢٣

بەشی دووەم: تەلاری کتێبخانەی گشتیی و کەرەستەکانی................ ٢٧

جێگـــــا... ٢٩

نەخشەسازیی تـەلاری کتێبخانـە..................................... ٣٠

نەخشەسازیی ناوەوەی کتێبخانە ٣٣

پاراســتنی کتێبخانـــە... ٣٦

خزمەتگوزاریی کتێبخانـەی گـەڕۆك................................... ٤٣

بەشی سێیەم: ڕێکخستنی کتێبخانە گشتییەکان و بـەڕێوەبردنیان....... ٥٣

ڕێکخســـتنی کـــارگێریی... ٥٦

کارمەنـــــدان.. ٥٧

ڕێســاکانی کــارکردن.. ٦٠

بودجـــــە.. ٦٢

بەشی چوارەم: کارەهونەرییەکان لە کتێبخانە گشـتییەکاندا..........٦٣
هەڵبژاردنی سەرچاوە و کەرەستەکان.............................٦٧
پێوانەی چەندێتی کۆمەڵە سەرچاوەکان...............................٧٠
پەرەپێدانی پێکهاتەکان و گەشە پێدانی سیاسەتی کتێبخانە...............٧١
بەشداریی لە سەرچاوەکاندا...٧٤
پێڕست و پۆلێن..٧٦
بەئەلیکترۆنی کردنی کارە هونەرییەکان.............................٧٩
پوختەکردن و لابردن...٨١

بەشی پێنجەم: خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکان..........٨٥
خواستن...٨٨
خزمەتگوزاریی ژێدەر و زانیارییەکان...............................٩٠
خزمەتگوزاریی سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان.......................٩٢
خزمەتگوزاریی لاوان و گەورەکان...................................٩٤
خزمەتگوزاریی منداڵان..٩٧
خزمەتگوزاریی لەگەڵ قوتابخانەکاندا..............................١٠١
خزمەتگوزاریی تازە خوێنەرەکان و ناوچە گوندنشینەکان.............١٠٣
خزمەتگوزاریی کەمئەندام و نەخۆشەکان..............................١٠٦

بەشی شەشەم: چالاکییەکانی تری کتێبخانە گشتییەکان............١٠٩
پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە..............................١١١
بەشداری لە تەلاری کتێبخانەدا..............................١١٣
لێدوانی کتێبخانە..............................١١٥
پەیوەندیی راستەوخۆ بەگروپ و دام و دەستەکانەوە..............................١١٨
کۆمەڵەی هاورێیانی کتێبخانە..............................١١٩
بانگەشە و ئاگاداری..............................١١٩
راپۆرت..............................١٢٠
بڵاوکراوەکان..............................١٢١
پۆستەر و ریکلام..............................١٢٣
نمایشەکان..............................١٢٤
ئامرازەکانی راگەیاندن..............................١٢٥
سەرچاوەکان..............................١٢٧
چاپکراوەکانی وەرگێڕ..............................١٣١

پێشەکی

لە ئەنجامی کارکردنی دەیان ساڵەم لە بواری کتێبخانەی گشتیدا ئـەو راسـتیەم لا چەسپیوە کە نەبوون، یـان کـەمیی سەرچـاوە زانسـتییەکان لـە بـواری (کتیبخانـەو زانیارییەکاندا) بە زمانی کوردی کاری نـەرێنی کردوەتـە سـەر خزمەتگوزارییـەکانی کتێبخانەکانو کتێبخانە گشتییەکان بە شێوەیەکی تایبەت لـە شـارو شارۆچـکەکانی کوردستانداو پراکتیزە نەکردنی چەمکە زانستییەکان لە کاری رۆژانەی کتێبخانەکاندا جۆرە پاشاگەردانییەکی هێناوەتەوە ئاراوەو ئەمەش بووەتە یـەکێك لـە فاکتـەرەکانی قەیرانی نەخوێندنەوە لە وڵاتەکەماندا.

لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونەدا ساڵانێکە وەك ئەرکێکی سەرەکیی خۆم بە پێویستم زانیوە چەندین کتێب بۆ ئـەم بـوارە گرنگـە بنووسـمو وەربگێـرم، کـە ئـەم کتێبـەی بەردەستت دواهەمینیانە، بەو هیوایەی رۆڵێکی ئـەرێنی ببینـێ لـە بەزانسـتیکردنی میتـۆدی کـاری کتێبخانەییـداو ببێتـەی مایـەی سـوودبینیی کارمەنـدی کتێبخانـە گشتییەکان. بەلای منیشەوە، بۆ ئێمەی خاوەن ئەزموونی کەم لە بواری ئەم زانستەدا، (زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان)، وەرگێڕانی سەرچاوەکان بە زمانانی تر (بێگومان لە پێشەوەیاندا زمانی عەرەبی) کارێکی پەسەندە، چونکە لـە کتێبخانـەی کوردیـدا خاوەنی ژمارەیەکی کەمین لە توێژینەوە زانستییەکان بە زمانی خۆمان، کە ببنە ژێدەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکان.

نووسەرانی ئەم کتێبە، کە دوو مامۆستای پسـپۆڕی بەشـی زانسـتی کتێبخانـەو زانیارییەکانی زانکۆی قاهیرەن، لە هەشـت بەشـدا کتێبەکـەیان بـەئاکام گەیانـدووە،

لەبەشی یەکەمدا پێناسەو پەیامی کتێبخانـەی گشـتیو ئامانجـەکانی، کتێبخانـەی گشتیی لەنێو جۆرکانی کتێبخانەدا، شێوەی کتێبخانەکان، باسکراون.

لە بەشی دووەمدا تەلاری کتێبخانەی گشتی تیشـکی خراوەتـە سـەر لـە ڕووی: جێگـا، نەخشەسـازیی‌و نەخشەسـازیی نـاوەوەی، پاراسـتنی کتێبخانـە، کەرەسـتەو کەلوپەلەکان.

بەڵام بەشـی سـێیەم تەرخانـە بـۆ لایەنـەکانی ڕێکخسـتن‌و کـارگێڕیی کتێبخانـە گشتییەکان.

بەشی چوارەمی کتێبەکەش تایبەتە بە کارە هونەرییەکان لەکتێبخانەدا.

هەر لە هەڵبژاردنی سەرچاوەکانەوە بـۆ پێڕسـت‌و پـۆلێن تـا دەگـات بـە بـەرگ تێگرتن.

لە بەشی پێنجەمدا خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی گشتیی ڕاڤـەکراوە لـە ڕووی خواسـتن، خزمــەتگوزاریی ژێـدەرو زانیارییـەکان‌و سەرچـاوە بیسـتراوو بینراوەکـان‌و خزمەتگوزاریی گروپی دیاریکراو لەسوودمەندان.

دوا بەشی ئەم کتێبەش تایبەتە بە باسەکانی خزمەتگوزاری‌و چـالاکییەکانی تـری کتێبخانە وەکـو لێـدوانی کتێبخانــە، کۆمەڵـەی هاوڕێیـانی کتێبخانـە، برەوپێـدانی خزمەتگوزارییەکان‌و بانگەشەو ئاگاداری.

بەڵام ئەو دووبەشەی کۆتایی کتێبەکە، کە بریتیین لە (بەکارهێنانی تەکنـەلۆجیای زانیارییەکان‌و کتێبخانە گشتییەکانی میسر)، و تەرخانە بۆ ئەو دوو باسە بە تایبـەت لەو وڵاتەدا. هەر بۆیە نەخرانە ناو وەرگێڕانەکەی ئێمەوەو بەهیوام لـە دەرفـەتی تـردا بێمەوە سەریان.

سەرچاوەی وەرگێڕانەکەی ئێمە چاپی دووەمی ئەو کتێبە عەرەبییە یە (المكتبات العامة) کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٠دا لەلایەن (الدار المصرية اللبنانية)ەوە لەچاپدراوە.

مایەوە بڵێم، لە زۆربەی کاری وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا هەموو دەقە ئەسڵییەکە کراونەتە کوردی، بەڵام لە هەندێ جێگادا، کە هەست بە پەرەگرافو شیکردنەوەی زیاد لە پێویست کرابێت، کە خوێنەر یان کارمەندی کتێبخانەکان پێویستیان پێی نابێ، کردەی کورتکردنەوەیان لەگەڵدا کراوە.

هیوادارم بەم کارە خزمەتێك بە کتێبخانەکانو مامۆستاو خوێندکارانی بوارەکە بگەێنم.

یاسین قادر بەرزنجی
١٧/٨/ ٢٠١٣

بەشی یەکەم
پەیامی کتێبخانە گشتییەکانو ئامانجیان

١-پێناسە:

گەلێك پێناسە بۆ كتێبخانە گشتییەكان كراوە، لەوانە "كتێبخانەی گشتی دامەزراوێكی دەسەڵاتی خۆجێ ییە، بەمەبەستی پێشكەش كردنی سەرچاوەو خزمەتگوزارییەكان بۆ هەموو دانیشتووانی ئەو ناوچەیە".

بەشێوەیەكی گشتی، ئەم جۆرە كتێبخانەیە دامەزراوێكی رۆشنبیرییەو خزمەتگوزارییە كتێبخانەیی‌و زانیارییەكانی پێشكەش بەتاكەكانی كۆمەڵگا لەناوچەیەكی دیاریكراودا دەكات‌و كۆمەكی گشتی‌و تایبەتی پێدەبەخشرێت.

ئەم پێناسەیە ئاماژەن بۆ چوار بنەمای بنچینەیی:

أ-كتێبخانەی گشتی خزمەتگوزارییەكانی خۆی پێشكەش بەهەموو توێژەكانی كۆمەڵگا دەكات بەبێ جیاوازیی رەگەز یان ئایین یان رەنگ‌و..تاد، هەرچۆن خزمەتی هەموو تەمەنێكی منداڵ‌و گەنج‌و ئاستی رۆشنبیری‌و خوێندن دەگرێتەوە.

ب-بەشێوەیەكی گشتی، ئەم جۆرە كتێبخانەیە خزمەتگوزارییەكانی بێ‌بەرامبەرە.

ج-كتێبخانەی گشتی دەبەسرێتەوە بەو شوێنەی تیایدایە، ئیتر شار بێت یان پارێزگا، یاخود شارۆچكەو گوندو گەڕەكێك، ئەمەش دەخوازێت لەكتێبخانەكاندا سەرجەم سەرچاوەكانی زانیاریی مرۆیی لەبەردەستدابن، لەگەڵ رەچاوكردنی ئەو ژینگەیەی كە كتێبخانەكەی تیادا دەبێت، وەكو كشتوكاڵی یان پیشەسازیی..تاد.

د-كتێبخانەی گشتی ئەو شوێنەیە كە خەڵكی بەئارەزووی خۆیان رووی تێدەكەن.

٢-ئامانجی كتێبخانە گشتییەكان‌و ئەركەكانیان:

كتێبخانەی گشتی، هەوڵدەدات بۆ هێنانەدیی چەند ئامانجێك، ئەوانیش:

أ-رۆشنبیرکردن: واتە دەستەبەرکردنی سەرچاوەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ سوودمەند کەببێتە هۆکاری گەشەکردنی چێژی هونەریو ستاتیکییان، ئەمە بێجگە لە گونجاندنی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی، وێڕای ئەوەی کە کتێبخانەی گشتی یەکێکە لە ناوەندە سەرەکییەکانی ژیانی رۆشنبیری.

ب-راگەیاندن: واتە گەیاندنی زانیاریی ورد بە تاكو گروپ" بەتایبەت لەو بابەتانەدا کە جێبایەخی گشتین، تاوەکو ئاگاداربن لەو رووداوانەی لەسەر ئاستی ناوچەییو نەتەوەییو جیهانی روودەدەن.

ج-فێرکردن: واتە هاندانی گەورەو منداڵ بۆ خۆفێرکردن، ئەوانەی لە خوێندندا گەیشتوونەتە قۆناغێكو مەبەستیانە سەرچاوەی خوێندنەوەی پێویستیان دەستبکەوێتو ئاستی خۆیان پێشبخەن.

د-سوودوەرگرتن: واتە سوودوەرگرتن لە کاتە زیادەکانو خوێندنەوە تیایاندا.

د.حشمت قاسم زیاد لەو ئامانجانە، ئاماژە بەرۆڵی کتێبخانە دەکات لە خزمەتی توێژینەوەی زانستیو بڕیاداندا، هەروەها لەرێنمایی بۆ پرسو پرۆژەو ئەو لایانانەی جێبایەخی تایبەتی کۆمەڵگان، ئەمانە بێجگە لە کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنتەکانی کۆمەڵگاو رێکخستنیانو پاراستنیان.

گەلێك لەولاتانی جیهان، لەرێی کۆمەڵەی کتێبخانەکانیان، یان لەرێی ئەنجومەنی نیشتمانیی کتێبخانەو زانیارییەکان، مەبەستیانە کە زانیارییەکانی (statements)ی پەیوەست بەئامانجی کتێبخانە گشتییەکانیان بلاوبکەنەوە، لەگەڵ پێداچوونەوەو تازەکردنەوەیان بەشێوەیەکی رێکوپێك.

راگەیەندراوی فەرمیی کتێبخانە گشتییەکان لە(یۆنسکۆ)وە ئەمانەی تیادا هاتووە:

١-درووستکردنو بەهێزکردنی ئارەزووی خوێندنەوە لای منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنەوە.

٢-پشتگیریی لە فێرکردنی خودیو تاکەکەسی لەپاڵ خوێندنی فەرمی لە هەموو ئاستەکاندا.

٣-پێشکەشکردنی هەلی گەشەی تاکەکەسیی ئەفراندن.

٤-هاندانی ئەندێشەو داهێنان لەلای منداڵو گەنجان.

٥-نرخاندنی هونەرەکانو ناسینی کلتوری رۆشنبیریو داهێنانە زانستییەکان.

٦-هاندانی دیالۆژ لەنێوان کلتورەکانداو پشتگیری لە هەمەجۆری کلتوریو ئیتنیکی.

٧-پشتیوانی لەکلتوری زارەکی.

٨-جەخت لە گەیشتنی سەرجەم هاوولاتیان بەهەموو جۆرەکانی زانیارییە کۆمەڵایە تییەکان.

٩-پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان بۆ هەموو پرۆژەو کۆمەڵەو گروپی ناوچەیی.

١٠-گەشەپێدانی توانای قەلاچۆی نەخوێندەوارىو بەشداریی لە چالاکییەکاندا بۆ ئەو مەبەستە.

زۆربەی راگەێندراوە نوێیەکان باسی کتێبخانەی گشتی دەکەن کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەشدارە لە قوولکردنەوەی دیموکراسیو مافی هاوولاتیبووندا، هەرچۆن رۆڵی کارای هەیە لەنەهێشتنی نەخوێندەواریو بەرزکردنەوەی بەرهەمدا.

بەو پێیە، کتێبخانەی گشتی دامەزراوێکی رۆشنبیریی کۆمەڵایـەتیی تەواوکـەری خوێندنە و رۆڵێکی گەورەی هەیە لـە خزمـەتکردنی کۆمـەڵگادا، تەنانـەت هەنـدێك بەسەنتەری زانیارییەکانی کۆمەڵگای ناودێر دەکـەن، چـونکە بەشـدارە لـە پرۆسـەی پـەروەردەو فێرکردنـی بـەردەوامو یارمـەتیی منـداڵ دەدات بـۆ پـەروەردەبوونی کۆمەڵایەتییان بەشێوەیەکی راستو دروست، هەرچۆن هاوکارە لەپێکهاتەی سیاسـیو رۆشنبیریی هاووڵاتیاندا، ئەمە بێجگە لەوەی کاردەکات بۆ دەرخستنی کلتورو بـەهاو دابونەریتی کۆمەڵگای خۆجێ یەتی.

ئێستا لەسەر ئاستی جیهان کۆشش دەکرێت بۆ نوێکردنەوەی کتێبخانـەی گشـتی تـاوەکو داخـوازیی کۆمـەڵگای زانیارییـەکانو کۆمـەڵگای سـەدەی بیسـتویەکەم بهێنێتەدی، لەوانەش پرۆژەی ئەنجومەنی ئەوروپای تایبەت بەکتێبخانـە گشـتییەکانو کۆمەڵگای زانیارییەکان لەوڵاتانی ئەوروپادا.

دیدی ئەورووپی بریتییە لە: کتێبخانەی گشتی پارێزگار لە نوێبوونەوەی لەسـەرجەم کۆمەڵگای ئەوروپادا، بۆ گەیشتن بە:

*تۆماری مرۆیی پارێزراو و هەڵگیراو بەهەر شێوەیەك بن.

*خواستن بەرێگا جیاوازەکان.

*تۆڕو کۆمەکی هونەری بۆ گەڕانو دۆزینەوە.

*هەلی مەشقو فێربوونی کراوە.

*جێگایەکی ماددی کە ئەفراندنی مەعریفی پێشکەش بکات.

*گەیشتن بە هەموو خزمەتگوزارییە زانیارییەکان.

*خزمەتگوزاریی وەرگرتنی دۆکۆمێنتە ئەلیکترۆنییەکان، پێویستە کتێبخانە گشتییەکان کە ئەو هەموو خزمەتگوزارییە پێشکەش دەکەن بەشێك بن لە تۆڕەکانی کتێبخانەی تر بەفراوانی، هەرچۆن دەبێت هاریکاریی لەگەڵ خوێندنگاو کۆلیجەکانو دامەزراوی تر بکەن.

ستراتیجی پێویست ئەوەیە کە کتێبخانە بگاتە سەرچاوە چاپکراوەکان، لەگەڵ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان، هەروەها پێویستە سوودمەندان رابهێنێت بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکان، بۆماوەی دووریش کتێبخانەی گشتی دەبێ بەرهەمهێنێتو زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە، کتێبخانەی گشتی رووبەکی ستراتیجی هەیە کە پەیوەستە بەخزمەتگوزارییەکانیەوە، ئەویش لە چوار رووەوەیە:

-مەڵبەندی رۆشنبیرییە.

-کتێبخانەی فێربوونو فێرکردنە.

-سەنتەری زانیاریی گشتییە.

-مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتیی بەنرخە.

لەلایەکی تریشەوە، تێڕوانینێکی ئەمریکی هەیە بۆ پەیوەندیی کتێبخانەی گشتی بەئینتەرنێتو بونیادی زانیاریی نیشتمانییەوە:

*سەنتەرێکی تۆڕئاسای نەهێشتنی نەخوێندەوارییە، مەشقو فێرکردنی کۆمەڵی لەئەستۆدایە بۆ چۆنێتی فێربوونی ئینتەرنێتو پەیداکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی ئەلیکترۆنی.

*سەنتەرێکی گەردوونی زانیارییە ئەلیکترۆنییەکانەو لەکاتی پێویستدا خزمەتگوزاریی خۆی پێشکەش بەئەندامانی کۆمەڵگا دەکات، ئەویش لەرێی تۆڕەکانی زانیاریی جیهانییەوە.

*پەیوەندیی بەزانیارییە حکومییەکانەوە هەیە بەمەبەستی گەیشتن بە زانیارییە ئەلیکترۆنییە ناوچەیی‌و ویلایەتی‌و فیدراڵییەکان.

*ناوەندێکی ئەلیکترۆنییەو بەدرێژایی ژیان هەلی فێرکردنی کۆمەڵگا دەڕەخسێنێت.

*سەنتەرێکە بۆ سوودی هەمووان.

*سەنتەرێکی ئابوورییە، کتێبخانەی گشتی زانیاریی سەبارەت پلەی کارو پڕۆژە بچووکەکان رادەگەیێنێت‌و هانی بەشداریی نێوان خزمەتگوزارییە ناوچەیی‌و کۆمەڵگاییەکان دەڕەخسێنێت.

ئێستا کتێبخانە گشتییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا سەرپەرشتی تۆڕە بێبەرامبەرەکان دەکەن، بۆ سوودی ئەوانەی لەڕووی داراییەوە لەتوانایاندا نییە سەرچاوە زانیارییە ئەلیکترۆنییەکان لەرێی تۆڕەکان‌و بەتایبەت ئینتەرنێت بەکاربهێنن.

بەرپرسیاریی کتێبخانەی گشتی لە ئەستۆی دەسەڵاتە ناوچەیی‌و نەتەوەییەکاندایە، پێویستە لەرێی یاسای دیاریکراوەوە پشتگیریی لێ بکرێت، هەروەها دەبێت لەلایەن حکومەتە نەتەوەیی‌و ناوچەییەکانەوە کۆمەکی ماددیی بکرێت، بەوشێوەیەش دەبێتە پێکهاتەیەکی سەرەکیی لە ستراتیجی درێژخایەن بۆ رۆشنبیری‌و لەناوبردنی نەخوێندەواری‌و فێرکردندا.

بۆ ئەوەی کتێبخانەی گشتی ئامانجەکانی بهێنێتە دیو رۆڵی خۆی بەباشی ببینێت، پێویستە سەرچاوەکانی زانیاریی بەهەر شێوەیەك بن دابینیان بکات، پاشانیش کاربکات بۆ رێکخستنیانو ئامادەکردنی کەرەستەکانی هێنانەوە بەردەستیان بەهۆی تازەترین تەکنیکە گونجاوەکانەوە، هەرچۆن پێویستە چالاکیی جۆراوجۆری دیکەش بنوێنێت، هاوکات بازنەی خزمەتگوزارییەکانی فراوان بکاتو هەموو ولات بگرێتەوە، پێویستە بۆ پەیوەندیی گشتی خاوەن بەرنامەی کارابێتو بەشداریی سەنتەرو دامەزراوە رۆشنبیرییەکانی تر، بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەواو بۆ کۆمەڵگا بکات.

٣-کتێبخانە گشتییەکان لەنێو جۆرەکانی کتێبخانەکاندا:

دامەزراوی کتێبخانەو زانیارییەکان بەسەر سێبەشی سەرەکیدا دابەشدەبن:

أ-دامەزراوە مەیدانییەکان، ئەوانەن کە کارکردنیان لەبواری پسپۆڕیدایە، ئیتر لە رێکخستنی سەرچاوەی زانیارییەکاندا بێت، یان خستنەبەردەستیان لەپێناوی سوودی گشتیدا.

بەشی یەکەمی ئەم دامەزراوە بە (رێکخستنی بیبلیۆگرافی ناودەبرێتو بەشی دووەمیشی بە دامەزراوی دابینکردنو بەکارهێنان)، کە کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە لەخۆدەگرێت.

ب-دامەزراوە ئەکادیمییەکان، کە بایەخ دەدات بە ئامادەکردنو راهێنانی پسپۆڕی پێویست بەمەبەستی کارکردنیان لە کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریدا، هەرچۆن تایبەتمەندە بە ئەنجامدانی توێژینەوە لە بوارەکانی کتێبخانەو زانیارییەکاندا.

ج-دامەزراوە پیشەییەکان، ئەوانەن کە سەرجەم پسپۆڕانی کتێبخانەو زانیارییەکان کۆدەکەنەوەو بەرپرسن لە مافو ئەرکەکانیان، ئەمانەش هەمیشە لەشێوەی کۆمەڵـەو ڕێکخراوی پیشەییدا دەبن.

کاری کتێبخانە گشتییەکان لە لوتکەی دەسەڵاتی باڵای زانیـاریو کتێبخانـە لـە وڵاتدا، ئیتر ناویان هەرچییەك بێت، بەرپرسن لە پلاندانانو ڕێکخسـتنو سەرپەرشـتیی کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

کتێبخانەی سەروو هەموو کتێبخانەکان لەوڵاتدا (کتێبخانـەی نیشـتمانی)یە کـە بەکتێبخانەی دەوڵەت دەناسرێت، کە بەرپرسە لە دابینکـردن و پاراسـتنی بەرهـەمی هزریی نیشتمانی یە و سەرچاوە گرنگە جیهانییـەکان، ئـەم کتێبخانەیـە بڵاوکـراوەی بیبلیۆگرافی دەردەکاتو لەهەر وڵاتێکدا یـەك کتێبخانـەی نیشـتمانی هەیـە، بـەڵام هەندێ کتێبخانەی تر لە پسـپۆڕیی تایبەتـدا بەشـداریی دەکـەن، وەکـو کتێبخانـەی نەتەوەیی بۆ پزیشکی، یان کشتوکاڵی.

دوای ئەوانیش کتێبخانەی تایبەتمەند دێت کە بەرپرسە لەو سەرچاوانەی سـەبارەت بابەتێکی دیاریکراون لە بوارەکانی زانیاریی مرۆییدا.

بەڵام کتێبخانەی زانکۆو پەیمانگاکان لە خزمەتی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادان، ئیتر زانکۆ بن یان کۆلیج یان پەیمانگا، ئەوان سەرچاوەی ئەوتۆ دابین دەکەن کە تایبەتن بەخوێندنیانو توێژینەوەی زانستی خوێندکارانو دەستەی مامۆستایان.

کتێبخانەی خوێنـدنگاکانیش لـەپێناوی منـداڵی باخچـەی سـاوایان تـا دەگـات بەخوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی دەکرێنـەوە، لەگـەڵ سەرچـاوەی تـر کـە خزمـەتی چالاکییەکانی خوێندکارو مامۆستایانو کارمەندان بکەن.

کتێبخانەی گشتی پەیوەندی توندوتۆڵی هەیە بە کتێبخانەکانی ترەوە، چونکە لەسەرەتادا هەر ئەم کتێبخانەیە رۆڵی کتێبخانەی نیشتمانیی دیوە، بۆ نموونە کتێبخانەی (خدیوی) لە میسر هەر لە دامەزراندنیەوە رۆڵی هەردوو کتێبخانەی گشتیو نیشتمانیشی بینیوە.

هەرچۆن بەشداریی کتێبخانەی تایبەتمەندیش دەکات لە هەندێ چالاکیدا، بەڵام کتێبخانەیەك کە زۆرترین پەیوەندیی هەبێت بە کتێبخانەی گشتییەوە ئەوا کتێبخانەی خوێندنگاکانە، چونکە دەبێتە پەیوەندیداری هەمیشەیی پێیانەوە گەر لەشوێنێك خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گشتی نەبێت ئەوا کتێبخانەی خوێندنگاکان ئەو کەلێنە پڕدەکەنەوە، بەپێچەوانەشەوە کتێبخانەی گشتی رۆڵی ئەوان دەبینێتو لە خزمەتی خوێندکارانی ئەو ناوچەیەدا دەبێت، هەرچۆن هەردوو کتێبخانەی گشتیو خوێندنگاکان لە کۆمەڵێك چالاکیدا پێکەوە بەشدار دەبن.

٤-شێوەی کتێبخانە گشتییەکان:

کتێبخانە گشتییەکان شێوەیان زۆرە، بەڵام بەرلەوە دەبێ بزانین کە دووچەمکی گرنگ هەیە پەیوەست پێییانەوە، یەکەمیان تۆڕی کتێبخانە گشتییەکان کە کۆمەڵێك کتێبخانەی گشتیی لەیەکچوو دەگرێتەخۆی (Public Library Network)، کە کتێبخانەیەکی ناوەندیی کۆمەڵێك کتێبخانەی فەرعی لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا دەگرێتەخۆی.

بەشێوەیەکی گشتی، کتێبخانە گشتییەکان لەم شێوانەدا خۆدەنوێنن:

١-کتێبخانەی هەرێمی، یان کتێبخانەی پارێزگا Regional Library:

کـــە خزمەتگوزارییـــەکانی لـــە چوارچـــێوەی پارێزگایەکدایـــە، وەك کتێبخانـــەی ئەسکەندەرییە.

٢-کتێبخانەی ناوەندی Central Library:

کتێبخانەیەکی سەرەکییەو لە ژمارەیەك کتێبخانە پێکهاتووە.

٣- کتێبخانە فەرعییەکان Branch Libraies:

لقـی کتێبخانەیـەکی سـەرەکی، یـان ناوەنـدین، وەك کتێبخانـەکانی دەوروبـەری قاهیرە.

٤-کتێبخانەی شار City Library:

بەجۆرێك درووست دەکرێن کە لە خزمەتی خوێنەرانی شارێکدا بن.

بۆ دانیشتووانی گوندێکی دیاریکراو.

٦-کتێبخانەی ماڵی رۆشنبیری:

کتێبخانەی لایەنێکی دیاریکراوە بۆ پەخشی خزمەتگوزاریی رۆشنبیری.

٧-کتێبخانەی منداڵان Children Libraies:

بۆ منداڵانی بەر لە تەمەنی چوونە قوتابخانە تا تەمەنی ١٥و ١٦ ساڵان.

٨-کتێبخانەکانی مەڵبەندەکانی لاوان Youth Centers Libraries:

بۆ خزمەتگوزاریی لاوان لە ناوچەی دیاریکراودا.

٩-کتێبخانەکانی ژنان Women Libraries:

بەتەنیا خزمەتگوزارییان پێشکەش بەژنان دەکەن.

١٠-کتێبخانەی مزگەوتەکان Mosque Libraries:

کتێبی هەمەجۆر لەخۆدەگرێ‌و لە مزگەوتەکاندا دادەنرێن.

١١-كتێبخانەی یانەکان Club Libraries:

بۆ خزمەتی ئەندامانی یانە وەرزشیو کۆمەڵایەتییەکان دەبن.

١٢-كتێبخانەی گەڕۆك Mobil ibraries:

ئەو کتێبخانانەن کە پشت بە ئامێرەکانی گواستنەوە، بەتایبەت ئۆتۆمبیل دەبەستن بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی بەخەڵکی گوندەکانو ناوچە دوورو چەپەکەکان، ئەم خزمەتگوزارییە بۆ منداڵو گەورەیە.

بەشی دووەم

تەلاری کتێبخانەی گشتیو کەرەستەکانی

تەلاری هەر کتێبخانەیەك ئەگەر بەباشی نەخشـەی کێشـرا بێـت، ئـەوا ڕۆڵێکـی گەورەی دەبێت لە ڕاکێشانی خوێنەران بەلای خۆیدا، تەلار بریتییە لە بەرجەستەکردنی بیرۆکەی نەخشەساز لە گوزارشت بۆ مانای پەیوەندیی، کـە یەکـەم جـار لـە فـۆرمی نەخشەو نیگاردا دادەڕێژرێتو پاشان لە فۆرمی سێ مەودایی.

چەمکی کتێبخانەی گشـتی لـەزەینی زۆربـەی ئەنـدازیارانی تەلارسـازیدا، کـەوا پەیوەندیی بەهێزیان نییە بەخزمەتگوزاریی کتێخانەییەوە، بەشێوەیەکی کۆنەو ئـەوان کتێبخانە بە پەرستگای مەعریفە دەزانن، پێییان وایە دەبـێ دووربێـت لـە جـەنجاڵیی ژیانی ڕۆژانەوە، چونکە ئەوان کتێبخانە بە گەنجینەی کەرەسـتە بەنرخـەکان دەزانـنو کارمەندانی دەیپارێزنو، زیاتر لەوەی مەڵبەندی پەخشی مەعریفەو زانیارییەکان بـن، کە ئێستا ئەم چەمکەیان باوە.

زۆربەی تەلارە کۆنەکان گونجاو نین بۆ خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی، هاوکات ناکرێ گۆڕانکارییان بۆ بکرێ بۆ مەبەستی باشتر، چونکە بەهایەیەکی شـوێنەوارییان هەیـە، ئەو تەلارانە بەجۆرێك نەخشەکێشراون کە بەتەنیا هەر بۆ کتێبخانە دەست دەدەن.

هەلومەرجی درووستکردنی کتێبخانە گشتییەکان

١-جێگا:

هەندێك لە کتێبخانە گشتییەنوێیەکان کە بەسەرکەوتوو دادەنـرێن، جێگایـان لـە شوێنە سەرەکییەکانی چالاکیی کۆمەڵدان، وەك بازاڕەناوەندکانی شارە گەورەکان، یـان شوێنەکانی دێهات بۆ بازاڕکردن، ئەو کتێبخانانە خزمەتگوزارییان بەشێوەیەکی بـاش

لەگــــەڵ چوارچـــێوەی دەرەوەیانـــدا بەڕێوەدەچـــێت، ئـــەویش بـــەهۆی پەنجـــەرە شووشەییەگەورەکانیانەوە، بەشێکی تریان بەمەبەستی سوودوەرگرتنی نەوەکانی ئایندە وەك تەلاری فراوانو لە شوێنە دوورەدەستەکانی شـاردا درووسـت دەکـرێن، تابتوانـیْ ئەركو رۆڵی خۆیان بەباشی ببینن، بـەڵام بەشـێکی تریـان لـەجۆرە تەلارێکـدان کـە زەحمەتە لەدەرەوە وەك کتێبخانە بناسرێنەوە، چـونکە شـێوەی تـەلارە بازرگانییـەکان وەردەگرن کە دەوری کتێبخانەکانیان داوە.

ئاڕاستەی باو لە ئێستا ئەوەیە کە هامشۆکەرانی کتێبخانە لەگەڵ سـەردانی تـردا سـوودیش لـە کتێبخانـە وەربگـرن، وەك چـوونەبازاڕو چوونەسـەرکارو هاتوچـۆی خوێندنگادا، کتێبخانـە لـە تـەلارە نوێیەکانیـدا، هـەروەکو شـوێنە بازرگانییـەکانی سەرشەقامەکان درووست دەکرێن، واتـە بەشـێوەیەك لەگـەڵ ئەوانـدا بگـونجێن، ئـیتر لەرووی جێگاوە بێت یـان سروشـتی تەلارەکـە، ئەمـەش وا دەکـات لای سـوودمەند پەسەندتربێت لەچاو تەلارە کۆنە شوێنەوارییەکاندا.

لەبـەرجیاوازیی کۆمـەڵگاکان لەیـەکترەوە، درووسـتکردنی کتێبخانـەکان بـەپێی خواستی ژینگەیان جیاواز دەبن لەیەکتر، کتێبخانەیەك کـە لـە ناوەڕاسـتی شـارێکدا درووست بکرێت جیاوازە لەیەکێکی تر کەوا بچووك بێـتو لـە گەڕەکێکـدا درووسـت بکرێت، هەرچۆن جیاوازیی هەیە لەنێوان کتێبخانەی لادێو شاردا.

٢-نەخشەسازیی تەلاری کتێبخانە:

شێوەی تەلار بەندە بە ژینگەی دەوروبەرەوە، لەکاتی نەخشەسازیی کتێبخانەیەکی نوێدا پێویستە جەخت لەسەر پێداویستی ئەو کۆمەڵگایە بکرێتـەوە کـە کتێبخانەکـە خزمەتی دەکات، هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە شـێوەی کتێبخانەکـە لەگـەڵ شـێوەی

باوی ژینگەکەیدا دەبنە تەواوکەری یەکتر، کە ئـەوەش دەبێتـە کاروبـاری گەوهـەریی لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گشتیدا، بەڵام جێی داخە زۆربـەی جـار ئەوانە دەدرێنە دەستی تەلارسازو پسپۆڕی کتێبخانە بێ ئاگایە لێی.

دیمـەنی دەرەوە هـانی خـەڵکی دەدات بـۆ چـوونە نـاو کتێبخانـەوە، پاشـان درووستکردنی و نەخشەسازیی نـاوەوەی وایـان لێـدەکات تیایـدا بمێننـەوەو شـارەزابن بەسەرچاوەکانی. دەبێ لەگـەڵ دەسـپێکردن بـە درووسـتکردنی هـەر کتێبخانەیـەکی گشتیی نوێدا پسپۆڕی کتێبخانە ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە بزانێت، لەگەڵ بـوونی بیرۆکەی روون بۆ شێوەی تەلارەکەو پاشان هـەموو ئەوانـە لەیەکـەم دیداریانـدا بخاتـە بەردەستی تەلارساز.

سیما بەرچاوەکان کەشی کتێبخانەکە نیشان دەدەن، قالدرمەی بەرز بۆ گەیشتن بـە دەروازەی کتێبخانەو دەرگا پـانوپۆڕو ئەسـتوورو پەنجـەرەی بـەرز کـە توانـای بیـنین نەڕەخسێنن، هەموو هۆکاری نەرێنی دەبن بۆی، هەروەها گومەزو پایەکان دەشـێ لای تەلارساز سەرنج راکێش بن، بەڵام دەبنە رێگرو دیمەنی نەشیاو لای سوودمەند.

هەرچەندە کتێبخانە بچووکەکان لەشارو گونددا کەمتر دیمەنیان دەبنە پێوانە، بەڵام دەرگای نەشیاوو شووشەی تەرزەیی و دابڕانی کتێبخانە لەشەقامەوە بـەهۆی باخچـەی نێوانیان دەبنە لەمپەر.

هەندێ جاری دیکەش گرفتـەکان دەسـتکردی خۆمـانن، جێگـای چـاودێریی بـەر دەروازەو دەرگای چوونە دەرەوەو قەتیسدانی سەرچـاوەکانی کتێبخانـە لـە بەشـەکانی خواستنو ژێدەرو منداڵاندا بەتەنیاو کەموکوڕیی لە ئامـاژە پێویستەکانداو بایەخ نەدان

بە هامشۆو هاتوچۆی ڕێکوپێکی سوودمەندان لـە نـاو تـەلاری کتێبخانـەدا هـەموو هۆکار دەبن بۆ شێواندنی تەلارو ساردکردنەوەی هامشۆکەران.

هەرچۆن دەبێ پسپۆڕی کتێبخانە چەند هـەنگاوێك بنێـت بەمەبەسـتی زاڵ بـوون بەسەر گرفتی کـەمیی سـوودمەنداندا، ئـەویش لـەو ڕووانـەوە کـە بەنـدن بەشـوێنی کتێبخانەو نەخشەو دابەشکردنی ناوخۆییەوە ئەگەر کتێبخانە لە ڕووکـاری دەرەوەیـدا پێوەی دیـار نـەبێ کـە کتێبخانەیـە ئـەوا دەبێـت تـابلۆی بـۆ دانـرێ کـە لەسـەری نووسرابێ(کتێبخانە)، هەرچەندە زۆر لە تەلارسازان دژی ئـەوەن بەنووسـین کتێبخانـە بناسرێتەوە، بەڵام نەخشەسازیی باشو دانانی تابلۆ بەشێوازی هونەرییانە دەبنە مایەی سەرنجی هامشۆکەران.

کەسوودمەند دەگاتە دەرەوەی تەلاری کتێبخانە ئەوا پێویستی بەوەیـە هانبـدرێت بۆچوونە ژوورەوە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە لە پێشکەش کردنـی خزمەتگوزارییـەکانی کتێبخانەی گشتی، چونکە زۆریان ڕانەهاتوون پێی، هەرچۆن بەشـوێنێکی بازرگـانیی نێو بازاڕ ڕاهاتوون، بەڵام بەکارهێنانی کتێبخانە جیاوازە.

باشترین ڕێگا ئەوەیە هانی خەڵك بدرێت بۆ چوونە نـاو کتێبخانـەوە، ئـەویش بـە بینینی ناوەوەی کتێبخانـەو چـۆنیتی بەڕێوەچـوونی هەنـدێ لـە کاروبارەکـان لـەڕێی درووستکردنی پەنجەرەو جامخانەی گەورە گەورە لە نهۆمی سەر زەویدا، لەگەڵ دەرگـای شووشەیی، تابتوانرێت لێوەیانەوە تەماشای ناوەوە بکرێت، لەگەڵ بەکارهێنانی جـۆرە دیکۆرێك کەوا هاندەربێت بۆ پێشوازیو سوودمەند لێی نەسڵەمێتەوە، هەرچـۆن ئـەو جۆرە تەکنیکە لە شوێنە بازرگانییەکاندا بەکاردێت.

هاوكات گەر كتێبخانە كەوتە نهۆمەكانی سەرەوە، ئەوا بیركردنەوە لە قالدرمەو ئەسانسۆركارێكی زۆر پێویستە، دەبێت لە دەروازەی كتێبخانەوە بۆ هۆڵی پێشوازیی، تابلۆو ئینجانەو سەوزایی دابنرێت، لەگەڵ رەنگی بۆیەی گونجاوو روناكیی تەواو، ئەمانە بەر لە گەیشتن بە پرسگە..

سەركەوتووترین كتێبخانە ئەوەیە كە سوودمەند بەرِوونی هەموو نەخشەی تەلارەكە ببینێت بەتەنیا لە گوزەركردنیدا بە هۆڵی پێشوازییدا، گەر وانەبوو ئەوا پێویستە رێنمایی سوودمەندان بكرێت بۆ بینینەوەی بەشە جیاوازەكانی ناو تەلارەكە.

بوونی تابلۆكانی رێنمایی كردن زۆر پێویستن، تا سوودمەند بەدیتنیان شارەزایی پەیدا بكات، بەڵام تا ئەم ساتە ئەو رێنماییانە لەشوێنە بازرگانییەكانو ویستگەكانی شەمەندەفەرو نەخۆشخانەو شوێنەگشتییەكان رۆڵی خۆیان دەبینن.

٣-نەخشەسازیی ناوەوەی:

بێگومان نەخشەسازیی ناوەوەی كتێبخانە بایەخی تایبەتی هەیە لە پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریی كتێبخانەییدا، بەكارهێنانی رەفەی كراوە هەنگاوێكی گەورەیە تاوەكو كتێبخانەكان پێشوازیی زیاتر بكەن لە سوودمەندان. لەگەڵ بەردەوام بوونی بەكارهێنانی دەروازەكانو دیاردەی چاودێری كردنی جووڵەی سوودمەندەكاندا، هەرچۆن بەكارهێنانی ئامێرەكان لە نەخشەسازیی ناوەوەدا، كە قەوارەیان بچووكەو رێگرنابن لە هاتنە ژوورەوەی سوودمەنداندا.

بەشە تەقلیدییەكان گۆڕانی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە، ئەوانیش ئەو بەشانەن كە لەگەڵ بوونی كتێبخانەگشتییەكاندا لە كۆنەوە هەبوون، واتە بەشەكانی: ژێدەر، خواستن، منداڵان، بەڵام بەشی تۆمارە دەنگییەكان كە تارادەیەك لەبەشە نوێیەكانەوە

جێگایـــەکی لـــە هۆڵـــەکانی خوێندنـــەوەی نـــاوخۆیی بـــۆ تـــەرخانکراوە، ئـــەوەش داخوازییەکارگێڕییەکان دێنێتە دی زیاتر لە پێویستیی سوودمەندان.

لەگەڵ ئەوەدا کە داخوازیی خوێنەران بۆ زانیارییەکان لەم ساڵانەی دواییدا زیادیان کردوە، بەتایبـەت لەگـەڵ زۆربـوونی ئـاڵۆزیی لەلایەنـە جیاوازەکـانی ژیانـدا، بـەڵام دەرکەوتنی کاردانەوە لەلایەن کتێبخانەگشتییەکانەوە بەشـێوەیەکی سسـتە، ئـەوەش لەگەڵ زۆربوونی نووسینگەکانی زانیارییـدا دوور لـە کتێبخانـەکان سـەلماوە، چـونکە خەڵکی بەگشتی وا دەزانن کە کتێبخانەی گشتی بەتەنیا بۆ خواستنی کتێبە.

دەشێت زۆر لە خەڵکی بزانن کـە کتێبخانـە کارئاسـانی دەکـات بـۆ ئەنجامـدانی توێژینـەوەی زانسـتیو لێکۆڵینـەوەکان، بـەڵام کـەمیان دەزانـن کـە جێگایەکـە بـۆ خزمەتگوزاریی زانیارییەکان، هەڵبـەت ئـەو جـۆرە ئاسـانکارییە لـەزۆر کتێبخانـەی گەورەو مام ناوەندیدا ئـەنجام دەدرێـن، بـەڵام هێشـتا وەك پێویسـت نییـە، هۆکـاری ئەوەشی تێڕوانینی تەقلیدییانەی بەشـەکانی سەرچـاوەکانو ژێدەرەوەیـە کـە زۆرجـار دەکەونە ناوەوە، یـان بەشـی پشـتی کتێبخانـە، بەوپێیـەی دوورە چـاونو هامشـۆی سوودمەندانیان بەسەرەوە نابێت!

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کەوا جیاوازیی لـەنێوان خزمـەتگوزاریی سەرچـاوەکانو زانیارییەکاندا بکرێـت، هـەروەها لـەنێوان سەرچـاوەکانی گـەورەو منداڵـدا، چـونکە هەریەك لەوانە داخوازیکاری تایبەتی خۆیانیان هەیە.

کاتی ئەوە هاتووە بەشی خواستن لەبەشی پێشەوەی کتێبخانـە گشـتییەگەورەکاندا نـەهێڵرێت، تـاوەکو بتـوانن بایـەخی زیـاتر بدەنـە پێشـکەکردنی زانیـاری گشـتیو گەشـتوگوزاریو مـەدەنیی لـەرێی سـەنتەرەکانی زانیارییـەوە، ئەگـەر سـەنتەری

زانیارییـەکان لـە بەشـی پێشـەوەی کتێبخانـەدا بێـت ئـەوا هامشـۆکەر هـەر لـە چوونەژوورەوەیدا دەیبینێو سوودی لێ وەردەگرێت.

ڕێکخستنی ناوەوەی کتێبخانە، ئەگەر لقێکی بچـووکی کـراوەو دابەشـنەکراوبێت بەسەربەشـەکاندا، یـان کتێبخانەیـەکی گـەورەی دابەشـکراو بێـت، دەبـێ تیایانـدا کەشەگشتییەکە ببینرێتەوە، کەدیارە لە ناوچەیەکەوە بـۆ یـەکێکی تـر جیـاوازە. بـۆ نموونە لەبەشی خواستندا کەوا پێویستی بەرووبەرێکی فراوانترە تاسوودمەندان جووڵەی تەواوی تیایدا بکەن، هەرچۆن پێویستی بەسیماکانی دیکۆرو رونـاکی هەیـە. ئـەوەش بەسەر بەشی منداڵاندا جێبەجێ دەبێـت کـەوا پێویسـتی بـە رووبـەری گونجـاوە بـۆ داڕشتنی خشتەی چیرۆك بۆخوێندنەوەیان، یان خوێندنـەوەی دیکـەی خۆیـان، لەگـەڵ بەکارهێنانی بنمیچی نزمتراو دانـانی کورسـییەکانیان بەشـێوەی دژەبـاو، هەرچـۆن لەبەشی سەرچاوەکاندا پێویسمان بە دیکـۆری سـادەترو رونـاکی نزمـە، جیـاواز لـەو روناکییەی لە هۆڵەکانی خوێندنەوەدا لەبەرزتردا دادەنـرێنو ئاڕاسـتەی سـەرمێزەکان دەکرێن.

دەبێ ئەوەشمان لەبیربێت، کە دیکۆری کتێبخانە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بێت، چەندە ساکاریش بێت، ئەوا جیاوازیو زینـدوویی دەبەخشـێتە نـاوەوەی تەلارەکـەیو هانی سـوودمەند دەدات هـەرخۆی هـەموو بەشـەکانی بەسـەربکاتەوە، لەوکاتانـەدا هامشۆکەر لە تواناکانی کتێبخانە، لەرووی تەلارو کەرەستەو سەرچاوەو کارمەنـدانی تێدەگاتو دەزانێت سەرچاوە بێت یان زانیارییەکان چۆن سوود وەردەگرێت.

کتێبخانە دەتوانێت رۆڵێکی دیکەش ببینێت، ئەویش هاندانی فێربـوونی خـودیی نافەرمییە، کە ئەویش دابینکردنی کەرەستەی دەوێ تا هانی ئەوانە بدات کـە خۆیـان

پەروەردە دەكەنو بەئاسانی بەنێو سەرچاوەكاندا بگەڕێن، ئەویش بەو واتایە نییە كە سەرچاوەكان تێكەڵ بەیەك بكەن، بەڵكو بزانن چۆن بەكاریان دێننو سیستمی بەڕێوەچوونی كتێبخانە بپارێزن.

ئەوەش پێویستی بە پراكتیزەكردنی سیستمی (ڕێنمایی ئاڕاستەكراو) هەیە لەلایەن كارمەندانەوە، لەگەڵ چۆنێتی نمایشی سەرچاوەكان، بەرەچاوكردنی ریزبەندیو ڕێكخستنیان دوای ئەنجامدانی كارە هونەرییەكان لە كتێبخانەدا.

پێویستە كارمەندی شارەزاو پسپۆڕی كتێبخانە هەر لەسەرەتاوە بەشداربێت لە نەخشەكێشانی كتێبخانەدا، ڕۆڵی ئەو وەك كەسێكی تایبەتمەندی هاوكاری ئەندازیاری تەلارساز دەبێت، لەبەرامبەردا دەبێ ئەندازیاریش ڕۆڵی ئەو بەگرنگ بزانێو راوێژی پێ بكاتو بەیەكێك لە گروپی نەخشەسازیی بزانێت، چونكە زۆر تەلاری جوان هەن كە تەلارسازانی بەتوانایان لەپشتەوەیە، بەڵام وەك كتێبخانە هەرگیز سەركەوتوونین، كتێبخانە باشەكان بە هاوكاریی توندوتۆڵی ئەو دوولایە هاتوونەتە ئەنجام، كارمەندیش دەبێ شارەزای تەواو بێت لەپیشەی خۆیداو لەكەسانی دی زیاتر بزانێت، بۆهێنانە ئارای كتێبخانەیەك كە خەڵكی دەوروبەری سوودمەندبن لێی.

٤- پاراستنی كتێبخانە:

كاتێك پسپۆڕی كتێبخانە لەگەڵ تەلارسازدا بۆ نەخشەسازیی كتێبخانەیەكی نوێ كۆدەبێتەوە، یان بۆ چاككردنی كتێبخانەیەكی كۆن، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرن كە تەلاری كتێبخانەكە بۆ ساڵانێكی زۆر ددەمێنێتەوەو خزمەتگوزاریی پێشكەش بە كۆمەڵگا دەكات.

ئەگەر کارەکەیان بەباشی مەیسەر کرد، ئەوا کۆمەڵگا سوودمەند دەبێت لەو کتێبخانەیە کە دەبێت نموونەیی بێت بۆ نمایشی خزمەتگوزارییە کتێبخانەییەکانی، گەر وانەبوو، ئەوا جوانییەکەی تەنیا لەرووە تەلارسازییەکەیدا دەڵێت.

کورتبینییە گەر نەخشەی کتێبخانەیەك لەرووی فۆرمەوە جوان بێت، بەڵام توانای مانەوەو پاراستنی لە هۆکارە دەرەکییەکانی وەك کەش‌وهەوا لاوازبێت، هەرچۆن لەناوەوەش کەرەستەو دیکۆرەکانی بەجۆرێك بن بەرگەی بەکارهێنانی زۆر نەگرن. هاوکات ئەو ماددانەی لەناوەوە، وەك بۆیاخو رووپۆشی کەرەستەکان لەناوەوەو رووکارەکانی دەرەوەی نابێت لەو جۆرانە بن کە لە هەندێك تەلاری نوێدا بەکاردێن‌و گونجاونین بۆ کتێبخانە.

هەربۆیە پێویستە لەسەر پسپۆڕی کتێبخانە لەپێناوی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ماوەی دووردرێژ، داوا لە ئەندازیاری تەلارساز بکات کە دیمەن‌و رووکاری دەرەوەی کتێبخانە بەجۆرێك بێت جوان‌و خاوێن‌و سەرنج راکێشبێ بۆ سالانی داهاتوو، هاوکات پێویستە کارمەند رێنمایی تەلارساز بکات بە ئاست‌و پلەی بەکارهێنانی تەلاری کتێبخانە، تاوەکو هەر لەماوەیەکی کەمدا رووبەڕووی لەناوچوون‌و داڕوخانی کتێبخانەو خراپبوونی کەرەستەکانی نەبنەوە.

درووستکردنی تەلاری کتێبخانە پرۆژەیەکی هاوبەشە لەنێوان پسپۆڕی کتێبخانەو تەلارسازدا، تا ئەوکاتەی تەلارەکە تەواو دەبێت، لەگەڵ تەواوابوونیدا بەرپرسیاریی کتێبخانەکە بەتەنیا دەکەوێتە ئەستۆی کارمەندەوە، هەر لە پاراستنی رۆژانەی تەلارەکەوە تادەگات بە پێکهاتەو کەرەستەکانی، چونکە زۆر کتێبخانەمان بینیوە لەکاتی کردنەوەدا لەجوانترین شێوەدا بوون، بەڵام بەهۆی بایەخ پێنەدانی پێویستەوە

لــە لایەنــە کتێبخانەییەکــەوە وردە وردە ئــەو جوانییــە نــەماوەو دواتــریش بــەجۆرێ فەرامۆشکراوەو دارِزاوە کە بەتەواویی دیمەنەکەی ناشرین بووە.

چــەند هۆکارێــك دەبنــە دیاریکــەری باشــیی، یــاخود خراپیــی خزمــەتگوزاریی کتێبخانــە، لەوانــە قــەبارەی سەرچــاوە کتێبخانەییــەکانو رووبــەری گەنجینــەکانی سەرچاوەکان، هەروەها ژمارەو توانای کارمەندەکان، لەگــەڵ جــوانیو ئاســتی بــاشو خراپی کتێبخانەکە لە درووستکردنو کەرەستەکانیدا.

لەگەڵ کردنەوەی هەر کتێبخانەیەکدا، نویێ بێ یان نــۆژەنکراوو پۆشــتەکراو، هــەر لەرِێوە چۆنێتی کتێبخانەکە دەردەکەوێتو هاندەر دەبێت بــۆ راکێشــانی ســوودمەندان بەلای خۆیدا، هەرچــۆن سەرچــاوەکانی کتێبخانــەو کارئاســانیو خزمەتگوزارییــەکان دەبنەوە هۆکاری سوودبینین، هاوکات جوانیو خاوێنیی کتێبخانەکــە رۆڵــی گرنگیــان هەیە، بەتایبەت کە زۆر لە دامەزراوە گشــتییەکاندا ئاســتی خــاوێنیی لــە پلەیــەکی نزمدایە.

مرۆڤ بەخێرایی لەگەڵ دەوروبەردا رادێت، بەڵام بەکارکردنی رۆژانــە لەجێگایــەکی وەك کتێبخانەدا زەحمەتە سەرنجی هەموو تۆزو پیسییەك بدرێت کە بەکەرەستەکانەوە، یان بەقاچی کورسییەکانو مێزەکانو دۆڵابی کتێبەکانەوە بێت، یان بەراخەرەکانــەوە، یاخود سەرنجی جێگا پەنجــەی ســەر دیــوارو شووشــەو کەرەســتەکان بــدرێت، کەواتــە ماوەیەکی دەوێت بۆ پاککردنەوەی هەموو ئەوانە، دەبێ بشزانین کە پیسیی سەر رەنگە کراوەکان زووتر دەردەکەون وەك رەنگە داخراوو تاریکەکان، بەتایبــەت لەســەر بەشــی خوارەوەی دیوارەکان، هەربۆیە دەبێت(بۆ نموونە) لەراخســتنی فــەرشو کومبارەکانــدا چەند پەنجەیەك بەلای دیوارەکاندا بەرزبکرێنەوە.

هەروەها لەکاتی هەلبژاردنی کەرەستەو کەلوپەلدا رەچاوی ئـەوە بکرێـت کامانـە درەنگ پیس دەبن‌و زووش پاك دەکرێنەوە.

دەبێ کارمەند لەوە ئاگادار بێت کە جوان راگرتن‌و خاوێنیی کتێبخانە کەمتر نییە لـە خزمەتگوزارییـە کتێبخانەییـەکان، ئـەو تەلارانـەش کـە پارێزگارییـان ئاسـانە لەئاستێکی بـاڵادا دەبـن‌و بـۆ ماوەیـەکی درێـژ سـەرنجی هامشـۆکەران رادەکێشـن، لەوکاتەشدا باشتر خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکرێن، هاوکات پێویسـتە کارمەنـد جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئەوانەی کاری پاککردنەوە دەکەن لێزان‌و راهێنراو بن.

هەرچۆن پەیوەندیی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان پاك‌و خاوێنی‌و جـوانی‌و رێکخسـتندا، چونکە هەموویان دەبنە جێبایەخی ئەو شوێنە، دیارە کـاری کارمەنـد پەیوەسـتە بـە خەڵکە هامشۆکەرەکەوە، ئیتر سروشتییە کە لەهەندێ کاتدا فشاری زۆر بکەوێتە سەر کتێبخانەو لەو کاتانەدا کاریگەریی دەکەوێتە سەر سیستمی کارو چۆنێتی رێکخستنی خزمەتگوزارییەکان.

پێویستە لەو کاتانەدا کارمەندان پارێزگاریی لە هێمنی بکەن‌و بەمێشکی ئـارام‌و کارکردنی زۆرترەوە ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن، چونکە پیشەی کتێبخانەیی پێویستی بە کەسانی زیرەك‌و کارزان‌و لێهـاتوو هەیـە، دیـارە هـەموو ئەوانـەش لـەژێر سـێبەری سیستمدا بەڕێوە دەچن‌و ئەنجام خزمەتگوزاریی گەورەی لێ سەوز دەبێت.

هەڵبەت پارێزگاریی لە تەلارە نوێیـەکان ئاسـانترە لـە تـەلارە کۆنـەکان، چـونکە زەحمەتە نەریتی کارکردنی جێگا تەقلیدییەکان هەروا زوو بگۆڕێن، بەڵام لەنوێیەکانـدا هەر لەسەرەتاوە کارکردنی نوی دەستپێدەکات‌و ئاڕاستەی کاری جیاوازی کارمەندەکان دەردەکەوێت، لەوانیشدا هەن بەسروشتی خۆیان رێك‌وپێکن‌و لەژیاندا پەیڕەوی شێوازی

باش دەکەن، ئەوانە بەرهەمی کارکردنیان زوو دەردەکەوێت، بەڵام ئەوانەی بەوجۆرە نین، دەکرێ هەڵسوکەوتیان لە کارکردنی بەردەوامدا بگۆڕێت، هەربۆیە پێویستە لە کارگێڕیی کتێبخانەوە(بەڕێوەبەرێتییەوە) پێودانەکانی کارکردنیان پێ رابگەیێنرێت، هاوکات دەبێت(لێپرسراو)، یان بەڕێوەبەر زوو زوو بەشەکان بەسەربکاتەوە بۆ دڵنیابوون لە پارێزگاریی تەلارو کەرەستەو سیستم لەخزمەتی سوودمەندا دەبێت، گەر کارمەند لەپشتی مێزەکەیەوە دابنیشێت‌و لەسەر مێزەکەی کتێب‌و کاغەز کۆمەڵ بێت، ئەوا زەحمەت دەبێ لەو جێگایەدا مامەڵە لەگەڵ سوودمەنددا بکرێت‌و ناتوانێ سۆراغی ئەوان جێبەجێ بکات، هەرچۆن سوودمەندیش ناتوانێ پرسیارەکانی ئاڕاستە بکات‌و بەباشی‌و خێرایی وەڵامیان چنگ بکەوێت.

دەبێ لەنێو کارمەنداندا سەرنجی ئەوانە بەهەند وەربگیرێت کەوا هەموو شتە وردەکانیش دەبینن، بۆ نموونە کە دەبینن بەهۆی باوە تەپوتۆز جێگایەك پیس دەکات، یان هەڵواسینی ریکلامەکان لەسەر شووشەی دەرگاکان ئەو ناوە تاریك دەکەن(کە دەبێت تەنیا بەتابلۆی ریکلامەکانەوەبن)...

دوای بەسەرچوونیشیان لێ بکرێنەوە، پاشان دەبێ سەرنجی زۆرشتی تر بدرێت، وەك رێك‌وپێکی پرسگەو وەڵامدانەوەی هامشۆکەران، کارتەکانی پێڕست‌و کارتی گیرفانی کتێبەکان، تەپوتۆزی سەر ئامێرەکانی روناکی‌و شووشەو جامخانەکان‌و گەنجینەو...تاد.

هەروەها دەبێت سەرنجی رێك‌وپێکی دانانی کتێبەکان لە تاخچنی دۆڵابەکانیاندا بدرێت‌و بڕوانرێنە ژمارەی پۆلێنی سەر لێوارەکانیان‌و بزانرێت بەروونی دیارە یان داخوراوە، هەروەها پێویستە سەرنجی پاك‌و خاوێنی کتێبخانەی گەڕۆك بدرێت‌و بزانرێت کە ناو ئوتومبیلەکە خاوێنەو دواجار کەی خاوێن کراوەتەوە؟

ئەوانە چارەسەریان ئاسانە، بەڵام فەرامۆشیان ئەنجامی باشی نابێتو رایی کردنیان بە کارمەندانی پسپۆڕو ئاسایش دەکرێتو ئەنجامیشی وێنــەی کتێبخانــە وەکــو خــۆی لەمێشکی سوودمەنداندا دەچەسپێت.

گەر کتێبخانەیەك بــەردەوام پارێزگــاریی بکرێــت ئــەوا دەبێتــە هۆکــاری ســەرنج راکێشــانی ســوودمەندەکانی و کارمەنــدیش دەتوانــێ خزمــەتی خــۆی بــەجوانیو کاریگەرییەوە تیادا بکات، هەر ئەوەش جیای دەکاتــەوە لــە کتێبخانــەکانی تــر گــەر لەئاســتی پێویســتدا نــەبن، گــەر تــەلاری کتێبخانــە خــاوێنو جــوان بــێ ئــەوا سەرچاوەکانیشی رێكوپێك دەپارێزرێن، هاوکات کارمەندیش تیایــدا خزمــەتی زیــاتر پێشکەش دەکات. لەمەسەلەی بەبازاڕکردندا لە بازرگانیدا چــۆنێتی نمایشــی کاڵاکــان رۆڵــی گــەورە دەنێــت، لەکتێبخانەشــدا کــە ئامــانج ســەرنج راکێشــانی خوێنــەرو سوودمەندە، چۆنێتی نمایشو دانانی سەرچاوەکان لەهۆڵەکانیاندا رۆڵی گرنگــی هەیــە، دەشێ خراپ دانرابنو دەشێت جوانو لەجێی خۆیان دانرابنو لەو کاتانەشدا سوودمەند بەباشی لەگەڵ سەرچاوەکاندا کارەکانی ئەنجام بدات.

هەندێ جار، لایەنی تر نمایشی کتێب ساز دەکەن، کە پەیوەندیی راســتەوخۆی بــە خزمەتگوزاریی کتێبخانەییەوە نییە، بەڵکو نمایشەکانیان بۆ وەرگرتنی زانیارییە لەسەر بایەخی کۆمەڵگا، لەهەندێ وڵاتیشدا پەیوەنــدیی تــەواو هەیــە لــە نێــوان کتێبخانــە گشتییەکانو مۆزەخانەکانــدا، مۆزەخانــەکان پێشــانگای هەمیشــەیی دەکەنــەوە بــۆ کتێبخانەکانو کارمەندانیان سەرپەرشتیو پارێزگاریی دەکەن، ئەوەش جێبایەخی تــرە بــە کتێبخانــە، هەرچــۆن درووســتکردنی گرنگیــی کتێــبو کتێبخانەیــە لــەناخی هامشۆکەرانی مۆزەخانەدا کە بایەخ بەمۆزەخانەکان دەدەن.

لایـەنێکی تـر لـە پاراسـتنی کتێبخانـە پەیوەسـتە بـە دڵنیـابوون لـەوەی خزمەتگوزارییەکان بەکۆکیو ڕێکیو تواناوە دەچن بەڕێوە، گرتنەبەری ڕێگای ڕاسـت بۆ بەڕێوەچـوونی کاروبـارە ڕۆتینییـەکانو دابەشـکردنی کارمەنـدانو پێشـوازیی لـە هامشـۆکەران لـە تـەلاری کتێبخانـەدا هۆکـار دەبـن بـۆ بەرزکردنـەوەی توانـای خزمەتگوزارییـە کتێبخانەییـەکانو تونـدوتۆڵکردنی پەیوەنـدیی کتێبخانـە بـە هاوولاتیانەوە.

چەندە کارمەند خاوەنی ئەزموونی فراوان بێت لـە دەسـتەبەرکردنی سەرچـاوەکانی کتێبخانەو ئامادەکردنیانداو نزیکیی تەواوی لە خزمەتگوزاریی کتێبخانـەو ڕاهـاتنی لەگەڵیدا، ئەوا ئەوەندەی تـر تواناکـانی زیـاد دەکـات بـۆ دیـاریکردنی میتۆدەکـانی کارکردنیو باشکردنی خزمەتی ڕۆژانەی.

ڕێکخستنی جووڵەی سوودمەندان

کاتێك سوودمەند بەمەبەستی جیاواز دێتە کتێبخانە، دەتوانی لەیەك جاردا سـەر بەچەند بەشێکدا بکات، بەوەش تێڕوانینی بۆ کتێبخانە تێڕوانینێکی باش بێت، گـەر توانی بەخێرایی بچێتە نـاو کتێبخانـەوەو چـی ویسـت بەئاسـانی دەسـتی بکـەوێت، بەخێراییش کتێبخانە جێبهێڵێت، ئەوا مەبەستەکانی هاتووەتەدی.

دەبینین چەندە ناخۆشە کەسێك لەریزی سۆپەرمارکێتێکدا بوەستێ تا پارە بـدات، یان لەریزی بانکـداو کارمەنـدانی زۆر لـەودیوەوە ببینـێ سـەرقاڵی کارەکانیـان بـن، بەهەمان شێوە کە لە پرسگە، یـان لەبەشـی خواسـتندا لـەریزدا بێـت، هەسـتدەکات کتێبخانە توانای ڕایی کردنی کارەکانی نییە.

هەرچەندە خزمەتگوزاریی کتێبخانە، لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یەکێکی ترو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام دەتوانرێ سەعاتەکانی کار رێکبخرێتو سەعاتی زیادە بخرێتە سەر کارکردن لەکاتی پێویستدا، بەڵام دەبێ رەچاوی هەستیاریی بەشی خواستن بکرێت، کە دەکەوێتە نزیك دەروازەی سەرەکیی کتێبخانەوە، گەر کتێبخانە قەرەباڵغ بوو، ئەوا دەبێت کاوەنتەرێك تەرخان بێت بۆ خواستنو یەکێکی تر بۆ گێڕانەوەیان.

پاشانیش بەکارهێنانی ئامێر بووەتە کارێکی پێویست، بەتایبەت کە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان رۆڵی گەورەیان هەیە لە جێبەجێکردنی داخوازیی سوودمەنداناو نەهێشتنی قەرەباڵغی لەنێو کتێبخانەدا.

خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گەڕۆك

پارێزگاریی لەکات لە خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گەڕۆکدا بایەخی خۆی هەیە، چونکە سروشتی بەڕێوەبردنی کتێبخانەی گەڕۆك بەجۆرێکە سوودمەندان لەناوچەیەکی کراوەدا لەچاوەڕوانیدا بن، ئیتر رەوشی ئاوو هەوا بەهەر جۆرێك بێت، ئەگەر ئوتومبیلی گەڕۆك جارێك دواکەوت، یان هەر نەگەیشتە شوێنی مەبەست سوودمەندان گرژو تووڕە دەبن. رێکخستنی ئەو خزمەتگوزارییە و راگرتنی وادەی گەیشتنی ئوتومبیلەکان، پەیوەستە بە سێ هۆکارەوە، پارێزگاریی لە ئوتومبیلو چاککردنەوەی کەموکورتییەکانی هۆکاری یەکەمن چونکە پەککەوتنی بەردەوامی دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی خزمەتگوزارییەکە، دووەم خشتەی هێڵەکانی هاتوچۆیە کە دەبێ دیاریکراوو بەپێی کاتی دیاریکراو بێت، سێیەمیش بەخششی کارمەندانە بۆ جێبەجێ کردنی خزمەتگوزارییەکە.

لــەکاتی گرفتــی ئوتومبیلەکانــدا، دەبــێ بــە تەلــەفون گروپــی ســوودمەندان ئاگاداربکرێتەوە، هەرچۆن دەبێ لەرێی رادیۆ ناوخۆییەکانەوە زانیــاریی ســەبارەت بــە پەککەوتنی ئوتومبیلی کتێبخانەو دواکەوتنی رابگەیەنرێت، هەرچــۆن بەهەڵواســینی پۆســتە، لەشــوێنە گشــتیو بازرگانییــەکان ئــەو مەبەســتە دەگەیــەنرێتو وادەی چاککردنەوەو گەیشتنی ئوتومبیل دیاری دەکرێت، پێویستە کتێبخانەی گەڕۆك بەلای کەمەوە دووئوتومبیلی هەبێت بۆ رایی کردنی کارەکانی.

پێویستە نزیك شوێنی کتێبخانەی گەڕۆك تــابلۆی رێنیشــاندەر هــەبێت، هاوکــات ئامادەکردنی بڵاوکراوەی بچووك سەبارەت بەکتێبخانەکەو وادەی کارەکــانیو شــوێنی راوەستانی ئوتومبیلی گەڕۆك، سوودی باشی دەبێت.

پێویســتە هــەر گۆڕانــێ لــە ســەعاتەکانی کــارکردنی کتێبخانەکــەدا رووبــدات، رابگەێنرێت، ئەویش لەچەند رۆژێك بەر لەگۆڕانەکان.

٥- کەلوپەلو کەرەستەکان:

پەیوەنــدی تــەواویان هەیــە بــە تــەلاری کتێبخانــەوە، چــونکە بــەبێ کەرەســتەو کەلوپەلەکان کاری کتێبخانەیی بەرێوە ناڕوات، لەوەبەر بایەخی ئەوتۆ نەدەدرا بەوانە، وا دەزانرا بە بوونی سەرچاوەو کتێبەکانو شتێك کەلوپەل، کارەکان رایی دەبــن، ئــیتر رەچاوی جۆری کەلوپەلەکان نەدەکرا.

لەم سەردەمە نوێیەدا بایەخدان بە کەلوپەلەکان زیادی کردوە، چونکە دەزانرێــت چ رۆڵێکــی هەیــە بــۆ کــاری کتێبخانــە لــە کۆمــەڵگادا، هــەروەها بــۆ بەرژەوەنــدیی سوودمەندانی کتێبخانەو ســوودوەرگرتن لــە خزمەتگوزارییــەکانی، هەربۆیــە ئــەمرۆ

گەلێك تایبەتمەندی‌و پێوانە دەبینین کە پێویستە لە کاتی پڕ کەرەستەکردنی کتێبخانەدا ڕەچاو بکرێن.

کەلوپەلی کارمەندان

پێویستە هەر کتێبخانەیەك کەلوپەلی گونجاو بۆ کارمەندەکانی دابین بکات، ئەویش لەپێناوی ڕاپەڕاندنی کاروباری کارمەندی بەشەکانی وەکو: خواستن، گەڕاندنەوەی سەرچاوە کتێبخانەییەکان، ڕێنمایی خوێنەران‌و بەشەکانی تر، هەندێك لە کتێبخانەکان ئەوەیان لەلاباشە کە خواستن‌و گێڕانەوەی سەرچاوەکان ناوەندیی بن‌و ئەنجامدانیان لە جێگایەکدا بێت لەدەرەوەی تەلاری خودی کتێبخانەکەدا، بەڵام زۆربەیان وایان بەلاوە پەسەندە ئەو کارانە لەناو کتێبخانەدا ئەنجام بدرێت، ئەوەش پێویستی بە ڕووبەرێکی باشە تا کەلوپەلی تەواوی تیادا دابنرێت، ئیتر کەلوپەلەکان بریتی دەبن لە دۆڵاب‌و مێز و جێگای دانانی کتێبەکان کە دەخوازرێن‌و تۆمار دەکرێن، هەروەها ئەوانەی دەهێنرێنەوە تا لە جێگای خۆیاندا دادەنرێنەوە.

دەکرێت بۆ کتێبخانەی بچووکی منداڵان جێگای بچووکترو کەلوپەلی کەمتر تەرخان بکرێت، بەڵام لە کتێبخانە گشتییەکاندا پێویست بە جێگایەك دەکات بە تایبەت بۆ خواستن نەخشەکێشرا بێت، تاوەکو بتوانرێ مامەڵە لەگەڵ زۆرترین هامشۆکەردا بکرێت، ئەو جۆرە نەخشەسازییە وا دەکات چاودێری هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەی سوودمەندان‌و سەرچاوە خوازراوەکان بکرێت، کەواتە پێویستە لە نزیك دەرگای سەرەکییەوە بێت کە سوودمەند هامشۆی لێوە دەکات.

باشتر وایە ئەمینداری کتێبخانە ئەو کارە ڕۆتینیانە بۆ گروپێك لە کارمەندە هاوکارەکانی جێبهێڵێت، تاوەکو خۆی بواری هەبێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سوودمەندان‌و

یارمەتیدانیان، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان، پێویست وایـە بـۆ ئـەو جێگـای ڕێنمـایی کردنـە ژوورێـك دوور لـە دەروازەی کتێبخانـەوە درووسـت بکرێـت، بـەڵام لەبەرچاودا بێتو خوێنەر بەئاسانی بیگاتێ، هەرچۆن پێویستە کەلوپەلی پێویست بـۆ ئەو جێگایەش دابین بکرێت، هەرچۆن دەبێ ئەو (نووسینگەیە) نزیك بێت لـە شـوێنی بابەتە بیبلیۆگرافیاییەکانو لیستو ڕێبەرەکان کەوا خوێنەر کاری پێیان دەبێت.

کورسییەکان

پێویستە سوودمەند بتوانێت خۆی بەرزیی کورسیو پشتەکەی ڕێکبخات، تابتوانێ بەباشی لەسەری دابنیشێتو بخوێنێتەوە، تاوەکو بەویستی خۆی پشتەکەی بۆ پێشەوەو دواوە بجولێنێتەوەو چـۆن پێـی خۆشـە دابنیشـێت. هەرچـۆن پێویسـتە جوڵاندنـەکان بەئاسانی بەدەستیەوە بێنو کورسییەکەی بەکەڵکی دانیشتنی بێت، بەوەش کتێبخانـە چالاکانەتر خزمەتی خوێنەرانی دەکات.

ژوورەکانی چالاکیی منداڵان

پڕکردنـــەوەی پانتـــایی ژوورەکـــانی منـــداڵان، لەهـــەر جێگایەکـــدابن دەبێـــت چالاکییەکانی ئەوانی تیادا بێتە دی، بەشێوەیەکی گشـتی، دەتوانرێـت کورسـییەکان بەشێوەیەکی نافەرمیی (وەك دانانی کورسییەکانی هۆڵی گەورەکان/ وەرگێڕ) دابنرێن، چونکە منداڵان بەوە دڵشاد دەبـن، بەتایبـەتیش گـەر کورسـیی منداڵانـەیان لـەبری ئەوانەی پشتیان ڕێکە، بۆ دابنرێت.

هەروەها پێویستە جێگاکان بەپێی جۆری چالاکییەکان بۆ تـەرخان بکرێـت، واتـە هەر چالاکییە بەپێی پێویستیی خۆی. گەر چالاکییەکان بـەکاری دەسـتیو کاغـەزین بوون، ئەوا دەبێ مێزەکانیان لەوانە بن کە بەزوویی خاوێن دەکرێنەوەو بە پـەڕۆی تـەڕ

بسـڕدرێنەوە، هەرچـۆن دەبـێ سەرچـاوەی ئاویـان لاوە نزیـك بێـت بـۆ دەستشـتنی منداڵەکانو کارمەندەکان، هاوکات ئەو جێگایانەی نمایشـی فیلمیـان تیـادا دەکرێـت پێویستە تاریك بکرێن، واتە لەکاتی کوژاندنەوەی گڵۆپەکاندا رونـاکی نەیانگرێتـەوە، پێویستیش دەکات لەو جێگایانەدا شوێنی تـەرخان هـەبێت بـۆ پاراسـتنی کەلوپەلـە بەکارهێنراوەکان، وەك ئامێرەکانی نمایشی فیلم.

مێزەکان

کاتێك مێزی کارمەندان دروست دەکرێت، پێویستە رەچاوی بەرزییەکەی بکرێتو لە ٢٢ تا ٤٥ ئینج بن، هەرچۆن دانـانی هەنـدێ مێـزی بـەرزتر بـۆ کـارکردنی ئـەو کارمەندانەی ئازاری پشتیان هەیە، تا بەپێوە کاری لەسەر بکەن، کارێکی پێویستە.

هەروەها پانیی مێزەکان دەبێ لە ٣٠ ئینج کەمتر نەبن.

کەلوپەلەکانی بابەتە بیستراو و بینراوەکان

بوونی بابەتی بیستراو و بینـراو لـە کتێبخانـەدا ئـەوە دەخـوازێ کـە کەلوپـەلی پێویست دابین بکرێت بۆ بەکارهێنان لەو بەشـەدا، لەوانـە مێـزی گونجـاو بـۆ دانـانی ئامێرەکان لەسەریان، هەروەها چەند ئامێرێکی وەکو: تۆماری کاسێتە دەنگییـەکانو ئامێری نمایشی فیلمەکان، ئەوانەش بەشێکیان بە پاتری کار دەکەنو بەشـی تریشـیان بەوزەی کارەبا، هەربۆیە دەبێ لە نەخشەسازیی ئەو بەشەدا دانانی جێگاکانیو دانـانی خاڵەکانی کارەبا بەهەند وەربگیرێت وەك پێویست.

روناکی

روناکی رۆڵێکی دیاری هەیە، نەك هەر لە نەخشەسازیی کتێبخانەدا، بەڵکو لەپێشکەش کردنی ئەرکەکانیشیدا، هەمیشە ئەو نەخشەسازییە بەشێوەیەکە کە کارمەندانی کتێبخانە بەباشی بەکاری بهێننو سوودمەند بن لێی.

روناکی بەتەنیا خزمەتی تەلاری کتێبخانە ناکات، بەڵکو کاریگەریشی دەبێت بۆ سەر هامشۆکەرانی کتێبخانەو وایان لێدەکات هەستێکی باشیان هەبێت بەرامبەر خودی کتێبخانە.

لەدانانی روناکیدا، لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ گۆڕان بەسەر روناکیدا هاتووە، دەبینین ئەمڕۆ روناکی بەشێوەیەکە سوودمەندان هاندەدات بۆ هامشۆی کتێبخانەو سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان.

کتێبخانەکان، وەك هەر تەلارێکی تر، لەژێر کاریگەریی مۆدێلە نوێیەکانی دامەزراندنو دانانی روناکیدایە، گلۆپەکان بەباشترین شێوە روناکی دەبەخشنو هاوکات وزەی کارەبای کەمیشیان دەوێت، زۆرجار گلۆپەکان بە بنمیچی بەرزەوە جێگیر دەکرێن تاوەکو زۆرترین تیشك دابەش بکەن، لەگەڵ ئەوانەدا رەچاوی نەخشەسازیی سیستمەکانی گەرمکردنەوەو فێنك کردنەوەی کتێبخانە دەکرێت.

لەرابردوودا دانانی روناکی بۆ هۆڵەکانی پاراستنی کتێب گرفتیان لەبەردەمدا بووە، بەڵام ئێستا ئەندازیارە تەلارسازەکانو نەخشەسازەکانی ناوەوەی کتێبخانەو ئەندازیارانی کارەبا پێکەوە پلانی ئەوەیان داڕشتووە کە دابەشکردنی روناکی لەو هۆڵانەدا بەشێوەیەك بێت کە سەرجەم دۆڵابو رەفەکانی پاراستنی کتێب دیاربنو روناکی بیانگرێتەوە.

هەرچۆن لەتەلاری کتێبخانەکاندا، بایەخی زۆر دەدرێتە پەنجەرەکان، نەك هەر وەکو سەرچاوەیەکی بینین لەهەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوە، بەڵکو وەك هۆکارێ بۆ روناك کردنەوەی زیاتر.

لەئێستادا پانتاییەکی زۆر لە دیوارەکانی کتێبخانە بۆ پەنجەرەو شووشە تەرخان دەکرێت، لەدانانی جۆری شووشەشدا رەچاوی ئەوە دەکرێت کە ئەستووربن‌و نەهێڵن دەنگ بگاتە ناو کتێبخانە.

ئامێرەکان

بەکارهێنانی ئامێرەکان لەکتێبخانەدا بووەتە کارێکی یەکجار پێویست‌و سەرجەم ئەرکەکانی کتێبخانەو خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە بەهۆی ئامێرەکانەوە رادەپەڕێنرێت، ئەمە بەروونی لە خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکاندا رەنگی داوەتەوە، ئیتر قەوارەی کتێبخانە هەرچەندە بێت‌و سەرەکی بێت یان لاوەکی.

کتێبخانە پێویستی زۆری بەبوونی ئامێرەکانی کۆمپیوتەرە، هاوکات پێویستی بەوەیە بەشداربێت لە سیستمە کۆمپیوتەرییەکاندا بۆ کاری پێڕست‌و خواستن‌و کارە رۆتینییە رۆژانەکانی تر.

ئامێرەکان پێویستیان بەجێگای گونجاوی خۆیان هەیە تا دابنرێن‌و کاریان لەسەر بکرێن، هەروەها دەبێت لەو جێگایانەدا کە دادەنرێن کەشی گونجاو دابین بکرێت، لە سەرچاوەکانی گەرمی‌و ساردیی، هەروەها لەبوونی سەرچاوەکانی وزەی کارەباو هێڵی تەلەفۆنی، دەبێت شاشەی کۆمپیوتەرەکان لە روناکیی راستەوخۆ بپارێزرێن.

هەرچەندە جێگرەوە بۆ پێڕستی کارتەکان داهێنراوەو سوودمەند بەهۆی کۆمپیوتەرەوە مەبەستەکانی دێنێتە دی‌و ئەوەش پانتایی بۆ کتێبخانە گێڕاوەتەوە،

بەڵام پارێزگـاری لـەو جـۆرە پێڕسـتە دەكرێـت تـا بەیـەكجاری دەگۆڕێـت بەشـێوەی كۆمپیوتەری.

ئەم سیستمە نوێیە هەلی باشتر دەڕەخسێنێ بۆ خوێنەرانو كارمەندان لەیەك كاتدا كارەكانیـان بەباشـترین شـێوە بـەرن بـەڕێوە، هەڵبـەت سـاڵانی ئاینـدە سیسـتمە راستەوخۆكان دەبێتە بنەمای كارو كاروبارەكان خێراترو گونجاوتر بەڕێوە دەچن.

بەكارهێنانی سەرچاوەكان وەك ژێدەرو رێبەری ئەلیكترۆنی لەكارەكانی توێژینـەوەو بیبلیۆگرافیادا، وایانكردوە رووبەری گەورەتر تەرخان بكرێت بـۆ خزمەتگوزارییـەكانی ژێدەرو رێبەرەكان.

لەهەندێك لەكتێبخانەكانـدا چـاودێریی سەرچـاوەكانی زانیـاریی جـۆرە كـارێكی تایبەتە، هەربۆیـە پێویسـتی بـە رووبـەرێكی جیـاو داخـراو هەیـە، ئـیتر لەشـوێنی ژێدەرەكاندا بێـت یـان لەشـوێنی كـاری كارمەندانـدا، دیـارە سـوودمەندیش یـاخود راستەوخۆ سوود لەجێگای سەرچاوەكانو سەرچـاوەی مەبەسـتی وەردەگرێـت، یـاخود لەرێی كارمەندی كتێبخانەوە.

هەنـدێك كتێبخانـەی گشـتی چـەند كۆمپیوتـەرێك بـەجیا تـەرخان دەكـەن بـۆ بەكارهێنانی سوودمەندان، بەتایبەت كە ئـەوە بووەتـە خزمەتگوزارییـەكی بـەربڵاوو دەركەوتووە سوودمەندان حەز بە بـەكارهێنانی كۆمپیوتـەر دەكـەن لـە كتێبخانـەدا، دەتوانرێ كۆمپیوتەرەكان بـەو بەرنامانـە كاربكـەن كـە لەلایـەن كتێبخانـەوە بۆیـان دادەنرێت، یان خودی سوودمەند بۆیان دادەنێن.

بەڵام ئەو کتێبخانانەی بەشداریی دەکەن لەگەڵ دامـەزراوی تـردا لـەڕێی ئـامێری کۆمپیوتەری سەرەکییەوە لەناو کتێبخانەدا، ئەوا دەکەوێتـە ژێـر چـاودێریی تـەواوی کتێبخانەکەوە.

هەروەها بـوونی چـەندین هێڵـی تەلـەفۆن لـە کتێبخانـە گشـتییەکاندا کـارێکی پێویسـتە، هەرچـۆن زیـادبوونی بـەکارهێنانی کۆمپیوتەر(ئینتـەرنێت)و فـاکس لـە کتێبخانەدا ئـەوە دەخـوازێ ژمـارەی هێڵـەکانی تەلـەفۆن زیـاتر بکـرێن، پێویسـتە خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی لەچەند جێگایەکی جیاوازی ناو کتێبخانەدا بەڕێوەببرێت.

پارێزگاری لە ئاگر کەوتنەوە

بوونی ئامێرەکانی ئاگادارکردنـەوەو ئـاگر کوژاندنـەوە لـە کتێبخانـەدا کـارێکی یەکجار پێویستەو نابێ ئەم لایەنە فەرامۆش بکرێت.

لەئێستادا سیستمەکانی فریاکـەوتنی ئـەو حاڵەتـەو پاراسـتنی سەرچـاوەکان لـە سووتانو لەناوچوون بەجۆرێکە کە لە کۆندا وا نەبووەو سیستمی پێشکەوتوو دانراوە بۆ بەرگرتن لەو مەترسییە، کتێبخانەکان لە هەوڵی ئەوەدان لە ئاگرکەوتنەوەدا سیستمی کوژاندنەوە بە گاز بێت نەك بە ئـاو، تـا سەرچـاوەکان خـراپ نـەبن، هەرچـۆن ژووری کۆمپیوتەرەکانو جێگاکانی پاراستنی کتێبە دەگمەنەکان هەستیارانە تـر مامەڵـەیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ بەدووربوون لەو مەترسییە.

بەشی سێیەم

ڕێکخستنی کتێبخانە گشتییەکانو بەڕێوەبردنیان

ڕێکخستنی کتێبخانە گشتییەکانو بـەڕێوەبردنیان لـە کـارە هـەرە گرنگـەکانن، چونکە ژینگەی کارکردنو باش ڕێکخراو هۆکاری کاریگەرە بۆ ئاکـارو هەڵسـوکەوتی کارمەندان، ئەوەش بەپیادەکردنی سیاسەتی کارگێڕیو بەڕێوەبردنی کاروبارەکان ئەنجام دەدرێت.

پێویسـتە بەڕێوەبـەرێتی کارایانـە زانیارییـەکان بخاتـە بەردەسـتو بـوار بداتـە کارمەندان بەشداریی لە بڕیارەکاندا بکەنو بایەخ بدەنە نوێکردنەوەو داهێنان.

١- ڕێکخستنی کارگێڕی:

ژمارەی کارمەندان چەندبنو توانایان هەرچۆنێك بێت، دەبێ ڕێگایەکی دیـاریکراو بگرێتەبەر بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان، پێویستە بەلای کەمەوە چوار کارمەند دیـاری بکرێت وەك جێگرەوە لەکاتی پێویستدا کارەکان ڕاپەڕێنن.

هەڵبەت ڕێکخستنی کـارگێڕیی هـەر کتێبخانەیـەکی گشـتی بـەپێی قـەوارەیو ژمـارەی سەرچـاوەکانیو دابەشـکردنی بـەشو یەکـەکانی دەبێـت، ئەوەشـە دەبێتـە سەرچاوەی بەڕێوەچوونی کارەکانو پەیوەندییەکانی کتێبخانەکە، ئـەو ڕێکخسـتنە لـە کتێبخانەدا بەشێوەیەکی سێ کوچکەیی دەبێت، لوتکەی ئـەو سـێ کوچـکەیە بریتـی دەبێـت لـە لیژنەیـەك کـە ڕۆڵـی ڕاوێژکارانـە دەبینێـت بـۆ بـەڕێوەبردنی سیاسـەتی کتێبخانەکە، دوای ئەوان بەڕێوەبەری کتێبخانە دێت کە بەرپرسـە لـە جێبـەجێکردنی سیاسـەتی کتێبخانـەو بـەڕێوەبردنی بەشـێوەیەکی ڕۆژانـە، هـەروەها بـەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانو چالاکییەکان کە لەکتێبخانەدا ئەنجام دەدرێن، لەگـەڵ کاروبـاری کارمەندانو ئاگاداربوون لە سەرچاوەکانو کەلوپەلەکان.

دەکرێت جێگرێك بۆ بەڕێوەبەر دابنرێت لەگەڵ سکرتاریەت، دیارە ڕێگای بـاو بـۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان بەپێی ئەرکی هەریەك لە کارمەندان دەبێت، واتە:



ڕێکخستنی کارگێڕی لە پێکهاتەی کتێبخانەی گشتیدا

هەڵبــژاردنی سەرچــاوەکانو دابینکردنیــان، پێڕســتو پــۆلێن، خزمــەتگوزاریی ژێدەرەکانو زانیارییەکان، خواستنو...تاد، بۆ هەر بەشــەش لێپرســراوێك دادەنرێــتو دەکرێت هەر بەشەش بەسەر چەند لقێکدا دابــەش بکرێــت، ئــەویش بــەپێی سروشــتی کتێبخانەکە (بڕوانە پەیکەری ڕێکخستنی کارگێڕیی بۆ پێکهاتەی کتێبخانە).

لەگەڵ گەورەیی کتێبخانەدا پێویست دەکات بەشو یەکەی تر زیاد بکرێت، ئەویش بۆ بەرژەوەندیی سوودمەندان، وەکو بەشی منداڵان، یان بەشی سەرچــاوەکانی بیســتنو بەوشێوەیە.

هەرچۆن لەکاتی پێویستدا لقی دیکە بۆ کتێبخانەی گشتی دەکرێتەوەو پەیکــەری کارگێڕیی بۆ دادەڕێژرێت، بەڵام ئەو کتێبخانانە بچووك دەبنو پەیکەریان جیاواز دەبێ لە کتێبخانە گەورەو سەرەکییەکان.

٢- کارمەندان:

ڕەگەزی مرۆیی لــەگرنگترین ڕەگــەزەکانن بــۆ بــەڕێوەبردنی کتێبخانــەی گشــتی، ســەرکەوتنی کتێبخانــە بەنــدە بــە ژمــارەی پێویســتیی کارمەندانــەوە کــە توانــای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کتێبخانەیان هەبێت.

ژمارەی کارمەندانی هەر کتێبخانەیەکی گشتی پەیوەستە بەسێ هۆکارەوە:

١- کۆی دانیشتووانی ئەو ناوچەیەی کتێبخانەکەی تیادا دەبێت.

٢- قەوارەی بەپیرەوەچوون بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی کتێبخانە.

٣- فراوانی خزمەتگوزاریی کتێبخانە بۆ خوێنەرانی.

بەپێی پێودانی یەکێتی نێودەوڵەتیی کۆمەڵــەو دامــەزراوە کتێبخانەییــەکان یــەك کارمەند بەشی خزمەتکردنی ٢٥٠٠ هاووڵاتی دەکات، بەڵام لەوڵاتە دواکەوتووەکانــدا

ئەو ڕێژەیە دەگۆڕدرێت، چونکە دانیشتووان زۆرەو ژمارەی نەخوێندەوار زیاترەو چالاکیی وایش نانوێنرێت کە هامشۆکەر هانبدرێت بۆ چوونە کتێبخانە، هەربۆیە پێشنیاز کراوە یەك کارمەند بۆ خزمەتی ١٠ هەزار هاووڵاتی دابنرێت لە شارەکانداو یەك کارمەندیش بۆ ٥ هەزار هاووڵاتی لە یەکە کارگێڕییە بچووکەکاندا.

کارمەندی کتێبخانە گشتییەکان بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبن:

أ- ئەوانەی دەرچووی زانکۆن لەبواری کتێبخانەکاندا، کە کاروباری هونەریو خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان رادەپەڕێنن، ئەویش لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەری کتێبخانەدا، کە دەبێت خاوەن خەسڵەتی سەرکردایەتیو بەڕێوەبردن بێت، ئەمە بێجگە لە توانای هونەریی.

ب- گروپی کارمەندە نائامادەکان کە زۆربەیان دەرچووی قۆناغی ناوەندین، ئەوانە کاری یاریدەدەری رادەپەڕێنن.. لەو کتێبخانانەدا کە بایەخ بە خزمەتگوزاریی کتێبخانەی منداڵان دەدرێت پێویستە کارمەندێك هەبێت تایبەتمەندو شارەزا لەو خزمەتگوزارییەدا، بەڕای(ماك کۆلفین) کارمەندی لەو جۆرە بۆ منداڵ گرنگترە لە کارمەندی کتێبخانەی ئاسایی، چونکە لە دووەمیاندا زۆربەی خوێنەران دەتوانن خۆیان خزمەتی خۆیان بکەن بەباشی هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام منداڵان پێویستیان بەکەسێکە یارمەتییان بداتو بەرەو کتێبخانەکە رایانبکێشێتو خۆشەویستی بکات لایان.

بۆچوونێکی تریش هەیە کە داوا دەکات کارمەندی لێزان بۆ کاری دیکەی پسپۆڕیی لە کتێبخانە گشتییەکاندا دابین بکرێت، وەکو کارمەند بۆ بەشی مێردمنداڵو لاوان، پسپۆڕی زانیارییەکان، پسپۆڕی بابەتیی سەرچاوەکان، پسپۆڕی کتێبخانەی گەڕۆك.

توێژینەوەیەکی نوێش، باس لە رۆڵی کارمەندی کتێبخانەکان دەکات لە گۆڕانکارییەکاندا، کە سێ خاڵن و پێویستە کتێبخانەکان سەرپەرشتی ئەو گۆڕانکارییانە بکەن، ئەوانیش:

١- پێویست بوون بە نەهێشتنی نەخوێندەواریی بواری زانیارییەکان.

٢- گەشەکردنی خێرا لە تەکنەلۆجیادا.

٣- گۆڕان لەخەسڵەتی بەرهەمهێنانی زانیاریدا.

کەوا یەکەمیان خۆی لە کارزانیی بواری رێکخستنی زانیارییەکان و گەڕان بەشوێنیاندا دەبینێتەوە، دووەمیشیان لە بەکارهێنانی لێزانانەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکاندا دەبێت، هەروەها رێکخستنی سیستمی زانیارییەکان، سێیەمیش باش بەکارهێنانی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە کە لەنێوان تێکست و سەرچاوە دەنگی و وێنەییەکاندان.

پێویستە کارمەندی کتێبخانە پسپۆڕبێ لە بوارەکەیداو بڕوانامەی ئەو بوارەی هەبێت، چ بەکالوریۆس و چ دیبلۆم، لەگەڵ ئەوەشدا مەشق و فێربوونی بەردەوام فاکتەری سەرەکین بۆ پێگەیاندنی کارمەندان.

کردنەوەی خولی تایبەتمەند یەك لە رێگاکانە بۆ گەشەی کارمەند، بەڵام دەبێ خولەکان بەباشی ئامادە بکرێن و بەڕێوە ببرێن، تیایاندا نوێترین زانیاریی بە بەشداران بوترێتەوەو ئاگادار بکرێن لە کارکردن لەژێر سایەی ئامرازو میتۆدە تەکنەلۆجییە نوێیەکاندا.

هەرچۆن پێویستە کارمەندی کتێبخانە بەشداربێ لە ئەڵقە رۆشنبیرییەکان و کۆنگرەو سیمینارو وۆرك شۆپە تایبەتەکان بەبواری کارکردنیان. لەگەڵ سەردانی

کتێبخانەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان، لەگەڵ هاندانیان بۆ نووسین لە خولاوەو بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانو ئامادەکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەبواری زانیاریو کتێبخانەکاندا.

٣- ڕێساکانی کارکردن:

کارکردنو پێوانەی خزمەتگوزارییو بەخشش لە کتێبخانە گشتییەکاندا پشت بەچوار خاڵ دەبەستێت:

أ- پێوانەی کتێبخانە گشتییەکان Standards:

هەر پێوانەیەکە دەبێتە هەڵسەنگێنەری خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەو بەڕێوەچوونی بەرنامەکانی، ئەو پێوانانەش لەلایەن ڕێکخراوی پیشەیی کتێبخانەکان یان دامەزراوە حکومییە دیاریکراوەکانەوە دادەڕێژرێنو ڕەنگدانەوە دەبن بۆ داخوازیی نموونەیی لە بەڕێوەچوونی کاروباری کتێبخانەکاندا.

لەو پێوانانەدا بایەخ بەلایەنی ژمارەیی دەدرێت، ئەویش وەك ژمارەی کارمەندان، ژمارەی کتێب، ژمارەو قەوارەی بەشە خزمەتگوزارییەکان، هەروەها ئاستی زانیارییە تۆمارکراوەکان.

ساڵی ١٩٨٦ یەکێتی نێودەوڵەتیی کتێبخانەکان(IFLA) ڕێنمایی بۆ کتێبخانە گشتییەکان ڕاگەیاندوە کە دەبێ کاری لەسەر بکرێت. هەرچۆن ساڵی ١٩٩٣ کۆمەڵەی کتێبخانە بەریتانییەکان بەڵگەنامەی کتێبخانە گشتییەکانی ڕاگەیاندوە کە تیایدا ڕێسای کاری کتێبخانەکان دارێژراوە.

ب-یاساکانی کتێبخانە گشتییەکان Public Library:

ئەلێکس بۆید لەوتارێکیدا سەبارەت کتێبخانە گشتییەکان ئاماژەی بەوە کردوە کە هەر ویلایەتە لە ئەمریکا یاسای کتێبخانەی گشتیی خۆی هەیە، کە تیایدا بنەمای یاسایی دامەزراندنی کتێبخانەکانو بەڕێوەبردنیانو باجەکانیان دیاریکراوە.

ساڵی ١٩٥٦ کۆنگرێسی ئەمریکی یاسای خزمەتگوزارییە کتێبخانەییەکانی راگەیاندوە کە تیایدا پێ لەسەر گەیاندنی کتێبخانە بەناوچە گوندنشینەکان داگیراوە.

ج-گەلاڵەنامەی کتێبخانە گشتییەکان Library Rules:

ئەمیان لەئاستی یاسادانی کتێبخانەکان بەرەو خوارترە، تیایدا ژمارەیەك خاڵ دیاریکراون کە دەبنە بنەمای کارکردن لە کتێبخانەکاندا، وەك ئەرك‌و پسپۆڕییەکان، بۆ نموونە گەلاڵەنامەی کتێبخانەی قاهیرە، کە تیایدا باس لە کارەکەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن‌و کۆبوونەوەکانی، بەڕێوەبەرو دەسەڵاتەکانی، بودجەی کتێبخانەو..تاد، کراوە.

د- رێبەری کاروباری کتێبخانە

Policies and procedures:

کە بریتییە لە رێبەری کاروبارەکان‌و ئاڕاستەو سیاسەتی بەڕێوەبردنی کتێبخانە، لەگەڵ راهێنانی کارمەندە نوێیەکان.

ئەم رێبەرە وەك سەرچاوەی کاری کتێبخانە وایەو وەڵامی هەر پرسیارێکی تێدایە سەبارەت کاروبارەکان‌و یەکەکانی کتێبخانەو پسپۆڕییەکان.

دەبێ لەم رێبەرەدا ئەم زانیارییانە هەبێت:

* بەرنامەی هەڵبژاردنی سەرچاوەکان.

* ماف‌و ئەرکی کارمەندان.

* وەرگرتنی دیاریی بۆ کتێبخانە.

* ماوەی خواستن‌و سزای درەنگ گەڕاندنەوەی کتێبەکان.

* سکالاّکان.

* ئەنجوومەنی کتێبخانە.

٤- بودجە:

ئەو بڕە پارەیەیە بۆ کتێبخانە دابین دەکرێت، ئەویش دوای ڕەزامەندیی لەسەر داواکارییەکانی، لەبەرئەوەی خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکان بێ بەرامبەر، هەرچۆن لە بەیاننامەی یۆنسکۆدا هاتووە، کەواتە خزمەتگوزارییەکان بۆ هەموو کەسێك دەبێ بەبێ جیاوازیی تەمەن‌و ڕەگەزو ئایین‌و ڕەگەزنامەو زمان‌و باری کۆمەلاّیەتی.

د. اسامة السید محمود لە توێژینەوەیەکیدا سەرچاوەکانی داهاتی کتێبخانە بە دابینکردنی دارایی حکومەت‌و هەر پشتیوانییەکی ترو وەرگرتنی دیارییە چاپکراوەکان دیاری دەکات.

هەرچۆن لە کتێبخانەکاندا بۆ دەوڵەمەندکردنی بودجە سوود لە پارەی دیارییەکانی ئەنجوومەنە ناوچەییەکان‌و بییانییەکان دەبینرێت، لەگەڵ پارەی خزمەتگوزارییەکانی وەك: کردنەوەی خولی تایبەت بە کۆمپیوتەرو وێنەگرتن‌و بەشداریی سالاّنەو بەکارهێنانی توێژینەوەکان لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا.

بەشی چوارەم

کارە هونەرییەکان لە کتێبخانە گشتییەکاندا

لــەرووی چارەســەری سەرچــاوە کتێبخانەییەکانــەوە، دەتوانرێــت کــارە هونەرییــە ســەرەکییەکان لــە کتێبخانــە گشــتییەکاندا دابەشــبکرێت بەســەر چــەند بەشــێکی ســەرەکیدا، ئــەوانیش: سەرچــاوە بەدەســتهێنراوەکان، پێڕســتو پــۆلێن، چارەســەری ئەلیکترۆنی، پارێزگاریو بەرگ تێگرتن.

پێویستە کتێبخانە گشتییەکان بەخێرایی کار لەگەڵ کتێــبو سەرچــاوەکانی تــری زانیاریدا بکات، ئەویش بۆ وەڵامدانەوەی خواستی سوودمەندان، هەرچــۆن زیــادبوونی بەرچاو و گەشەکردنی سیســتمی کتێبخانــە گشــتییەکان بــۆ بــەکارهێنانی سەرچــاوە نوێیــەکان کــارێکی کــردوە بەباشــی رۆڵــی کتێبخانــەی گشــتی وەك سەرچــاوەی زانیارییەکانو رۆشنبیریو کات بەسەربردنو خۆشبەسەربردن دەربکەوێت.

شتێکی سروشتییە کەوا کتێبخانەی گشــتی لــە زیــادکردنی سەرچــاوەی نــوێ بــۆ کۆمەڵە سەرچاوەکانی تووشی گرفتی تایبەت ببێت، هەرچۆن لەگــەڵ دوورخســتنەوەی سەرچاوە کۆنو کەم بەکارهێنراوەکاندا تووشــی هــەمان رەوش دەبێــت، کــە پێویســتە کتێبخانەی گشــتی لــەم رووەوە بەپێچــەوانەی کتێبخانــەی نەتــەوەییو زانکۆکانــەوە سیاسەتو پلانی خۆی هەبێت. هاوکات پێویســتە کتێبخانــەی گشــتی بەشــێوەیەکی تایبەت بایەخ بەو میتۆدانە بدات کە لە رێیانەوە سوودمەند بەباشیو ئاسانی دەگەنــە سەرچاوەکانی، ئەویش بە بەکارهێنانی میتۆدە هونەرییە کاریگەرەکان.

لەکاتی پلاندانانی سیستمی نەتەوەیی بۆ زانیارییەکان، پێویســتە جــەخت لەســەر بوونی هاوکاریی توندوتۆڵ بکرێت لە بواری خزمەتگوزارییــە هونەرییەکانــدا لــەنێوان کتێبخانەی گشتی لەلایەكو کتێبخانەی نەتەوەییو کتێبخانەی زانکۆکــان لەلایــەکی ترەوە، بەجۆرێ میتۆدی کاری بنچینەیی لە گشت کتێبخانەکاندا یــەکبخرێن، لەگــەڵ

ڕەچاوکردنی پەراوێزێك بۆ کاری جودا لە هەریەك لە کتێبخانەکاندا بەپێی خەسڵەتی خۆیان.

دەکرێت لە کاتی نەخشەدانانو بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە هونەرییەکاندا لە چوارچێوەی سیستمی کتێبخانەی گشتیدا ڕەچاوی هەندێ پێوانە بکرێت، لەوانە نەسپاردنی هەندێ کاری نووسینگەییو نووسینکاریی بە کارمەندە پسپۆڕەکان، تاوەکو بتوانن کار لە بواری کارە بیبلیۆگرافییەکانو خزمەتگوزاریی سەرچاوەکانو خزمەتی سوودمەندان‌دا بکەن، هەرچۆن پێویستە هانی کارمەندان بدرێت بۆ گۆڕینی هەریەك لە میتۆدەکانی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان بۆ میتۆدی تر، بەتایبەت لەکاتی دەرکەوتنی میتۆدی نوێی کاریگەرتردا.

هەرچۆن پێویستە لەسەر کارمەندان بەباشی بەکارهێنانی زانیارییە بیبلیۆگرافییەکان بۆ کۆمەڵە کتێبخانەییەکان بزانن، ئەوانەی بۆ مەبەستی دیاریکراو ئامادەکراون، وەکو بەکارهێنانی (پێڕستی کتێبخانە) لەمەبەستی تردا، وەکو (ڕێکخستنی خواستن، ئامادەکردنی لیستی کتێبو...تاد).

هەروەها پێویستە کارمەندان حەزو دەستپێشخەریو دەسەڵاتیان هەبێت بۆ باشکردنی خزمەتگوزارییە هونەرییەکان لە کتێبخانەدا، ئەویش لەرێی ئەنجامدانی پڕۆژەی هاوبەش لەگەڵ دامەزراوەی تردا، وەکو: پڕۆگرامەکانی ئاڵوگۆڕی سەرچاوە کتێبخانەییەکان، یان ئامادەکردنی لیستی هاوبەش بۆ خولاوەکان، یان ئەنجامدانی بەدەستخستنی چاپکراو بەشێوەیەکی هەرەوەزیو بەشداریکردن لە سەرچاوەکانداو... تاد، بەوەش تێچووی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی کتێبخانەیی کەمدەکاتو هەر هەمووش بەشدار دەبن لە چنینەوەی بەروبوومی کارەکاندا.

١-هەڵبژاردنی سەرچاوەو کەرەستەکان:

پێویستە ئەو کەسەی کە کتێب هەڵدەبژێرێت شارەزایی تەواوی هەبێت لەبواری کارەکەی خۆیدا، هەرچۆن دەبێ زانیاریی هەبێت لەسەر سەرچاوەکانی نێو کتێبخانەکەی، هەروەها چۆنێتیو چەندێتی بەکارهێنانیان لەلایەن سوودمەندانەوە.

پێویستە لە کتێبخانەدا گروپێك هەبن بۆ هەڵبژاردن، چونکە کەسێك بەتەنیا ناتوانێ ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە دەستنیشان بکات. پێویستە گروپی هەڵبژاردن ناوبەناو کۆبێتەوەو پلان بۆ کارەکانیان دابنێت. هەرچۆن پێویستە یەکێك لە گروپەکە بەوردی چاو بەکتێبی هەڵبژێردراودا بخشێنێتەوە بەر لە بڕیاردانی کڕینی.

لەهەندێ شوێن ئەو هەلە نارەخسێ تەماشای تەواوی کتێبەکان بکرێت، هەربۆیە پەنا دەبرێتە بەر کورتە نمایشی کتێبەکان، ئەوانەش یان بەسەربەخۆ یان لە گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا بڵاودەبنەوە.

گەر جیاوازییەکانی نێوان دوو ڕێگا (شوێنی ژیانی کارمەند لە وڵاتی خۆی لەگەڵ وڵاتانی تر) زۆربوون، واتە گەر ویسترا (لە شوێنانی تر سەرچاوە هەڵبژێردرێن)، دەبێ رەچاوی هەردوولایەنی جوگرافیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان بکرێت ئینجا کتێب هەڵبژێردرێت.

لەکاتی هەڵبژاردنی سەرچاوە زانستییەکاندا، دەکرێ شارەزایەك لە دەرەوەی لیژنەی هەڵبژاردن هەڵبژێردرێت بۆ راوێژ پێکردن، بەتایبەت کە لە لیژنەکەدا کەسی شارەزای تیا نەبوو لەو جۆرە زانستەدا، دەکرێت رای ئەو شارەزایە بەهەند وەربگیرێت، نەك بڕیاری کۆتاییو بڕیار لەلای لیژنەکە بێت، هەرچۆن دەبێت رای شارەزاکە بە

سەرچاوەکانی کتێبخانەکە بەراورد بکرێت، هەروەها بە قەوارەی خواستی سوودمەندان لەوجۆرە سەرچاوانە.

لەو جێگایانەی (دوور لە پایتەختەکانو شارە گەورەکان) کتێبخانەی کتێبفرۆشی گەورەنین، ئەوا پێویستە لیژنەی ناوبراو روو لە کتێبخانەی شارەکان بکەنو ئاگاداربن چ جۆرە سەرچاوەیەکیان لەلا دەستدەکەوێت.

هەروەها دەبێ زمانی ئاخافتنو نووسین لە هەر جێگایەکدا بەهەندوەربگیرێت، تا لەو جۆرە زمانە ببێتە پێوەر بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەکان.

ئامرازی هەڵبژاردن، بێ لەو بەهەند وەرگرتنانەی باسکران بریتییە لە بەکارهێنانی لیستی ناوی کتێبو لیستی بیبلیۆگرافیاکان، هەروەها پێڕستی بڵاوکەرەوەکان، لەگەڵ بابەتەکانی پڕوپاگەندەو ریکلام کە لەلایەن بەرهەمهێنەرانو دەزگاکانی بڵاوکەرەوەوە ئەنجام دەدرێت.

زۆربەی بڵاوکەرەوەکان پەنا دەبەنە بەر لیستی خولەکی، کە تیایدا زانیاریی لەسەر چاپکراوەکانیان دەخەنە بەرچاو، واتە سەرچاوە نوێیەکانیان.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێت کە هەرچی لە لیستەکاندا هەن هەر هەموویان بابەتی دینو دەرخستەی بانگەشەکارانەیان تێدایە بۆ فرۆشتنی سەرچاوەکان، بەڵام باشترین لیست ئەوانەن کە لە خولاوە تایبەتمەندەکاندا بڵاودەکرێنەوە، چونکە زانیاریی وردیان لەمەڕ سەرچاوە چاپکراوەکان تێدا دەخرێنە روو.

بەڵام بیبلیۆگرافیاو لیستەکانی تر کە لەشێوەی جۆراوجۆردا دەکەونە بەرچاو وەك پێویستیی دیاریکراون لەبواری بابەتیدا، یان بۆ تەمەنی دیاریکراو لە خوێنەران، یان

بۆ هەر مەبەستێکی تر، هەندێ لەوانە لە پیشانگاکانی کتێبدا دەخرێنە بەردەست، چونکە بەکارهێنانیان ئاسانەو هامشۆکەری ئەو پیشانگایانە سوودیان لێ وەردەگرن.

بیبلیۆگرافیای تر، زۆربەیان لەلایەن کتێبخانەی کتێبفرۆشییەوە، یان کۆمەڵەو ڕێکخراوی کارمەندانی کتێبخانەکانەوە ئامادە دەکرێن، ئەوانە بە ئاڕاستەی دیاریکراو ئامادە کراون، کەواتە مەرج نییە هەموو خواستێکی لیژنەکانی هەڵبژاردنیان تیادا بێتە دی.

لەڕوویەکی ترەوە، دەکرێ بازرگانانی کتێب کە ناتوانن چی لە گەنجینەکانیاندا هەیە بیخەنە بەردەست کتێبخانەکان، تا لێی هەڵبژێرین، ئەوا دەتوانن لەڕێی درووستکردنی پیشانگای بچووکەوە بۆ نمایشی کتێبەکانیان ئەو ئامانجە بێننە دی، باشترین جێگاش بۆ دانانی ئەو پیشانگایانە، یان ئەو کۆمەڵە پیشانگایانە کتێبخانەی نەتەوەیی (نیشتمانی) یان کارگێڕیی ناوەندی کتێبخانە گشتییەکانن.

بەڵام سەرچاوە بڵاوکراوە ناوچەییەکان گرفتیان کەمترەو گەیشتن پێیان ئاسانترەو زانیاریی لەسەر نووسەرانیانو بڵاوکەرەوەکانیان زانراوتر دەبێ، هەر بۆیە ئەمینداری کتێبخانەو لیژنەی هەڵبژاردن پێویستە زانیارییان لەسەر کتێبە چاپکراوە ناوخۆییەکان هەبێت، کڕینی ئەو سەرچاوانە هاندەر دەبن بۆ زۆربوونی دانراو و بەرهەمی نوێو گەرمکردنی بازاڕی چاپەمەنی سەبارەت بە بەرهەمی دیکەو سەرچاوەی دیکەی بێجگە لە کتێب، کە بەهۆی گۆڕانکارییە نوێیەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن، وەکو کاسێتو ڤیدۆو وێنەی فۆتۆگرافی، کە خودی کتێبخانە گشتییەکان بەرهەمهێنی ئەو سەرچاوە بیستراوو بینراوانەبن، دیارە تۆمارکردنی چیرۆكو بابەتی فۆلکلۆری کارێکی ئاسانە بۆ کتێبخانە گشتییەکانو کتێبخانەی خوێندنگاکانو منداڵان، ئەوانە هەموو

دەبنەوە سەرچاوە بـۆ پڕۆگرامـەکانی کتێبخانـە لەسـەر ئاسـتی ناوچـەیی خۆیانـداو خزمەتکردنی سوودمەندان.

٢- پێوانەی چەندێتیی کۆمەڵە سەرچاوەکان:

پێوانەی IFLA (کۆمەڵەی کتێبخانەکانی جیهان) راسپاردەی خۆی بۆ کتێبخانە گشتییەکان سەبارەت کۆی سەرچاوەکانیان (بەسەرچاوەی منداڵانیشەوە) بـەم شـێوەیە گەیاندووە:

" لەکۆمەڵگا بچووکەکاندا، دەبێ هەر کەسە لەناوچەکەی خۆیدا سێ بەرگ کتێبی بەربکەوێت، بەڵام چەندە رێـژەی دانیشـتووان زیـاد بکـات ئـەوا ئـەو ژمارەیـە کـەم دەبێتەوە.

پێوانەی پەسەند دوو بەرگە بۆ هەر کەسێك، بەڵام دوو لەسـەر سـێی ئـەو رێژەیـە دەبێت بۆ منداڵ تەخان بکرێت، منداڵی ژوور ١٤ ساڵ لەسەدا ٢٥ تا ٣٠ دانیشتووان پێکدێنن، کاتێك سەرژمێری منداڵ لە ٣٠٪ تێپەڕی کـرد دەبـێ دابینکردنـی کتێـب بۆیان زیاتر بێ، بـەڵام لەوڵاتـە تـازە پێگەیشـتووەکاندا تـا ئێسـتا خزمـەتگوزاریی کتێبخانەیی لەقۆناغی گەشەکردندایە، هەر بۆیە ناتوانرێ رێژەی دابینکردنی کتێب بۆ هاووڵاتیان دیاری بکرێت، بەڵام بێگومان لە کۆمەڵگای بچووکدا رێژەی کتێب کـەمتر دەبێ لەکۆمەڵگا گەورەکان..

بەڵام سەبارەت سەرچاوە بیستراوو بینراوەکان، پێوانەکان ئاماژەیان بۆ گەشەکردنە نوێیـەکانی ئـەو جـۆرە سەرچـاوانە کـردوە، واتـە دەسـتەبەرکردنیان لەکتێبخانـە گشتییەکاندا لەگەشەکردندایە.

بەڵام لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا بەو جۆرە نییەو ئەو سەرچاوانە زۆر لە بەردەستدا نین، بەڵام کار بۆ گەشەپێدانیان دەکرێت بۆ ئایندەی کتێبخانەکانیان.

لەکتێبخانە گشتییەکاندا کەوا ئەو جۆرە سەرچاوانە بەشێکن لە پێکهاتەکانی، دەبێ کتێبخانەی منداڵان بەشی شێری لەو سەرچاوانە بەرکەوێت.

بەپێی راسپاردەکانی (IFLA):

"پێویستە هەر کتێبخانەیەکی گشتی، خزمەتگوزاریی ئەو جۆرە سەرچاوانە لە بەشەکانی گەورەو منداڵاندا بەڕێوە ببات، هەر بۆیە پێویستی بە ئامێرەکانی کارپێکردنی تۆمارکراوەکانو ریکۆردی تۆمارکردنو نمایشی فیلمو شاشەی گوێزراوە، ئامێرەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن دەبێت.."

هەروەها وتراوە "دەبێ بەلای کەمەوە ٢٠٠٠ سەرچاوەی لەو جۆرانە بۆ کۆی ٢٠ هەزار کەس دابین بکرێت، ئەوانەش جگە لە فیلمو مۆزیك، تۆماری گوتارو فێربوونی زمان بۆ بچووكو گەورە دەگرنە خۆیان.

٣-پەرەپێدانی پێکهاتەکانی و گەشەپێدانی سیاسەتی کتێبخانە:

پێویستە کتێبخانەی گشتی جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە داخوازیی سوودمەندانی بێنێتەدی، سیاسەتی پەرەپێدانی بەپێی بڕیاری دەسەڵاتی کتێبخانە دەگۆڕێت، ئاخۆ خواستی زۆرینە دێنێتە دی یان کەمینە، لەو ناوچانەدا کە زۆربەی دانیشتووانی لە دێهاتدان و خوێندەوار رێژەیان کەمە جیاوازە لە ناوچە پیشەسازی و بازرگانییەکان کە رێژەی خوێندەوار تیایاندا زۆرە.

بەڵام ئامانجی گشتی بۆ خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی گشتی بەشێوەیەکە هەر تاکێك و لەهەر کوێ بێت دەرفەتی وەدەستکەوتنی پێویستییەکانی بۆ بڕەخسێنرێت، هەروەها دەبێ هەڵبژاردنی سەرچاوە کتێبخانەییەکان بەپێی داخوازی ئەو کەسانە بێت.

پێویستە کتێبخانەی گشتی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەدا ببەستێت کە سەرچاوە چاپکراوەکان و کەرەستە کتێبخانەییەکان دەخەنە بەردەست، ڕەنگە ئەو لایەنانە زیاتر پەیوەست بن بە کتێبخانەی نەتەوەییەوە، کە بەرپرسە لە تۆمارکردن و پاراستنی بەرهەمی هزریی نەتەوەیی کە لە وڵاتدا بڵاودەبنەوە، هەروەها کتێبخانە زانکۆیی و تایبەتمەندەکان کە بەرپرسان لە دابینکردنی سەرچاوەی فراوان لە بابەتە تایبەتمەندەکاندا.

دەبێ ڕێکخستنی پەیوەندی و پلاندانان لە نێوان هەموو ئەو کتێبخانانە (بە کتێبخانەی قوتابخانەکانیشەوە) بە شێوەیەکی کارا بەڕێوەببرێت، تاوەکو وەڵامی داخوازیی سوودمەندان بۆ هەر زانیارییەك لە جێی خۆیدا بدرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێك لە خوێندەواران و نەخوێندەوار و هەژار و گوندنیشنیان زۆرینەی دانیشتووانی وڵاتە تازە گەشەکردووەکان پێکدێنن، کەچی کەمترین خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکانیان پێ دەگات، چونکە ئەوەی دەیانەوێ چنگیان ناکەوێت یان ئەوانەی هەژارن کاتیان نییە بۆ سەردانی کتێبخانە، یان نایگەنێ یاخود توانای بەشداریی کردنیان نییە لە کتێبخانەدا، بەتایبەت کە گەلێك لە کتێبخانەکان پشت بە بەشداریی ئەندامان و دیاریی بچووکی ناوچەکانیان دەبەستن، ئەمە جگە لەوەی گوندنشینان لە شوێنی دابڕاودا لە نزیك رووبارو چیاو دارستانەکاندا دەژین و زۆر دوورن لە کتێبخانە گشتییە بچووکەکانی ناوچەکانیانەوە.

پێویستە سیاسەتی پەرەپێدانی سەرچاوە کتێبخانەییەکان بەجۆرێك بێ کە سەرچاوەی خوێندنەوەی هەمەجۆرو سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان بۆ ئاستی خوێندەوارانی جیاواز فەراهەم بکرێت، هەرچۆن پێویستە کتێبخانە کاربکات بۆ دابین کردنی سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان بەم شێوەیە:

*تۆمارە دەنگییەکانی موزیکی فۆلکلۆری میللی و موزیك و گۆرانیی کۆن و نوێ، گوتار و ئاخافتنی گشتی، خوێندنەوەکان بۆ ئەدەبیاتی نەتەوەیی، بەرنامەکانی فێرکردنی زمان.

*فیلمی رەنگاورەنگ، کە باسی جوگرافیای وڵات و شوێنەوارەکانی و مێژووی سروشتی و مێژووی کۆمەڵایەتی بکەن.

*فیلمی دۆکیۆمێنتی و فێرکاریی.

*بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن.

پێویستە زمانە جیاوازەکان لە کتێبخانەدا بخرێنە بەرچاو، بەڵام لەپێشەوە بایەخ بە زمانی نەتەوەیی ئەو وڵاتە بدرێت، هاوکات واز لەو زمانانە بهێنرێت کە کەس تێیان ناگات، پێویستە هەمە چەشنی لە سەرچاوەدا هەبێ و هاوکات چاپکراوانی وڵاتانی دیکە پەیدا بکرێن، لەگەڵ ئەوانەشدا بزانرێ چی لە بازاڕدا هەیەو ئاگاداریی نرخ بکرێت بۆ ئەوانەی کە ناتوانن بە دڵی خۆیان کتێب بکڕن، دەبێ کتێبخانە گشت کتێبە گرانەکان بکڕێت.

پێویستە کتێبخانە ئەو سەرچاوانە دابین بکەن کە جێبایەخی گشتین و خوێنەریان لە هەموو ئاستەکاندا دەبێت، لەگەڵ ئەوانەشدا دەبێ زیاتر بایەخ بە چاپکراوە ناوخۆییەکان بدرێت کە مەبەستی سوودمەندان دەبن، لەگەڵ دابین کردنی بابەتەکانی

کات بەسەربردنو خۆشبەسەربردن، هەر کتێبخانەیەك بەو جۆرە پـەرە بـەخۆی بـدات، گرفتی پشتگیریی دارایی لەلایـەن کۆمەڵـەوە نابـێ، چـونکە خـەڵکێکی زۆر روو لـە کتێبخانە دەکەن و بەشداریی تێدا دەکەن.

٤-بەشداریی لە سەرچاوەکاندا:

سیستمی کتێبخانە چەند ساڵێکە لە وڵاتاندا شێوەی جۆراوجۆری لە هاوکاریی بـە مەبەستی خواستن لـە نێـوان کتێبخانەکانـدا لـە خۆگرتـووە، ئـەوەش بـۆ زۆربـوونی سەرچاوەکان و وەڵامدانەوەی خواستی خوێنـەران، بـواری خزمـەتگوزاریی سەرچـاوەو زانیارییـەکان گـرنگترین بـواری هاوکـاریی نێـوان کتێبخانەکانـە، چـونکە هـیچ کتێبخانەیەك توانـای نییـە بەتـەنیا خواسـتی هامشـۆکەرانی بهێنێتـە دی، هـەموو کتێبخانەکانیش شێوازی جیاواز پەیڕەو دەکەن بۆ بەشداریی لەسەرچاوەکاندا.

ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە ئاستەنگیی دارایی لە هۆکـارە سـەرەکییەکانە بـۆ هاندانی هاوکاریی نێوان کتێبخانەکان، بەتایبەت بۆ سەرچاوەکانی زانستە سروشتی و فیزیکییەکان کە گرانترن لە سەرچاوەکانی زانستە مرۆییەکان.

پێویستە دەوڵەت بۆ پەیداکردنی سەرچاوەکان بۆ کتێبخانە گشـتییەکان بەشـێوەی هاریکاریی ئەم خاڵانەی رەچاو بکات:

*شێوازیی نموونـەیی ئـەو هاریکارییـە لـەو کاتانـەدا دێتـە دی کـە لـە وڵاتـدا کتێبخانـەی نەتـەوەیی، کۆمەڵـەی کتێبخانـەکان، خوێنـدنگای کتێبخانـە و تـۆڕی کتێبخانەکان هەبن، هەروەها ژمارەیەك لە کارمەندی لێهاتووی بواری کتێبخانە هەبن بۆ راهێنانی کارمەندان، بەر لە دەسپێکردن بە بەرنامەی هاوکـاری و هاریکـاریی لـە سەرچاوەکاندا.

*ئامادەکردنی ئامار سەبارەت هەریەك لە:

-ئەو لایەنانە کە پرۆسەی خوێندن دەرەخسێنن.

-شوێنی کارپێکردن و پاراستنی سەرچاوەکان.

-هەڵبژاردنی شێواز و کارپێکردن لەسەر بەشداریی کردن لە سەرچاوەکاندا.

*دابینکردنی زانیاریی لەسەر سەرچاوەکان لەسەر ئاستی جیهان، دابینکردنی ژمارەیەك لە پێرست و بیبلیۆگرافیاو رێبەرەکان و نوێکردنەوەیان بەشێوەیەکی دەوریی بەردەوام.

دەکرێ کتێبخانە هاوکارەکان پێکهاتەیەکی کتێبخانەیی درووست بکەن و کتێبخانەی گشتی یان کتێبخانەی نەتەوەیی سەرپەرشتیی کارەکە بکات، تیایدا کتێبخانە بەشدارەکان دیاری بکرێت لەگەڵ دەستنیشانکردنی بەرپرسیاریی هەریەك لە کتێبخانەکان.

ساڵی ١٩٧٦ رێکخراوی IFLA بەپێی بەرنامەیەك ئەوەی دیاری کرد "بەخێرایی وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە، هاوکات بە خێرایی چاپکراوەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن، دەبێ سۆراغی چاپکراوەکان لە کتێبخانە ناوخۆییەکان لە سەرەتادا بکرێت ئینجا لە کتێبخانە نێو دەوڵەتییەکاندا، پێویستە لەهەر وڵاتێکیشدا سەنتەرێ بۆ خواستن دیاری بکرێت".

کتێبخانە بچووکەکان کەمتر داوای ناونیشان و سەرچاوە دەکەن لەچاو کتێبخانە گەورەکاندا، دەتوانرێ هاریکاریی لەنێوان کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانە قوتابخانەییەکاندا بهێنرێتە دی" بەتایبەت بۆ ئاڵوگۆڕی سەرچاوەکانی رۆشنبیریی گشتی و سەرچاوەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن، هاوکات ئەو هاوکارییە لەگەڵ

کتێبخانە تایبەتمەندەکاندا بێتە دی، دەبێ کتێبخانەیەکی ناوەندیی ئەرکی پێڕستەکان بگرێتە ئەستۆ، بەپێی ئەو پێڕستە ناوەندییە خواستەکان دەردەکەون. پێڕستەکان بەچاپکراوی دەخرێنە روو، هەروەها لەشێوەی بچووککراوە لەسەر مایکرۆفیش.

هەروەها لیستەی خولاوەکان شێوەیەکن لە پێڕستی یەکگرتوو، چونکە خولاوەکان لە پێشەوەی چاپکراوە داواکراوەکان دەبن سێ پێویستیی زیندوو هەن بۆ بەشداریی لە هاوکاریی سەرچاوەکاندا:

١-سەرچاوەی زانیاریی سوودبەخش بۆ بەشداری پێکردن.

٢-خواستی تەواو بۆ ئیلتیزام لە بەشداریی و هاوکاریی کارا.

٣-میکانیزمی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە کۆمەڵگادا.

دەبێ ئەو میکانیزمە لە دامەزراندنی تۆڕی زانیارییەکاندا بخرێنە کار، بەوەش زانیاریی بیبلیۆگرافی دەخرێنە بەردەستی هەموو لایەك.

٥-پێڕست و پۆلێن:

دوای ئەوەی کتێبخانە کەرەستە هەڵبژێردراوەکانی پێدەگات.

وا پێویست دەکات ئامادەکاریی هونەرییانە بۆ سەرچاوەکان بکرێت و کاری پێڕستی پێویستیان بۆ ئەنجام بدرێت، تاوەکو خوێنەران ئاشنابن پێیان و بە باشی پێیان بگەن.

دیارە ئەو ئامادەکارییە سەرەتا بە پێڕستی وەسفی دەسپێدەکات و پاشانیش پۆلێنو پێڕستی بابەتی.

ئاستی وەسفی سەرچاوەکان بەپێی جۆری کتێبخانەکان دەبن، گەورە یـان نـاوەنجی یان بچـووك، هەرچـۆن دەبـێ لەگـەڵ جـۆری کتێبخانەکانیشـدا یـەك بگرنـەوە، وەك کتێبخانەی نەتەوەیی، یان زانکۆیی، یان تایبەتمەند، یان گشتی و ...تاد.

دیارە هەر کتێبخانەیە بەپێی ویستی خۆی جـۆری پێڕسـت هەڵدەبـژێرێ، کـە لـە خزمەتی سوودمەندانیدا بێت.

بـۆ یاریـدەدانی کتێبخانـە گشـتییە بچـووکەکان، یـان کتێبخانـەی منـداڵان و کتێبخانەی قوتابخانەیی، کە یەك ئەمینداری کتێبخانەیان هەیە، چـاپکراوێك بـەناوی (کورتەی بنەماکانی ئەنگلۆ- ئەمریکی بۆ پێڕست کردن) خراوەتـە بەردەسـت کـە بـە کەڵکی ئەو جۆرە کتێبخانانەو ئاستی ساکاری پێڕست کردنیان دێت.

سەبارەت بـە پـۆلێن کـردن، بـەکارهێنانی پـۆلێنی دیـوی دەیـی لـە کتێبخانـە گشتییەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهاندا باوە، بەتایبـەت وڵاتـە عەرەبییـەکان، گـەلێك وەرگێڕان لە پۆلێنی دیوی دەیی بۆ عەرەبی کراون، کە تازەترینیان ئـەوەی ڕێکخـراوی یۆنسکۆیە لـە ١٩٩٧دا. هەرچـۆن گـەلێك لیسـتەی سـەبارەت بـە زمـانی عـەرەبی چاپکراون، کە گونجاوترینیان بـۆ کتێبخانـە گشـتییەکانی ئێمـە ئـەوەی (د. شـعبان عبدالعزیز خلیفە)یە.

جاران ئەرکی خزمەتگوزارییە هونەرییەکان بەشێوەی هەوڵی تاکە کەسی لـە هـەر کتێبخانەیەکی گشتیدا ئەنجام دەدرا، بەڵام ئێستا لە زۆربەی وڵاتانـدا بووەتـە ئـەرکی دەستەی ناوەندیی.

کارمەندی کتێبخانەکان و پسپۆڕان ئەم خزمەتگوزارییـە بەشـێوەیەکی ناوەنـدیی ئەنجام دەدەن، بەشێوەیەك کارەکەیان، واتە ئامادەکردنی پێڕست و پۆلێن لە خزمـەتی

سەرجەم ئەو کتێبخانانەدایە کە بەشداران لە سیستمەکەدا، ئامادەکردنی کارتە چاپکراوەکان یەکێکە لە بەشەکانی کارە هونەرییەکان، تەنانەت دوای بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە لە تۆمارکردن و چاپی کارتەکاندا، تا ئێستا زۆرینەی کتێبخانەکان ئەو کارتانە بەکاردێنن، بە تایبەت لە کتێبخانە گشتییە بچووکەکاندا، سەنتەری کارە هونەرییەکان لە کتێبخانە گشتییەکاندا، ئەرك و خزمەتگوزاریی تایبەت پێشکەش دەکەن، لەوانە:

*چارەسەری ناوەندیی بۆ سەرچاوەکان بە پێودانی یەکگرتووەوە.

*پێشکەش کردنی لیستەی سەرچاوە چاپکراوەکان نوێیەکان.

*پێشکەش کردنی زانیاریی سەرەبات ئەو کتێبانەی لە دەرەوەی سیستمەکەدا دەستدەکەون.

*ئامادەکردنی راپۆرتی دەوری بۆ هەریەك لە کتێبخانە هاوکارەکان، تیایدا تێچووەکان دیاری دەکرێن و بەسەر سەرچاوە بەدەست گەیشتووەکاندا دابەش دەکرێن.

*ئامادەکردنی ئاماری سالآنە سەبارەت تێچووی کتێبەکان و کەرەستە کتێبخانەییەکانی تر، لەگەڵ ژمارەی گۆڤارەکان و ژمارەی ناونیشانە کڕاوەکان لە هەر جۆرێك لەجۆری چاپکراوەکان.

بەپێی هەموو ئەوانە، تۆمار ئامادە دەکرێ بۆ ئاسانکاریی کە هەر کتێبخانەیەك بتوانێ:

-کتێب و سەرچاوە کتێبخانەیە دابینکراوەکان دیاری بکات.

-سەرلەنوێ رێکخستنەوەو ریزبەندیی جێگای کتێبەکان بەپێی سیستمی تایبەت بەو کتێبخانەیە .

-گواستنەوەی کتێبە هەڵگیراوەکان بۆ گەنجینەی ناوەندیی، یان بۆ کتێبخانەی تر.

بەپێی سیستمی هەر کتێبخانەیەکی گشتی، لەهەر وڵاتێکدا بێ، دەتوانرێ ئامادەکردنی لیستی بیبلیۆگرافی نەتەوەیی بۆ سەرچاوەکانی هەر وڵاتە ئامادە بکرێت، کە دەبێ ئەو ئەرکە کتێبخانەی نەتەوەیی رایپەڕێنێ، بەڵام لە نەبوونی ئەو کتێبخانەیەدا، ئەوا کتێبخانەی گشتی ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ.

سەبارەت بە ئامادەکردنی دەروازەی وەسفی یان بابەتی، ئەوا سوودی دەبێ بۆ کتێبخانەی وڵاتانی دیکە تا دەروازە بە ناوی کەسان و دەستەکان ئامادە بکەن، هەر بەو هۆیەشەوە پێداویستی ناوچەیی و نەتەوەیی بۆ سەرچاوەکان دەردەکەوێت، لەگەڵ دیاریکردنی بەرهەمی هزریی تایبەت بەهەر وڵاتێك، گەر لە دەرەوەی خۆشیدا بەکارنەیەت.

٦- بە ئەلیکترۆنی کردنی کارە هونەرییەکان:

بە ئەلیکترۆنی کردن ئاڕاستەیەکی گشتییە لە سەرجەم کتێبخانەکاندا، بە کتێبخانە گشتییەکانیشەوە، ئەم ئاڕاستەیە بە پێی قەوارەی کتێبخانەو ئەرکە تایبەتەکانی شێوەی جیا لەخۆدەگرێت، بێگومان ئەم پرۆسەیە لە کتێبخانەیەکی بچووکی ناوچەیەکی گوندنشیندا جێبەجێ ناکرێت، بەڵام بۆ کتێبخانەی گەورەی ناوچەیەکی پیشەسازیی دەگونجێت، بە ئەلیکترۆنی کردنی لە کارە هونەرییەکانی: خواستن، خزمەتگوزارییە هونەرییەکان و تەنانەت لە کاری ژێدەرەکاندا بەکاردێت.

کتێبخانە، بە پێی سیستمێك لەنێو خودی کتێبخانەدا ئەم پرۆسەیە دەبات بەڕێوە، یاخود بە بەستنەوەی بە سیستمێکەوە کە لە دەرەوەی کتێبخانە لایەنێکی دیکە بیبات بەڕێوە. لە حاڵەتی یەکەمدا کتێبخانە بەرپرسیاریی تەواو لە ئەستۆ دەگرێت بۆ

پراکتیزەکردنی سیستمەکە (نەخشەسازیی، دابینکردنی سەرجەم ئامێر و پرۆگرامەکان، چاککردنەوە، بەکارهێنان)، ئەمە لە کاتێکدا دێتە دیی کە کتێبخانەکە گەورە بێت و بتوانێ بەپێی توانا دارایی و مرۆییەکانی ئەو ئەرکانە ببات بەڕێوە، لەم کاتەشدا سیستمی خواستنی ئامادە بە هۆی کۆمپیوتەرەکانەوە پیادە دەکرێت.

بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا کتێبخانە دەبەسترێتەوە بە کۆمپیوتەرێکەوە کە لە جێگایەکی تردایە، لەوێدا کارەکان لەرێی هێڵەکانی پەیوەندییەوە دەچن بەڕێوە، نموونەی ئەم حاڵەتە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کتێبخانە گشتییەکاندا زۆرە کە بەستراونەتەوە بە سیستمی OCLC لە پێناوی چارەسەری هونەریدا، لەوێ بەرلەوەی پێڕستکار پێڕستی کتێبێك بکات، تەماشا دەکات، گەر لەوەوبەر پێڕست کرابوو، داوای کارتەکانی پێڕست دەکات لەگەڵ کارتی لێواری کتێب و ئەوا لەرێی پۆستی ئاساییەوە پێی دەگات، بەڵام گەر نەکرابوو ئەوا دەبێت کارتی پێڕستی ئەو کتێبە ئامادە بکات و زانیاریی تەواو بخاتە نێو سیستمەکەوە، بەو جۆرە زانیاریی تەواو دەخاتە بەردەستی هەموو ئەو کتێبخانانەی لە سیستمەکەدان.

هەرچۆن سیستمی دیکە هەن کە کتێبخانە دەتوانێ بەکاریان بهێنێت، وەك هێنانەوە بەردەستی زانیاریی و بەدەستهێنانی وەڵام بۆ هەر پرسیارێ کە لەسەر روانگەی زانیارییەکانی نێو کۆمپیوتەرەکاندا هەبن، ئەم سیستمە بە تایبەت لە خزمەتی ئەو سوودمەندانەدا دەبێ کە خەریکی توێژینەوەن.

بە ئەلیکترۆنی کردن تێچووی زۆرەو پێویستی بە ئامادەکردن و پراکتیزەکردنی وردە، هەربۆیە کارمەندی کتێبخانە دەبێ یەکەمجار جەخت لەوە بکاتەوە کە زانیارییەکان بۆ سوودمەندان پێویستن و بە زۆربوونی فشار لەسەر کتێبخانەکەی

ئەو شێوازە دەبێتە پێداویستیی گرنگ، دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە کاتی ئەو پرۆسەیەدا ئاستەنگ دێتە ڕێگای کارکردن، هەرچۆن دەبێ ئەوەش بزانرێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بە ئەلیکترۆنی کردن تێچوونی کەم دەبێتەوە، لەگەڵ زیادبوونی توانادا و ئاسان بوونی هەنگاوەکانی کارپێکردن، بە زۆربوونی ڕێگاکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکانیشەوە.

٧-پوختەکردن و لابردن:

سەرچاوەکانی کتێبخانە هەمیشە بەکەڵك نامێنن، ئیتر سەرچاوەی خوێنەری گەورە یان منداڵان بن، پێداچوونەوەی سەرچاوەکان بۆ لابردنی ئەوانەی گونجاون نامێنن بەرامبەر بە گرنگیی هەڵبژاردنی سەرچاوەی نوێ و زیاد خستنەسەر کتێبخانە، دەبێ لە کاتی لابردنی سەرچاوەکاندا سێ شت لەبەرچاو بگیرێت، دروستیی زانیارییەکان و بەردەوامیی بەکارهێنان و حاڵەتی دارایی.

بێجگە لە کتێب، سەرچاوەکانی تر بەپێی گۆڕانکاریی بەردەوامە ئەگەری دوورخستنەوەیان زیاترە، کتێبیش لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بایەخی کاتی بڵاوکردنەوەی لە دەستدەدات، هەربۆیە پشکنینی ناوبەناو بە کتێبی ناو تاخچنەکاندا پێویستە، بۆ دوورخستنەوەی کۆنەکان و دابینکردنی سەرچاوەی نوێ لە جێگایاندا، ئیتر بە چاپی نوێیانەوە بێ یان بە ناونیشانی دیکەی جێگرەوەیان.

هەندێ کتێب دوای ماوەیەك بەهای خۆی لە دەستدەدات، ئەویش لەبەر کەم بوونەوەی بایەخی بابەتەکەی، هەرچۆن ئاراستەکانی نووسینی ئەو بابەتانە شتی نوێیان تێدەکەوێت، ئەگەر کتێبخانەش گرفتی جێگای هەبوو، ئەوا ئەو جۆرە کتێبانە جێگای لێ دەگرن، ئەگەر جێگاشی زۆر بوو پێویست ناکات سەرچاوەی بێ کەڵکی تیادا بێت.

ئەو سەرچاوە لابراوانە یان بە یەکجاری دووردەخـــــرێنەوە، یـان لەسـەر تاخچـنەکان لادەبـرێن و دەخرێنــە گەنجینــەی داخــراوەوە، دوورخســتنەوەی یــەکجاری بــۆ ئــەو سەرچاوانەیە کە هەرگیز بەکار ناهێنرێنەوە، هەر بۆیە کتێبخانە خۆی رزگـار دەکـات لێیان، بەڵام لابردنیان لەسەر تاخچنەکان (رەفە کراوەکان) لەبەر ئەوەیە کە بە هـەمان رێژەی جاران بەکار ناهێنرێن، جێگای تاخچنەکانیش دیاریکراوەو بۆ ئەوەی سەرچاوەی نوێ بێتە جێگایان، دەخرێنە گەنجینەوە، بەڵام دەبێ گەنجینە داخراوەکانیش گـەرمی و ساردییان و تیشکیان گونجاو بێ، هەروەها تاخچینان تێدا بێ بۆ پاراستنی کتێبەکان.

بوکلاند Buckland ئاماژە بە هەندێ لە هۆکارەکانی لابردنی کتێب دەکـات، لەوانە تێچووی دانانی کتێبی زۆر لە تاخچن و دۆڵابەکاندا.

کارمەندی کتێبخانە بەهۆی سـێ هۆکـارەوە پرۆسـەی لابـردن و دوورخسـتنەوەی کتێبەکان ئەنجام دەدات:

١-سنووردارییی خزمەتگوزارییی خواستن لەنێو کتێبخانەدا.

٢-رووبەری تاخچنە کراوەو بەردەستەکانە.

٣-ئامانجەکانی کتێبخانە.

یەکەمیان گرنگیـی پارسـەنگ راگـرتن لـە نێـو کـڕین و خواسـتندا، دەبـێ ئـەو سەرچاوانە بپارێزێت کە ئەگەری سوود لێ وەرگرتنەوەیان دەبێت، بەڵام ئەوانەی تر کە سوودیان نەمێنێت ئەوا بە کتێبی نوێ جێگایان دەگیرێتەوە.

دووەمیـان قـەوارەی کـاری دوورخسـتنەوە بەنـد دەبـێ بـە رووبـەری تاخچـنە بەردەستەکانەوە، ئەو کتێبخانەیەی تاخچنەکانی دیاریکراو بێ دەبێ هاتنی سەرچاوەی نوێ لەبەرچاو بگرێت.

سێیەمیشیان کە پەیوەستە بە ئامانجی کتێبخانەوە، کە ئەوانیش پەیوەندییان بە جۆری کتێبخانەکانەوە هەیە، بۆ نموونە کتێبخانە گشتییەکان بە بەردەوامی لە نوێبوونەوەدان، کۆی دوورخراوەکان پەیوەندیی بە سەرچاوە نوێیەکانەوە هەیە، ئەوانەی دووریش دەخرێنەوە دووبارە لە خزمەتی کتێبخانە گشتییەکانی تردا دەبن لەکاتی داواکردنیاندا.

پێویستە ئەو سەرچاوانەی بە زۆری بەکاردێن بگۆڕێن بە چاپی نوێتر، یان بەرگیان تێ بگیرێت، یان کتێبی جێگیرەوە (ئەلتەرناتیف) یان بۆ دابنرێت.

٨-چاککردنەوەو بەرگ تێگرتن:

کتێب و سەرچاوەی کتێبخانەییەکانی تر ئەگەری دڕان و پوانیان هەیە، ئەگەر کتێبخانە بە شێوەیەکی بەردەوام پیایاندا نەچێتەوە، ئەوا ئەو سەرچاوانە وردە وردە فەرامۆش دەکرێن و لەبەرچاو دەکەون و ئەبێزرێن، سوودمەندیش هیچ بایەخێکیان بۆ دانانێت، هەر بەو چاوەشەوە دەڕواننە تەواوی سەرچاوەکانی کتێبخانە.

ئاڕاستەیەك لە کارکردندا هەیە بۆ چاککردنەوەی ئەو جۆرە سەرچاوانە، ئیتر چەندیشی تێبچێت گرنگ نییە، دیارە ئەو ئاڕاستەیە گونجاو نییە، بەڵام ئەگەر پشکنینی ناوە ناوە بۆ سەرچاوەکان بکرێت ئەوا بە چاککردنەوەی کەم سەرچاوەکان لەبار دەبنەوە بۆ بەکارهێنان، ئەگەر خەوشی کتێبەکان کەم بوون، وەك دڕانی لاپەڕەیەك، یان لێبوونەوەی ئەوا دەتوانرێ لەناو کتێبخانەدا چاك بکرێتەوە، یان لێبوونەوەی بەرگەکان، ئەوانیش چارەسەریان هەیە، بەڵام گەر کتێبێك هەڵوەشابێ، ئەوا دەبێ سەر لە نوێ بەرگی تێبگیرێتەوە، بەڵام دەبێ تێچووی ئەو بەرگ تێگرتنەوە بەراورد بکرێت لەگەڵ چەندێتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوەیەدا، گەر

تێچووی زۆربێ ئەوا باشتر وایە کتێبێکی تر لە هەمان ناونیشان، یان چاپێکی تازەتری دابین بکرێت.

بەرگی کتێبە چاپکراوەکان بەو شێوەیە درووست نەکراوە کە بە کەڵکی بەکارهێنان بێن لە کتێبخانەکاندا، یەك دوو ساڵ دوای کڕینیان دەپوێن و کاڵ دەبنەوەو خراپ دەبن، هەر بۆیە پێویستە ئەو کتێبانە هەڵبژێردرێن کەوا لە بەرگ گیراون، هەرچەندە شێوەیان وەك بەرگی ئاسایی سەرنج راکێش نین.

خزمەتگوزاریی بەرگ تێگرتن لە دیارترین چالاکییەکانی کتێبخانە گشتییەکانە لە زۆربەی وڵاتاندا، دەبێ جۆری سەرچاوەکەو بەکارهێنانی لە کتێبخانەدا بەهەند وەربگیرێت بۆ بڕیاری بەرگ تێگرتنیان.

دەبێ کتێبخانە لیستێکی بیبلیۆگرافی بە دوو نوسخە بۆ ئەو کتێبانە ئامادە بکات کە دەنێردرێن بۆ بەرگ تێگرتن، نوسخەیەکیان لەگەڵ کتێبەکاندا دەنێردرێت و ئەوەی تریان دادەنرێن بۆ بەراورد لە کاتی گەڕاندنەوەی کتێبە بەرگ تێگیراوەکاندا، هەروەها پێویستە بە چەند جارێك کتێبەکان بنێردرێن بۆ بەرگ تێگرتن، تا تاخچنەکان چۆڵ نەبن لە کتێب، چونکە سوودمەندان داوایان دەکەن.

بەشی پێنجەم
خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکان

ئاشکرایە خزمـەتگوزاری و چـالاکییەکان دوا وێنـەی کتێبخانـەن، واتـە ڕەوشـی بەڕێوەچوونی کتێبخانە نیشاندەدەن، بەواتایەکی تر بەرهەمی ڕاستەقینەی کتێبخانەن کە لە دوای هەوڵێکی زۆر دەچنرێنەوە.

کتێبخانەی گشتی گەر خاوەنی تەلارێکی جوان بێت لە شوێنێکی دیارداو گونجـاو بێ بۆ بینینـی ڕۆڵـی خـۆی لـە کۆمـەڵگادا، هاوکـات باشـترین کۆمەڵـە سەرچـاوە گرنگەکانی لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە لەخۆگرتبێت و پڕیشی بێ لە چاپکراوەکان و لەڕووی هونەرکاریشەوە ئەو سەرچاوانە بە باشترین شێوە ئامادەکرابن، هەر هـەموو ئەوانـە مەبەسـت نـاپێکن ئەگـەر کتێبخانـە لـە پێشکەشـکردنی خزمـەتگوزاری و چالاکییەکاندا ڕۆڵی بەرچاو نەبینێت، بـەڵام دەبـێ ئـەو چـالاکییانە بەشـێوەیەك بـن خواستی خەڵکە سوودمەندەکە بهێننەدی.

پێویستە کتێبخانەی گشتی داخوازی هەموو جۆرە خەڵکی لـە دانیشـتووانی ئـەو ناوچـەیە بهێنێتـە دی کـە کتێبخانەکـەی تێـدا دەبێـت، فراوانبـوونی بازنـەی خزمەتگوزارییـەکانی کتێبخانـەش بەنـدە بـە بـوونی سەرچـاوەی دارایـی و ئـەو پشتیوانییەی کە میری لە کتێبخانەکانی دەکات، لەگەڵ هەر کۆمەکێ کـە دەسـەڵاتە ناوچەییەکان لە کتێبخانەی سنووری خۆیـانی دەکـەن، لـەو کاتانەشـدا کـە ژمـارەی سوودمەندانی کتێبخانە لـە کۆمـەڵگادا ڕوو لـە زیـادبوون دەبـن، پێویسـتە بـیر لـە خزمەتگوزاریی نوێ بکرێتەوە بۆ کتێبخانەکان.

١-خواستن:

خزمـــەتگوزاریی خواســتنی دەرەکــی، بــە گــرنگترین کــۆنترین خزمەتگوزارییــەك دادەنرێــت کــە لەلایــەن کتێبخانــە گشــتییەکانەوە پێشکەشــکراوە. خزمـــەتگوزاریی خواستنی دەرەکی لەبەر چەند هۆکارێك هاتووەتە ئارا، لەوانە بەرتەسکیی جێگا لەناو کتێبخانەدا کە بوار نارەخسێ بۆ هەموو سوودمەندان تا خوێندنەوەی نـاوخۆیی لـەنێو خودی کتێبخانەکەدا ئەنجام بدەن، بــە تایبــەت لــە کاتــە هەســتیارو پێویســتەکاندا، رووبەری کتێبخانە هەرچەند بێت کاریگـەریی رووبـەری دیـاریکراو بـۆ خوێندنـەوەی ناوخۆیی لەسەر دەبێـت، ئەمــەش کـار دەکاتـە سـەر سـەرجەم چـالاکییەکانی تـری کتێبخانە، بە تایبەت لەو کتێبخانانەدا کە ژمارەی هامشۆکەرو سوودمەندانی روو لە زیادبوون دەبن.

هــەروەها هەنــدێك لــە ســوودمەندان دەیانــەوێ، سەرچــاوەکان ببەنــە دەرەوەی کتێبخانە، ئیتر لەبەر نەگونجانی کاتەکانی کردنەوەی کتێبخانــە بێــت لەگــەڵ رەوشــی خۆیاندا، یان لەبەر پێویستیی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە شوێنی کارەکانیدا، لەگەڵ هۆکاری تری پەیوەست بە خودی سوودمەندانەوە وەك خوێندنەوە لە رەوشێکی ئـارام و هێمندا لە ماڵەوە.

بۆ ئەوەی کتێبخانەی گشتی بتوانێ بە باشترین شێوە ئەم خزمەتگوزارییە جێبەجێ بکات، دەبــێ ژمــارەی پێویســت لەسەرچــاوەکان دابــین بکــات تــاوەکو داواکــاریی و پێویســتیی ســوودمەندان بهێنێتــە دی، پێویســتە کارمەنــدانی بەشــی سەرچــاوە بەدەستهاتووەکان (التزوید) بە باشی بزانن ئەو سەرچاوانە کامانەن کە داوای خواستنی

دەرەکییان لەسەرە، تاوەکو کتێبخانە ژمارەو دانەی پێویست دابین بکات، بەڵام کتێبخانە ناتوانێ لەو سەرچاوانەی کە نرخیان گرانە زیاتر لە دانەیەك دابین بکات، هەروەها لە کۆمەڵەی ژێدەرو خولاوەکان، هەر بۆیە ئەو جۆرە سەرچاوانە ناخرێتە خزمەت خواستنی دەرەکی و تەنیا بەهۆی وێنەگرتنەوەی لاپەڕە داوا لەسەرەکانیانەوە سوودمەند دەتوانێ کاری خۆی مەیسەر بکات.

هەندێ لە کتێبخانەکان لایان باشە ئەو سەرچاوانەی دەخرێنە خزمەتگوزاریی خواستنەوە بەجیا دابنرێن، هەشیانە کۆمەڵە سەرچاوەی خواستن جیا دەکاتەوە بۆ خزمەتگوزاریی خواستن لەگەڵ کتێبخانەکانی تردا، نەوەك سوودمەنداندا بە راستەوخۆیی، لە کاتێکدا سوودمەندان لە ڕێی کتێبخانەی دووەمەوە داخوازیی خواستن بۆ سەرچاوەیەك پێشکەش بکات، ئەوا لە کتێبخانەی یەکەم داوا دەکرێ، ئەمیش ئەگەر سەرچاوەکە لاپەڕەکانی زۆربێت ئەوا وەك خواستن بۆیان دەنێرێ بۆ ماوەی دیاریکراو و ئەگەر لاپەڕەکانیشی کەم بێت ئەوا بە وێنە لەبەرگیراوی دەینێرێ بۆ کتێبخانەی دووەم، بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا سوودمەندان کرێی گواستنەوەو لەبەرگرتنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

جاران خواستنی دەرەکی تەنیا بۆ کتێب بوو، بەڵام تێڕوانین بۆ ئەم خزمەتگوزارییە تەواو گۆڕڕاوە، دەبینین لە ئێستادا کتێبخانە گشتییەکان زۆربەی سەرچاوە کتێبخانەییەکان دەخاتە خزمەتی خواستنی دەرەکییەوە، ئێستا خواستنی سەرچاوە دەنگی و ڕەنگییەکان لە خزمەتی سوودمەندان، بەتایبەت سوودمەندە بە تەمەنەکان کە ناتوانن شوێنی نیشتەجێبوونیان جێبهێڵن و زوو زوو سەردانی کتێبخانە بکەن، هەرچۆن هەندێ کتێبخانە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا وانەی لەبەرگیراوی تابلۆ

هونەرییە ئەسڵییەکان بۆ ماوەی دیاریکراو دەخەنە خزمەتگوزاریی خواستنی دەرەکییەوە.

هاوکات ئەم جۆرە خواستنە بە تەنیا بۆ تاکەکان نییەو بەڵکو بۆ دەستەو ڕێکخراوەکانیشە، ئێستا بووەتە دیاردەو کتێبخانە بەشێك لە سەرچاوەکانی بە خواستن دەداتە خوێندنگاو یانەکان و خانەی سەرپەرشتیی پیران، ئەمە بێجگە لە هەندێ دامەزراوی دیکەی خزمەتگوزاریی گشتی.

کۆمەڵە سەرچاوەکان کە بۆ خزمەتگوزاریی خواستنی دەرەکی دادەنرێن ناوە دەگۆڕدرێن بە بابەتی تر، ئەویش بە پێی خواست و داواکاریی سوودمەندان.

هەروەها لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هاوکاریی لە نێوان کتێبخانەی گشتی و خوێندنگاکاندا بە باشترین شێوە دەکرێت ئەویش بە خواستنی دەرەکی بۆ سەرچاوەکان و ئەو کەرەستانەی کە مامۆستایان وەك بابەتی فێرکردن بۆ بەرژەوەندیی خوێندکاران بەکاری دێنن، خواستنی ئەو سەرچاوانە بۆ وەرزێك یان ساڵێك دەبێ و بە پێی پێویست و سیستمی وانە و پرۆگرامی پەیوەست بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانەوە.

٢-خزمەتگوزاریی ژێدەرو زانیارییەکان:

پێویستە لە کتێبخانە گشتییەکاندا خزمەتگوزارییەکانی ژێدەر (المراجع) لەگەڵ ئەو گەشەکردنە زۆرەدا بڕوات بەڕێوە کە لە بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی زانیاریدا هاتووەتە دی، ئیتر لە رووی چەندایەتییەوە بێت یاخود لە رووی چۆنایەتی و بابەتییەوە، چونکە شێوازە تەقلیدییەکان لە خزمەتگوزاریی ژێدەردا لە توانایدا نەماوە خواستی سوودمەندان جێبەجێ بکات و هاوسەنگیی نێوان خزمەتگوزارییە بەردەستەکەو داواکارییەکان لەسەر ئەو خزمەتگوزارییە رابگرێت، هەرچۆن لە

تواناشیدا نەماوە لە کۆمەڵگای نوێدا و بە پێی خواستی سوودمەندان گەشە بەخۆی بدات.

لە کارە سەرەکییەکان بۆ پێشکەکردنی ئەم خزمەتگوزارییە لە کتێبخانەی گشتیدا کردنەوەی بەشی سەربەخۆیە بەخۆی، هەروەها دانانی بەرپرسێك بۆ ئەو بەشە کە لە توانایدا بێ بەباشی و تەواویی خزمەتگوزاریی ژێدەر و خزمەتگوزاریی زانیارییەکان پێشکەش بکات. دەبێ ئەو بەرپرسە پسپۆڕە ژێدەرو سەرچاوەکانی بەشەکەی بخاتە بەردەستی سوودمەندان و هاوکات هەر شتێکی تر کە لە کتێبخانەکەیدا دەست نەکەوێ ئەوا بۆ دابینکردنیان پەنا بەرێتە بەر کتێبخانەکانی تر، هەرچۆن بۆی هەیە هەندێ سەرچاوەی کتێبخانەیی تر لە کارگێڕیی ناوەندیی بخوازێ، ئەو کارگێڕییە سەرەکییەی کتێبخانەکەی بەستراوە پێیەوە، یان لە کتێبخانەی ناوەندیی شارەکەیان و تەنانەت لە کتێبخانەی نەتەوەیی وڵاتەکەیان، ئەویش لەرێی کارگێڕیی ناوەندی و کتێبخانەی ناوەندییەوە.

دەبێ کۆمەڵەی ژێدەرو زانیارییەکان لە کتێبخانەی گشتیدا، کەتەلۆکی بازرگانی و راپۆرتی کۆمپانیاکانیش بگرێتەخۆ، هەروەها دەبێ لەو بەشەدا لیستی یەکگرتووی سەرچاوەکانی کتێبخانە گشتییەکانی تر لە بەردەستدا بێ، لەگەڵ زانیاریی سەبارەت چۆنێتی بەدەستخستنیان، ئیتر لەرێی خواستنی نێوان کتێبخانەکانەوە بێت، یان لەرێی لە بەرگرتنەوەی ئەو ژێدەرو سەرچاوانەوە کە توانای خواستنیان نییە.

پێویستە کتێبخانە جەخت لەسەر دانانی ئەو سەرچاوانە بکاتەوە کە زانیارییان تیایە لەمەڕ خزمەتگوزاریی ژێدەریی لە کتێبخانە گشتییەکاندا، ئەوانیش بریتیین لە چاپکراوە حکومەتییەکان کە سیمای ناوچەیی و هەرێمی و نەتەوەیی و نێو دەوڵەتی ـ

یان هەیە، هەروەها ئەو سەرچاوانەی زانیارییان تێدایە لەسەر مێژووی ناوچەکە، کە بریتیین لە وێنە و نەخشە و دیاریکردنی جێگایەکانی ئەو ناوچەیە.

هەرچۆن دەبێ خزمەتگوزارییەکانی وێنەگرتن و لەبەرگرتنەوە لەبەر دەستدا بن، تا توێژەران بتوانن بە خێرایی دانەیەك بۆ خۆیان لەو سەرچاوانە دابین بکەن کە کەم و دەگمەنن، هەرچۆن لەبەرگرتنەوەی خێرایی سەرچاوەکان کات دەگێڕێتەوە بۆ توێژەران، ئەمە جگە لەوەی دەکرێ لەڕێی تەلەفۆنەوە و بەخێرایی هەندێ زانیاریی لەو بەشە بە تەلەفۆن وەربگیرێت، ئەوەش کە بەو شێوەیە نەدرێ ئەوا دەکرێ لەڕێی پۆستەوە بگەێنرێت، یان داوا لە سوودمەند بکرێت خۆی سەردانی کتێبخانە بکات بۆ وەرگرتنی سەرچاوەو زانیارییەکان لە کاتی پێویستدا.

٣-خزمەتگوزاریی سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان:

سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان، هەر وەك سەرچاوەی زانیارییەکانی تر، تۆمارن بۆ زانیارییە مرۆیی و دەستکەوتە کۆمەڵایەتی و زانستی و هونەرییەکان، ئەو سەرچاوانە تەواوی زانیارییەکان بە ڕێگایەك دەخەنە بەرچاو کە لەگەڵ خۆیاندا چێژ بەخش دەبن بە سوودمەند و زۆرجار کاریگەرتریش دەبن لە سەرچاوە چاپکراوەکان، هەر بۆیە دەبینین بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەرچاوانە بەشێوەیەکی بەردەوام داخوازییان لەسەرە، بەو پێیەش کۆمەڵەی تۆمارە دەنگییەکان و فیلمەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان لەنێو سەرچاوەکاندا بەرەو زیادبوون دەڕوات و بە سەرچاوەی بنچینەیی ناودێر دەکرێن، کەواتە دەبێ وەك خزمەتگوزارییەك لە خزمەتی گەورەو لاو و منداڵاندا بن.

پێویستە لە کاتی داڕشتنی سیستمی کتێبخانەی گشتیدا جێگایەك بۆ سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان دابین بکرێت و پارێزگارییان لێ بکرێت، هەروەك سەرچاوەکانی

خوێندنەوەی تەقلیدی (کتێبی کاغەزین)، ئەو سەرچاوانە پێویستیان بە ئامێرە بۆ بەکارهێنانیان، ئامێرەکانیش پێویستیان بە پارێزگاری و چاودێری و چاککردنەوەیە بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەوانە پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە بە پێچەوانەی سەرچاوە تەقلیدییەکان کە کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکانن، هەر چۆن هەڵبژاردنی کۆمەڵە سەرچاوەکانی بیستراو و بینراو تا رادەیەکی زۆر لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکاندا کارێکی ئاڵۆزە، ئەویش بە هۆی نەبوونی توانای ناسینی سەرچاوەکان بەر لە کڕینیانەوەیە، بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەم جۆرە سەرچاوانە بە بڕی یەکجار زۆر بەرهەم دەهێنرێن، ئەوەش دەرفەتی هەڵبژاردن فراوان دەکات، بە پێچەوانەی وڵاتە تازە پێشکەوتووەکانەوە کەوا سەرچاوەی لەو جۆرە تەنیا لە چوارچێوەی بابەتە زمانەوانی و رۆشنبیرییە سنووردارەکاندا، هەربۆیە هەڵبژاردن دەبێتە کارێکی قورس و ئاڵۆز!

دەکرێ هەر کتێبخانەیەك بۆ کڕینی سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان پشت بەو پێودانە ببەستێ کە لە کاتی هەڵبژاردن و کڕینی کتێبدا پەیڕەوی دەکات، پێویستە هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوانە بەو پەڕی بایەخەوە بێت، چونکە تێچووی زۆریان دەوێ، چ لە کڕینیاندا یان لە چاککردنەوەی ئامێرەکانی کارپێکردنیاندا، دەبێ بۆ کڕینیان لیستی سەرەکیی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێ، هەروەها نمایشە بڵاوکراوەکان و رێبەرەکان لە رۆژنامەکاندا، کە تایبەت دەبن بەو سەرچاوانە.

موزیکە تۆمارکراوەکان و نمایشە دراميیەکان و جۆرەکانی تری هونەرە جوانەکان، لە بابەتە هەرە پێویستەکانن وەك کەرەستەیەك بۆ ناو هەر کتێبخانەیەك، بە تایبەت ئەگەر ژمارەی نمایشەکان و بابەتە هونەرییەکان کەم بن و سنووری چالاکییەکانیشیان دیاریکراو بن، هەڵبەت بە تەنیا نمایشیان لە تەلەفزیۆن و رادیۆکانەوە مەبەستی تەواو

ناپێکێ، هەر بۆیە پێویستە کتێبخانە ئەو نمایشە موزیکی و هونەرییانە بخاتە بەردەست، بەو پێیەی کتێبخانە ناوەندێکی کلتوورییە و دەبێ هەموو شێوەکانی چالاکی رۆشنبیریی تیادا کۆبێتەوە.

پێویستە لە کتێبخانەی گشتیدا تومارێك هەبێت بۆ تیانووسی موزیکی کلاسیکی وڵاتانی رۆژئاوا، یان عەرەبی و ئەفریقی، ئەویش بە بەراودرد بەو ژینگەیەی کتێبخانەکەی تیادا دەبێ، هەروەها پێویستە ئەو سەرچاوە بیستراو، بینراوانە گوزارشت لە ماوەی زەمەنی جیاواز بکەن، هەروەها لە جیاوازیی فۆرم و وڵاتان و ئامێرو هونەرمەندو ئاواز دانەرەکان، هاوکات دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کەوا موزیکە تۆمارکراوەکان جێبایەخی ناوچەیی و هەرێمین.

٤-خزمەتگوزاریی لاوان و گەورەکان:

لە سیستمی کتێبخانەییدا، خواستنی کتێب و سەرچاوە کتێبخانەییەکانی تر بۆ سوود لێوەرگرتنییان لە ماڵەوە، ئەرکی سەرەکیی هەر کتێبخانەیەکی گشتییە، بەڵام ئەمە لە خراپی نیشتەجێبوون، چونکە بچووکی و تەنگی ماڵەکان رێگر دەبن لە رەخساندنی هەلی لەبار بۆ خوێندنەوە لە ماڵەوەدا، لەو کاتانەدا پێویستە کتێبخانە جێگای شیاو لەسەر رووبەری گونجاو بۆ لاوان و گەورەکان دابین بکات تا بەباشی تیایدا بخوێننەوەو شوێنەکە وەها بێ چالاکیی جۆراوجۆری بە مەبەستی (فێرکردنی بەردەوام) تیا بنوێنرێت وەکو گفتوگۆ و دیدار و نمایشی فیلم و...تاد.

مەبەستی سەرەکیی لە پشت خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی بۆ گەورە و لاوان، رەخساندنی دەرفەتە بۆ گەیشتن بەو سەرچاوانەی بە رێگای تر پێیان ناگەن، هەر بۆیە دەبێ جەخت لەسەر خستنە بەردەستی بێ بەرامبەری سەرچاوەکان بکرێت بە بێ هیچ

تێچووی پارەیەك لەلایەن سوودمەندانەوە، لەگەڵ کارکردن بۆ دەرفەتدان بە سوودمەند کە بەنێو سەرچاوەکاندا بگەڕێ و بابەتی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت، لە ئێستادا لە زۆر وڵات حکومەت هەلی لەباری رەخساندوە بۆ خستنە بەردەستی بێ بەرامبەری سەرچاوەکان بۆ هەمووان، بەڵام لەو وڵاتانەدا کە سیستمی کتێبخانەی خوێندنگاکانی تیادا دامەزراوە، ئەوا پەیڕەوکردنی ئەو سیستمانە بۆ کتێبخانە گشتییەکانیان ئاسان دەبێ، چونکە منداڵان دەبنە خاوەن ئەزموون و هەندێ شارەزا بۆ خواستنی کتێب بە مەبەستی خوێندنەوەیان لە ماڵەوە، تەنانەت دەتوانن ئەوانە پێشتر بگێڕنەوەو لە بری ئەوان سەرچاوەی تر بۆ سوود وەرگرتن بخوازن، هەر ئەو منداڵانەن کە دەبنە بەشێکی زۆر لەوانەی داهاتوو هامشۆی کتێبخانەی گشتی دەکەن، بگرە لە تەمەنی لاوێتییەوە تا گەورەبوونیان هەمیشە کتێبخانە بەکاردێنن.

پێویستە پلان هەبێ بۆ لاوان و گەورەکان لە کتێبخانەی گشتیدا، ئەوەش بە هاوکاریی لەگەڵ دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا، بە تایبەت ئەوانەی لە بوارە خزمەتگوزاری و رۆشنبیرییەکاندا کار دەکەن.

دەبێ بەشی خوێنەرە گەورەکان لە کتێبخانەدا سەرچاوەی زۆری بۆ خواستنی دەرەکی و کارە ژێدەرییەکان و چاپکراوە حکومەتییەکان و خولاوەکان دابین بکات، هەرچۆن دەبێ کتێبخانەی گشتی پرۆگرامی پێشکەشکردنی بابەتە بەزمەساتەکانی هەبێ، لەگەڵ بەرنامەی زانیارییەکان لە بابەتی جیاوازدا، ئەمە بێجگە لە نمایشی موزیك و دیالۆژ و گفتوگۆ سەبارەت بابەتەکانی وەکو بەڕێوەبردنی ماڵ و گەشە بەخۆدان و ژیانی خێزانی و کشتوکاڵ و هونەرە جوانەکان و پیشەی دەست و...تاد، هەرچۆن پێویستیشە لە کتێبخانەدا هۆڵی کۆبوونەوە و سیمینارەکان هەبێ بۆ

بەڕێوەبردنی بەرنامەی تایبەت بە گەورەکان، هاوکات دەبێ پێشوازیی لە هەر پێشنیازێك بکرێ کە هەر کەسێك سەبارەت بەرایی کردنی ئەو بەرنامانە پێشکەشی بکەن.

خزمەتگوزارییەکی گرنگی دیکەی کتێبخانە هەیە بۆ تەمەنە گەورەکان، ئەویش تایبەتە بە سوودمەندان لە کەمینە ئیتیکییەکان و زمانەکانی تر کە لەو ناوچەیەدا دەژین کەوا کتێبخانەکەی تێدایە، ئەوانەی ماڵئاواییان لە ژینگەی خۆیان کردوە و هاتوونەتە نێو کۆمەڵگایەکی نامۆ و ژیانێکی نوێوە، دەبێ کتێبخانە سەرچاوەی باش بە زمانەکانی ئەوان دابین بکات، هەروەها بەرنامە ڕێژی بکات بۆ پێشکەشکردنیان بەو کۆمەڵگا نوێیەی تیایدا دەژین، لەگەڵ ناساندنی چالاکییان بە خەڵکی.

زۆر پێویستە بەشی لاوان لە کتێبخانەی گشتییدا داخوازیی خوێنەرە مێرمنداڵەکان دابین بکات لە کتێب و سەرچاوە کتێبخانەییەکانی تر کە سەرنج ڕاکێش بن لایان، وەکو گەشەدان بە خود و پیشەمەندی و وەرزش و ئارەزووەکان و سەرچاوەی تری پەیوەست بە ژیانی گەنجانی بچووکتر لە ٢٠ساڵان، هەر لەوێوە مێرمنداڵەکان ئاشنا دەکرێن بە سەرچاوەکانی بەشی گەورەکان.

هەروەها دەبێ بەشی لاوان بەرنامەی خۆشبەسەربردنی هەبێ وەك دیدار و دیالۆژ، نمایشی فیلم، سەردان بۆ ئەو جێگایانەی جێبایەخیانە، ئەوەش بە پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بۆ سەرپەرشتیی چالاکییەکان، لە کاتی بەرنامە ڕیژیدا بۆ خوێنەرە لاوەکان، دەبێ ڕەچاوی چەند ئامانجێك بکرێ، لەوانە:

-کتێبخانە بە جۆرێك لێ بکرێن کە پێشوازیی باش لە خوێنەران بکات.

-راكێشانی کەسانی دیکە، کە تا ئەو کاتە سوودمەند نەبوون لە کتێبخانە بۆ سەردانی کتێبخانە.

-زیادکردنی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی کتێبخانە لەرێی چالاکییە کتێبخانەییەکانی وەك: پێشانگاکانی کتێب، ئامادەکردنی لیستە بیبلیۆگرافیاکانەوە، لێدوان لەسەر کتێب.

-هاندانی گەشەکردنی زیرەکی و داهێنان و گوزارشت لەخود لەنێو مێردمنداڵاندا لەرێی بەشداری پێکردنیان لە بەرنامە هەمەرەنگەکانەوە.

-بایەخدانی زیاتر بە کتێبخانە و زۆرتر بەکارهێنانی وەك دامەزراوێکی پەروەردەیی و رۆشنبیری.

-پەیوەندیی گرتن لە نێوان کتێبخانە و گروپە لاوەکان و رێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگا و هاندانی بەرنامەی هاوبەش لە نێوانیاندا.

٥- خزمەتگوزاریی منداڵان:

کتێبخانەی گشتی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە بواری گشتییەوە منداڵ بەشێکی سەرەکییە لە کۆمەڵگا، هەر بۆیە هەوڵی هاوبەشی هەبووە لەگەڵ ئەو رێکخراوە گرنگانەی لە کۆمەڵدا لە پێناوی منداڵاندا کاردەکەن.

بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتییدا لە پێشەوەی ئەو بەشانەیە کە تیایدا دادەمەزرێ، بەر لە بەشەکانی سوودمەندە گەورەو لاوەکان دادەمەزرێ، لە جیهاندا وڵات نییە کە ئەو بایەخەی لەلا نەبێت و کتێبخانەی منداڵان درووست نەکات، سەدان هەزار لە خەڵکی کار دەکەن بۆ ئەوەی خوێندنەوە بکەنە کلتورێك لە نێو لاوانی دوارۆژدا.

پێویستە پەیوەندیی لە نێوان قوتابخانە و سیستمی خزمەتگوزاریی منداڵان لە کتێبخانەی گشتییدا توندوتۆڵ بێت، ئەو خزمەتگوزارییە پێویستی بە کەسانێکە لەرووی پیشەمەندییەوە راهێنراوبن و لە چالاکییەکانی تایبەت بە منداڵاندا شارەزا بن، وەکو خوێندنەوەی چیرۆك بۆ منداڵان، کارکردن لەگەڵ منداڵە کەمئەندامەکاندا، سازکردنی پێشبڕکێ بۆ خوێندنەوەی شیعر و نیگار کێشان، گەشەپێدانی بەهرەی منداڵان لە کارە دەستییەکاندا، فێربوونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، نمایشی شانۆگەریی و بەشداریی لە شانۆی بووکەڵەدا...تاد.

بۆ هاندانی منداڵان تاوەکو رووبکەنە نووسین، دەکرێ دەوڵەت پێشبڕکێ بۆ منداڵە بە تواناکان ساز بکات و لە بەرهەمی خۆیان بە کورتە چیرۆك بەشداریی بکەن، دەکرێت بەرهەمە خەڵاتکراوەکان لە گۆڤاری تایبەت بە منداڵاندا بڵاوبکرێتەوە، سروشتی نافەرمیی بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتییدا رێگا خۆشکەر دەبێ بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە چالاکییانە کە کاریگەرییان دەبێ بۆ باشکردنی ئاکار و هەڵسوکەوتی منداڵان و بەهێز بوونی ویستەکانیان و داهێنان و فراوانبوونی ئەندێشەیان.

دەبێ هاوکاری هەبێ لە نێوان کتێبخانەی گشتیی و پسپۆڕاندا و سەبارەت بە چالاکیی منداڵ پرسیاریان پێ بکرێت، لەوانەش بۆ دەوڵەمەند کردنی سەرچاوەکانی منداڵان لە کتێبخانەدا دیسانەوە پرس بەوان بکرێت، هاوکات دەبێت مەشق بەو کارمەندانە بکرێت کە لە کتێبخانەی منداڵان و چالاکییەکانی ئەواندا کار دەکەن، هەرچۆن دەبێ بەوردی بودجە بۆ دابینکردنی سەرچاوەکانی منداڵان دابین بکرێت و ئەو بودجەیە بە باشی خەرج بکرێت.

هەرچەندە سیستمی خوێندن و فێرکردنی منداڵان بەشێوەیەکی گشتگیرە و منداڵان دەخوێنن و کتێبی منداڵانیش یەکجار زۆرن، بەڵام زۆر لە منداڵان لەماڵەوە کتێبیان نییە، هەر بۆیە دەبێ کتێبخانەی گشتی ڕێگا خۆشبکات بۆیان تا بخوێننەوەو زانیارییەکانیان فراوان بکەن، گەر ئەوە هاتە دی، ئەوا خزمەتێکی مەزن بە کۆمەڵگا دەگەیەنرێت و واشدەکرێت بەردەوام و بۆ ساڵانی داهاتووش ئەو منداڵانە بخوێننەوە.

هەندێك لە ئەمینداری کتێبخانەکان پێیان وایە کە منداڵان نابێ لە ساڵانی یەکەمیان، بەر لە چوونە قوتابخانە هامشۆی کتێبخانە بکەن و سەرچاوەکانی بەکاربهێنن، بەڵام ئەم بۆ چوونە هەڵەیە، چونکە بایەخی منداڵان لە تەمەنی بچووکیانەوە دەستپێدەکات و فێربوونی بەکارهێنانی کتێبخانەش لەلایەن ئەوانەوە بەر لە چوونە قوتابخانە بێت، کارێکی باشە و هەر کە تەماشای وشە نووسراوەکان دەکات بەختەوەر دەبێت و هەوڵی بەزۆر لێ تێگەیشتنییان دەدات.

ئەو منداڵانەی کە توانای بەکارهێنانی کتێبخانەیان هەیە، ئەوا دەبێ هەوڵبدرێت ئەو بەکارهێنانەیان لەلا زیاد بکرێت، بە تایبەت ئەوەی کەزۆریان لا پەسندە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بۆیان، هەر بۆیە دەبێ سەعاتەکانی چیرۆك خوێندنەوەیان بۆ زیاد بکرێت، پێویستە ئەو کەسەی کە چیرۆك دەخوێنێتەوەو دەگێڕێتەوە خاوەنی تواناو ژیری بێت و لەگەڵ ئەو چیرۆکەدا بژی کە بۆیان دەگێڕێتەوە، هەر چۆن دەبێ پەلە نەکات و لە کاتی پێویستیدا بەشداری بە منداڵەکان بکات و پرسیاریان لەسەر چیرۆکەکە لێ بکات، ئەمینداری کتێبخانەی منداڵان دەتوانێ چیرۆکەکانیان بۆ کورت بکاتەوە و جاری تر خۆی بۆیان بگێڕێتەوە، لەو کاتەشدا دەتوانرێ گوزارشتی زیاتر و جۆرە نواندنێك لە کاتی گێڕانەوەکەدا بکرێت و جووڵەی زیاتری لەگەڵدا نیشانبدرێت،

گەر ئەمینداری کتێبخانە ئەو توانایانەی تیا نەبوو ئەوە دەکرێ کارمەندی تری بەشەکە بە بەهرەمەندیی خۆیانەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن. هەر لەم بەشەدا گوتار و وانەو نمایشی فیلم وا لە منداڵ دەکەن بە قووڵیی زیاترەوە روو لە خوێندنەوە بکەن، هەر چۆن پێشبڕکێ و بەرنامەکانی خوێندنەوە هانی زیاتری منداڵ دەدەن بۆ خوێندنەوەی ئامانجدار.

لە پشووەکانیشدا دەتوانرێ کتێبخانەی گەڕۆك و ئۆتۆمبیلی گوازەرەوەی کتێب بەکاربهێنرێت.

کارێکی زەحمەتە بۆ کارمەندی کتێبخانە بگاتە ئەو منداڵانەی کە هەرگیز هامشۆی کتێبخانەییان نەکردووە، ئەویش بە هۆی بێبایەخی خێزانەکانیەنەوە بووبێت زیاتر لە منداڵەکان خۆیان بۆ بەکارهێنانی کتێب و کتێبخانە، چونکە تا ئەمڕۆ بەشێك لەو باوکان لایان وایە کە منداڵ نابێ کتێب بەکاربهێنێت تا ئەو کاتەی دەوامی قوتابخانە دەکرێتەوە!

تەنانەت لایان وایە کتێبخانە شتێکی ئەوتۆی تیا نییە تا بە کەڵکی منداڵەکانیان بێت!!

چ بەر لە چوونە قوتابخانە و چ دوای ئەوەش، هەر چەندە توانای پێشوەخت لای منداڵ و ناسینی پیتەکانی نووسین لە نێو کتێبە چاپکراوەکاندا بەر لە فێربوونی منداڵ لە قوتابخانەدا بە ماوەیەکی زۆر، دەبێتە هاندانی منداڵ بۆ گرنگیدان بە لاپەڕەی چاپکراوی نێو کتێبەکانی قوتابخانە و لە ناخیاندا حەزی خوێندنەوە دەچێنرێت، هەر چۆن دەزانن پەیوەندیی نێوان وێنەی نێو کتێبەکان و شتەکانی دەورو بەریان بدۆزنەوە.

هەرچۆن بەکارهێنانی کتێب فێریان دەکات چۆن لاپەڕە هەڵبدەنەوەو بە باشی سەرنج بدەن. لێرەوە دەپرسین، ئاخۆ کتێبخانەی گشتی چۆن دەتوانێ ئەو پەیامە بەو باوکانە بگەیێنێ کە بایەخی ئەوتۆیان نییە؟!

یەکێك لەو ڕێگایانە بەهۆی پۆستەر و بڵاوکراوەوە دەبێت کە لە کلینیك و مەڵبەندی تەندروستی و دایەنگاو باخچەکانی ساوایان هەڵدەواسرێن، یان لەرێی ئەو دامەزراو و ڕێکخراوانەوە کە پەیوەندیی نزیکیان بە منداڵانەوە هەیە، هەندێك کتێبخانە هەن کۆمەڵە کتێب بە خواستن دەدەنە باخچەی ساوایان و دایەنگاکان، لەگەڵ ژمارەی زیاتردا بۆیان تا لە ماڵەکانیاندا بۆیان بەکاربهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ کارمەندی کتێبخانە پەنا بباتە بەر دایکان و باوکان و کارمەندی تەندروستی و سەرپەشتیاری کۆمەڵایەتیی باخچەکان و قوتابخانەکان تا خوێندنەوە لەلای منداڵ شیرین بکەن، هەرچۆن کتێبخانەی منداڵان پێویستە ئاگاداری هەموو میتۆدە نوێیەکان بێت کە تایبەت دەبن بە گۆڕانکاریی لەو بوارانەدا.

٦- خزمەتگوزاریی لەگەڵ قوتابخانەکان:

لە کۆنەوە ڕۆڵی کتێبخانەی قوتابخانەکان لە نێو قوتابخانەو خوێندنگاکاندا دەرکەوتووەو بە زۆریی ئەم جۆرە کتێبخانەیە لەلایەن بەڕێوەبردنی ناوەندیی دامەزراوە پەروەردەییەکەوە بەڕێوە دەبرێت، ئەویش بۆ دڵنیابوون لە هاوشێوەیی ئەو خزمەتگوزارییە لە سەرجەم قوتابخانەکاندا بۆ مامۆستاکان یاخود بۆ قوتابییەکان.

کتێبخانەی قوتابخانە بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەی سەرەکیی سیستمی کتێبخانەکان لە هەر وڵاتێکدا و پێویستە بە پلان و بەڕێوەبردنی کارامە بکرێتە ئامانجێکی بایەخدار لە سیاسەتی نەتەوەیی پەروەردەدا، هەربۆیە دەبێ کتێبخانەی

گشتی ڕەچاوی پەیوەندیی توندوتۆڵ بکات لەگەڵ کتێبخانەی قوتابخانەکاندا و زۆر چالاکیی هاوبەش پێکەوە بنوێنن.

لە زۆر وڵاتدا کتێبخانەی گشتی خزمەتی قوتابخانەکانی بۆ ساڵانێکی زۆر کردوە، وەك وڵاتی دانیمارك، کە سەرپەرشتیی کتێبخانەی قوتابخانەکان لە لایەن کتێبخانەی گشتییەوە کراوە، بەڵام دوای گۆڕانکارییەکان لە میتۆد و شێوازە پەروەردەییەکاندا، کتێبخانەی قوتابخانەکان لە سیستمی کتێبخانەی گشتی دوورخراونەتەوەو لەسەر بنەمایەکی سەربەخۆ خراونەتە گەڕ، بەڵام زۆرجار کاروباریان ئاڵۆز بووە، لە هەندێ وڵاتی تردا کتێبخانەی نەتەوەیی ئەرکی دابینکردنی کتێبی بۆ هەردوو کتێبخانەی قوتابخانەیی و کتێبخانەی گشتیی لە ئەستۆ گرتووە.

پێویستە هاریکاریی لە نێوان هەردوو کتێبخانەی گشتی و قوتابخانەیی لە کۆمەڵێك بواردا هەبێت، لەوانە:

ئامادەکاریی بۆ کردنەوەی خولی کورت بۆ مامۆستا و وانەبێژانی بواری کتێبخانە، پێشکەشکردنی ڕێنمایی و ڕاوێژ بۆ مامۆستا و کارمەندانی بواری کتێبخانەی قوتابخانەیی، پێڕست و پۆلێن و چاککردنەوەی سەرچاوەکان(کتێبەکان)، هەرچۆن پێویستە کارمەندی بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتی هاوکاریی کتێبخانەی قوتابخانەیی بکات لە ڕووی خستنە بەردەستی کۆمەڵە سەرچاوە بەدەستهاتووەکان و سەردانکردنی هەردوو لا بۆ لای یەکتر.

زۆر لە کتێبخانە گشتییەکان کۆمەڵە سەرچاوەی خوێندنەوە وەك پشتگیرییەك دەخەنە خزمەت کتێبخانەی قوتابخانەکان و پێشکەشەشیان دەکەن، هاوکات گەلێ سەرچاوەی تر وەك خواستن دەدەن پێیان، بۆ ماوەی دیاریکراو، ئەوەش کەموکوڕیی

نەبوونی سەرچاوەکان لەلایان پڕ دەکاتەوە، سەرکەوتنی ئەو جۆرە هاوکارییە پەیوەستە بە ئامانجی مامۆستاکان و توانایی بەڕێوەبەری قوتابخانەو کارمەندان و بەڕێوەبردنی ناوچەیی قوتابخانەکانەوە.

کارمەندی کتێبخانە لە قوتابخانەکاندا دەبنە هاندەر بۆ برەودان بە خوێندنەوەی قوتابیان، بە تایبەت ئەوانەی لەماڵەکانیاندا هاندانی باشیان نییە بۆ خوێندنەوە، هەرچۆن قوتابخانە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە هەموو قوتابییەك، لە نەژادو نەتەوەی جیاواز.

ئەو جۆرە ئازادییەی کتێبخانەی منداڵان دەیبەخشێ، لە کتێبخانەی قوتابخانەدا بەو جۆرە نییە، ئەویش لەبەر وابەستەبوون بە سیستمی خوێندنی فەرمییەوە، هەر ئەو ئازادییەشە وا دەکات منداڵان زیاتر ڕووبکەنە بەشی منداڵان لە کتێبخانە گشتییەکان، کەواتە پێویستە کارمەندانی کتێبخانەی قوتابخانەیی جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان قوتابخانەو کتێبخانەی گشتیی ناوچەی خۆجێی دروست بکەن، بەوەش پەیوەندیی لە نێوان ئەمینداری کتێبخانەی منداڵان و قوتابی و مامۆستایاندا دروست دەبێ، بەوەش چەندین هەنگاو لە نێوان ئەوانەی لەوەبەر کتێبخانەیان بەکارهێناوە بۆ کتێبخانەکان نزیك بوونەوە ڕوودەدات.

٧- خزمەتگوزاریی تازە خوێنەرەکان و ناوچەی گوندنشینەکان:

ئەرکی کتێبخانەی گشتییە بەردەوام ڕۆڵی زیندوو ببینێت لە پشتیوانی و بڵاوکردنەوەی پەروەردەی بەردەوامدا، بە تایبەت لەگەڵ تازە خوێنەرە گەورەکاندا، هەربۆیە دەبێ کتێبخانە پێویستیی ئەو توێژە بەر لەوانی تر لە بەرچاو بگرێت، بە

تایبەت لەو وڵاتانەدا کە بەرنامەی خوێندنی گەورەکان لە پێناوی فێربوونی پیشەی نوێدا، پیادە دەکەن.

لەگەڵ سازانی شێوازی ژیانی نوێ و گونجان لەگەڵ ڕەوشە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا، هەرچۆن سیستمی کتێبخانەی گشتی ڕۆڵی گەورە دەبینێ لەو وڵاتانەدا کە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی فێربووندان لە نێو هاووڵاتییەکانیاندا.

یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی گشتی بۆ خوێنەرە نوێییەکانی، شارەزا کردنیانە بە چالاکیی پراکتیکی و کارزانیی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەیانە، هەرچۆن پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی بە تازە خوێنەرەکانی ناوچە گوندنشینەکان بایەخی گەورەی خۆی هەیە، چونکە خەڵکێکی زۆر لە گوندە تەریك و دوورە دەستەکاندا دەژین، ئەوەش بەشێکە لە سیاسەت و پلانی درێژخایەنی حکومەتەکان، بە مەبەستی گەشەپێدان، هاوکات قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری جێبایەخی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانە و گەورەترین کۆسپ لە بەردەم بەرپرسانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا دەستەبەرکردنی ئەو سەرچاوانەن کە گونجاون بۆ خوێندنەوەی ئەوانەی لە هەڵمەتەکاندا بەشدار دەبن، کەواتە پێویستە دەوڵەت بە تەنیا خزمەتگوزاریی خۆی لە شارەکان و ناوچە گوندنشینە گەورەکاندا نەخاتە کار، بەڵکو سیستمی کتێبخانەیی تەواو لە ناوچە گوندنشینە دوورەدەستەکانیشدا جێبەجێبکات، چونکە لە هەندێ وڵاتدا کۆمەڵگا گوندنشینەکان لە ناوچەی جیاواز و دوور لە شارەکاندان، بەڵکو لە هەندێکیاندا دەکەونە ناوچە شاخاوییەکان و گرفتی ڕێگاوبان پەیوەندیشیان هەیە.

بەڵام کێشەی دەستەبەرکردنی کتێب بۆ ناوچە گوندنشینەکان، بە چەند ڕێگایەك چارەسەرکراوە، یەکێك لەو ڕێگایانە کتێبخانەی گەڕۆکە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ

خزمەتگوزاریی خۆی دەگەیێنێ بەو سوودمەندانەی کە لە ناوچە تەریك و دوورەکاندا لە گوندە بچکۆلەکانیان ماڵەکانیاندا دەژین، کەوا قەوارەیان ڕێگا نادات کە کتێبخانەی جێگیر، یان سەنتەری کتێببیان تیادا بکرێتەوە، هەروەها دەکرێ کۆمەڵە کتێب بسپێرێت پێیان تا لە یەکێك لە خانووەکاندا دابنرێت و بۆ خوێندنەوە و خوێندن سوودیان لێ وەربگیرێت و ئەوانە وەك کتێبخانەی گوندیان لێدێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی خوێندنەوە لە گوندەکان دەبنەوە کەم نین، دیارترینیان ئوتومبیلی گەڕۆك بۆ گەیاندنی کتێب ژمارەیان زۆر نییە و ناتوانن سەرجەم ناوچەکان بەسەر بکەنەوە، هەرچۆن زوو زوو ئەو ئوتومبیلانە لە کار دەکەون و چاك کردنەوەیان تێچووی زۆری دەوێ، کەواتە خزمەتگوزارییان سنوورداره، گرفتێکی تر کە ڕووبەڕووی خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گشتی دەبێتەوە لە گوندەکان کەمیی کتێب و سەرچاوەکانی تری خوێندنەوەیە بە زمانی نەتەوەیی یان فەرمیی ئەو وڵاتە، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لە ڕێی خواستنی هەندێ لە سەرچاوەکان بەشێوەیەکی دەوری لە سەنتەری گوندەکاندا، ئەمانە بێجگە لەوەی کە دەبێ لە سەنتەری ئەو گوندانەدا پێویست بە کارمەندی خۆبەخش دەکات کە لە هەندێ بۆنەدا ئەو خزمەتگوزارییە ببەن بەڕێوە.

لە ڕاستییدا ئەو خۆبەخشانە ڕۆڵی کارمەندی کتێبخانەکان دەبینن، کە بە بێ بەرامبەر یان بە پاداشتێکی زۆر کەم ئەو کارە بەڕێوە دەبەن، کەواتە پەیدا کردنی ئەو کەسانە زەحمەتە، لەبەر ئەوە زۆرجار مامۆستایان ڕۆڵی ئەوان دەبینن لەو شوێنانەدا کە دەبنە سەنتەری کتێبخانەی گوندەکان.

لە هەندێ جێگادا دانانی سەرپەرشتیاری گەڕۆك بۆ ئەو مەبەستە ئامانج دەپێکێ، ئەوانیش لای خۆیانەوە لە ناوچەکانیاندا یاریدەدەری ئەو کارە بۆ خۆیان دادەنێن و

ڕێنمایی پێویستیان دەکەن، هەروەها کتێبخانەی نەتەوەیی دەتوانێ بۆ خزمەتی زیاتر، پەیوەندی لەگەڵ کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی بچووکی گوندەکانیشەوە ببەستن بۆ سوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی کتێبخانەی نەتەوەیی، بە تایبەت بۆ وەرگرتنی زانیاری و بەشداریی کردن لە خول و مەشقەکانیاندا و وەرگرتنی زانیارییە هونەرییە نوێیەکان، کە کارمەندو هەڵسوڕاوانی ئەو کتێبخانانە پێویستییان پێییەتی.

٨-خزمەتگوزاریی کەمئەندام و نەخۆشەکان:

ماوەیەکی زۆرە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکان بۆ هەموو خەڵکی پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە، بۆ ئەوانەش کە هامشۆکردنیان بۆ کتێبخانە ئەرکێکی قورسە و بەزەحمەت دەیگەنێ، ئەوانە بریتیین لە کەمئەندام و پیرەکان، یان ئەوانەی گرفتی هۆشدارییان هەیە یان نەخۆشی سەرجێگایان، لەو جۆرە خزمەتگوزارییە لە ئێستادا دەگاتە نەخۆشخانەکان و ماڵی پیران و کەمئەندامان و ئەوانەش کە گرفتی بینین و بیستنیان هەیە، یان ئەوانەی کێشەی میشك و جووڵەیان هەیە، ئیتر گەورە بن یان منداڵ.

لە زۆر وڵاتدا خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی گەیشتووەتە نەخۆشخانەکان، بەشی کتێبخانەی نەخۆشخانەکان لە (یەکێتی نێو دەوڵەتیی کۆمەڵە و دامەزراوە کتێبخانەییەکان IFLA) چەندین ڕاپۆرتی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بایەخی ئەو بەشە لە جۆرەکانی کتێبخانەکاندا، هەرچۆن لەم کتێبخانەیەدا کۆمەڵێك نامیلکە و ڕێبەری سوودبەخش سەبارەت بەو زانیارییانەی بۆ نەخۆشەکان پێویستن چنگ دەکەون، هەروەها لە چەند وڵاتێکدا پێودانەی پێویست بۆ چۆنێتی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی لە نەخۆشخانەکاندا دارێژراوە، ئەمە بێجگە لە ئامادەکردنی لیستی بیبلیۆگرافی بۆ بەردەستی نەخۆشەکان تا ببێتە جێبایەخیان بۆ خوێندنەوەو کاتی باشبەسەربردن.

لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی بۆ نەخۆشی نەخۆشخانەکان مشتومڕێك هەیە، ئایا کتێبخانەی نەخۆشخانە لە پاڵ گەیاندنی ئەو خزمەتگوزارییە بۆ پزیشك و کارمەندەکان دەبێ بە هەمان شێوە لە خزمەتی نەخۆشەکانیشدا بێت؟ یان ئەو ئەرکە هەر لە ئەستۆی کتێبخانەی گشتیدا دەبێت.

بەپێی سیستمی بەریتانی، کتێبخانەی نەخۆشخانە بەرپرسی سەرەکییە لە گشت لایەنەکانی ئەو خزمەتگوزارییە لە دامەزراوەکانی چاودێریی تەندروستیدا، بەڵام دەبێ بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەکان هاوکاریی لە نێوان کتێبخانەی گشتی و کتێبخانەی نەخۆشخانەدا بکرێت، ئەوەش ئەگەری دووبارە بوونەوەی سەرچاوەکان کەم دەکاتەوە و هەر دوو لا ئاگاداری کتێبەکانی یەکتر دەبن.

کتێبخانەی نەخۆشخانەکان بە تایبەت وەڵامی داواکاریی ئەو نەخۆشانە نادەنەوە کە لە نەخۆشخانەکاندا، بەڵکو بەتەنگ ئەوانەشەوە دێن کە لەماڵەکانی خۆیاندا میوانی سەرجێگان و ناتوانن بۆ وەرگرتنی کتێب روو لە کتێبخانە گشتییەکان بکەن، لەو کاتانەدا دەبێت ئوتومبیل بەکار بهێنرێت بۆ دابەشکردنی کتێب و وەرگرتنەوەیان، هەرچۆن دەتوانرێ بە پۆستەدا کتێب بنێردرێت بۆ نەخۆشی ناوچە دوورەکان، هاوکات کتێب بەشێوەی خواستن دەدرێتە ئەوانەی چاویان کزە.

بەڵام خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گشتیی بۆ نابینایان، لەسەرەتادا لە زۆر شوێن بەشێوەیەکی خۆبەخشانەبووە و دواتر بووەتە بەشێك لە ئەرکە ئاساییەکانی کتێبخانە، هەمیشە بۆ نابیناکان کەرەستەی تایبەت دادەنرێ، وەك کتێبی چاپکراو بە پیتی دیار و گەورە، یان کتێبی بیستراو.

پێویستە یاساکانی کتێبخانە لە هەر وڵاتێکدا جەخت لەسەر خزمەتگوزاریی نابینایان بکاتەوە لەلایەن کتێبخانەی گشتییەوە، کاریش بە راسپاردەکانی IFLA

بکرێت، کە بەشێکیان خستنە بەردەستی گەڵانامەی نێو دەوڵەتییە بۆ خزمەتی نابینایان، هاوکات پێناسەی سەرچاوەکانیان دەکات و گەشە بە میکانیزمی خواستن دەدات لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی، لەگەڵ ڕێکخستنی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکان کە لە پێناوی نابینایان لە ئێستاداو بۆ داهاتوو داهێنراون.

لە زۆر وڵاتیشدا کتێبخانەی گشتی خزمەتگوزاریی پێشکەش بە مرۆڤە کاڵفامەکان دەکات، ئەوانەی لە رووی هۆشدارییەوە دواکەوتوون و ناتوانن بگەنە کتێبخانە، بۆ خزمەتی ئەوان لەرێی پۆستەوە سەرچاوەکانیان پێدەگەێنرێت، یان بە هۆی ئوتومبیلی تایبەتەوە کە دەگاتە ئەو جێگایانەی ئەو مرۆڤانەی تیادا دەژین، تەنانەت دەیگەێننە ماڵەکانیان، بۆ کەمئەندامان ناوبەناو جۆری سەرچاوەکان دەگۆڕدرێن بە هی تر تا زۆرترین سوودی لێ وەرگرن، خوێندنەوە بۆ ئەوان دەبێتە دەرفەتی دەرکەوتنی توانایان و بایەخیان، هەرچۆن گەشە بە کارەکانیان دەدات لە رووی پیشەگەریی و لێهاتوویەوە، دیسانەوە ئەم کۆمەکەی کەمئەندامان دەبێتە فاکتەری ئەوەی بە جۆرێك سوودمەند بن لە خوێندنەوە کە سەربەخۆیانە خۆ ببەن بەڕێوەو کەمتر پێویستیان بە پشتبەستن بێ بە کەسانی تر.

دەبێ بە تەنیا سەرچاوەکانی خوێندنەوە نەخرێنە بەردەست ئەم توپژەی کۆمەڵگا، بەڵکو دەبێ فیلم و تۆمار و نیگار و سەرچاوەکانی سێ رەهەندی (واتە ئەو سەرچاوانەی پەیوەستن بەو مەشقانەی دەیکەن، ئیدی لە ماڵدا بێ لەنێو خێزانەکانیان یان لە دامەزراوەکانی چاودێریی تایبەت بە خۆیان).

دەبێ لە کتێبخانەی گشتیدا کەسێك بەرپرسیار بێ لەو جۆرە سەرچاوانە، ئەویش لە پێناوی باشتر خزمەتکردنی ئەو توێژەی کە پێویستیان بە بایەخی تایبەت هەیە.

بەشی شەشەم
چالاکییەکانی تری کتێبخانە گشییەکان

هەرچەندە بایەخی سوودمەندان، ئەوانەی بـە شـێوەیەکی ڕێـك وپێـك و بـەردەوام هامشۆی کتێبخانە گشتییەکان بکـەن، بەشـێوەیەکی بەرچـاو کەمبووەتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشدا هێشتا سوودمەندان لە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکان هەر زۆرن، ئەوانەی سەرەتای هامشـۆیانە بـۆ کتێبخانـە، کاتێـك دەبیـنین کتێـب و سەرچـاوەی کتێبخانەیی تریان بێ بەرامبەر پێدەدرێت، تووشی رامان دەبن، هەرچۆن ئەوانـەی بـۆ یەکەمجار سەر دەکەن بەکتێبخانەدا هیچ لەو ئاسانکارییە نازانن کە کتێبخانە بۆیـانی دەکات، ئیتر لە وەڵامی پرسـیارە دیاریکراوەکانـدا بـێ، یـان چـۆنێتی بینینـی ئـەو سەرچاوانەی کە دەگمەنن و لە کتێبخانەدا لەبەر دەست دانانرێن، تەنیا کەمێکیش لەو هامشۆکەرانە ئاگاداری ئەو خزمەتگوزارییـە تایبەتانـەن کـە لەلایـەن بەڕێوەبـەرێتی کتێبخانەوە پێشکەش دەکرێن، وەکو خزمەتگوزاریی ئەوانەی ناتوانن لە ماڵ بێنەدەر، یان ئەوانەی پێشکەش بە کەمئەندامان دەکرێت لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، یان خزمـەتگوزاریی کتێبخانـەیی تایبـەت بـە زیندانـەکان، یـان قوتابخانـەکان، یـاخود دەستەبەرکردنی سەرچاوە بۆ گروپە ئیتنیکی و نەتەوایەتییەکان.

چالاکییەکانی تری کتێبخانە گشتییەکان، بریتیین لە:

١- برەو پێدانی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە :

بازاڕاندن، یان بازاڕگەرمکردن هۆکاری گرنگە بۆ برەودان بە خزمەتگوزارییـەکانی کتێبخانە گشتییەکان، بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هەندێ جارئەو برەودانـە بە ئەنجامی پێچەوانە دەشـکێتەوە، ئـەویش لـەو کاتانـەدا کـە کتێبخانـە نـەتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت، بە تایبەت کاتێك کتێبخانە نەیتوانیبێ ئامادەباشـی بـۆ ئـەو مەسەلەیە بکات، یان بانگەشە بۆ ئەوە پێشـبینی زیـاتری لـەلای خـەڵکی دروست

کردبێت لەچاو ئەوەی کە دەبینین، کەواتــە دەبــێ بانگەشــە بــۆ ئــەو برەوپێدانــە لــە کاتێکدا بێ کە خزمەتگوزارییە راگەیاندراوەکە گەیشتبێتە ئاســتێکی گونجــاو، ئــیتر لەرووی چۆنایەتییەوە بێت یان چەندایەتییەوە.

ئەم بازارگەرمکردنەی کتێبخانە جیاوازە لەوەی لە چالاکیی بازرگانیدا دەنوێنرێت، چونکە بانگەشەو ریکلامی بازرگانی سروشتێکی پێشــبڕکێی هەیــە و بەرهــەمێك لــە یەکێکی تر لەلای خەڵکی شیرین تر دەکات.

بەڵام وەك دەزانین بواری کتیبخانە بوارێك نییە بــۆ پێشــبڕکێ و ململانــێ، بــەڵام مەبەست لە ریکلام کردن بۆی ئاگادارکردنەوەی سوودمەندانە لە خزمەتگوزارییەکانی، لەوانەدا خەڵکی لە ئاسانکارییەکانی کتێبخانە ئاگادار دەکرێنەوە، بێگومان چالاکیی کتێبخانەیەك بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ئەویش بەندە بە توانای هەریەکەیانەوە لە رووی "هەڵکەوتەی تەلار، ئامێر و کەرەستە، کارمەندان، بودجە، سەرچاوەکانی و...تاد" ، هەرچۆن هەر کتێبخانەیــەك بــەپێی ئــەو کۆمەڵگایــە دەگۆڕدرێــت کــە لــە پێناویــدا خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش دەکات، هەڵبەت پلان و سیاسەتی کارگێڕیی خۆجیەتی هەر شوێنێك رۆڵی دەبێ لەسەر چەشنی کتێبخانەی گشتیی کە دەکەوێتە سنووری ئەو کارگێڕییەوە.

زۆر گرنگە رۆڵی ئەمینداری کتێبخانە لەبەرچاو بگرین، بە تایبەت لــە کتێبخانــە بچووکەکاندا کە یەك ئەمینداریان هەیە، ئەویش لــەرووی بانگەشــەو بــە بــازارکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەکەی.

ئەمینــدار و کارمەنــدی کتێبخانــە دەبــێ نیشــتەجێی ئــەو ناوچــەیە بــن کــە کتێبخانەکــەی تێدایــە و دەبــێ لــەلای خــەڵکی ناوچــەکە ناســراو بــێ و پەیوەنــدیی

هەبێ‌پێیانەوە لە پێداویستیەکانیان ئاگادار بێت، بەوەش کتێبخانە دەبێتە بەشێك لە کۆمەڵگاو لێی جودا نابێتەوە، هەروەها پێویستە ئەمینداری کتێبخانە رۆڵێکی بەرچاوی هەبێ لە چالاکییەکانی ناوچەکەیاندا، پەیوەندییەکانی ئەو رۆڵی گەورەی دەبێ لە دانەبڕانی کتێبخانە و کۆمەڵگای دەوروبەری، بەڵام گرنگە ئەو ئەمیندارە لە خەسڵەتییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاکەی شارەزا بێت و ئەوەش رۆڵی دەبێ لە بەرەودان بە چالاکییەکانی، هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوە بکلت لە جۆری دانیشتووانی ناوچەکەی، بازاڕەکان، هاتوچۆ، بونیادی کۆمەڵایەتی، ناوەندی تەمەنی خەڵکی ئەو ناوچەیە و بۆ هەموو ئەوانەش پێویستی بە سەرچاوەی زانیاریی دەبێ بۆ ئاگاداربوون لە هەموو ئەو پرسانە.

٢-بەشداریی لە تەلاری کتێبخانەدا

هەندێ شتی تر هەیە کە دەبێتەهۆکاری پەیوەندیی پتەو لە نێوان کتێبخانەو ژینگەو دەوروبەری، وەك رێگادان بە نووسینگەیەکی راوێژکاریی بۆ هاووڵاتیان لە ناو کتێبخانەدا، یان سەنتەرێك بۆ زانیاریی گەشتوگوزار، یان نووسینگەی دامەزراندن و لەو جۆرانە، ئەمە هەرچۆن دەبێتە هاوکاریی کتێبخانە بۆ ئەو نووسینگەو ئەو مەبەستانە هاوکات ئەوانەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر بەهێزکردنی لایەنی راگەیان، یان میدیایی کتیبخانە، هەرچۆن کتێبخانە سوودمەند دەبێت لە بەشداریی کردنی سەرچاوەکانی هەندێك زانیاریی گشتیدا.

گەر ئەوانە نەلوا، ئەوا بوونی کتێبخانە لە جێگایەکی گرنگ و دیاردا و تەلارێکی هاوبەشدا لەگەڵ (بۆ نموونە) نووسینگەیەکی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، یان کلینیکێکی پزیشکی، یان نووسینگەیەکی تۆمارکردن، یان مۆزەخانەیەکدا، ئەوا

یارمەتیی دەدات لە شوێنێکدا دەستبەکاربێت کە بە گرنگ دەزانرێت لای کۆمەڵگاو هاوکات سوودی هاوبەش دەگەیێنن بە گشت ئەو دام و دەزگایانەی جێبایەخن، واتە کتێبخانەکەو نووسینگە هاوسێکانی دەبنە مایەی سوودبینین لەو شوێن هەڵبژاردنەیان.

ڕۆڵی کتێبخانە بەردەوام لە پێشکەوتندایە، چونکە مەڵبەندی پاراستنی ئەو زانیارییانەیە کە تاکەکانی کۆمەڵ سوودی لێ دەبینن، کتێبخانە جێئامانجی هەندێك لە ڕێکخراو دامەزراوە حکومەتی و ناوچەییەکانەو مەبەستیانەبەهۆیەوە بەشێك لەو زانیارییانە بگەیێننە خەڵکی، بۆ نموونە چاپکراوەکانی وەزارەت و دامەزراوەکان بەهۆی کتێبخانەوە دەگاتە سوودمەندانیان، کەواتە بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان ئەوان و کتێبخانەی گشتیدا هەیە، مەرامی ئەوان دێتەدی و کتێبخانەش بێبەرامبەر کۆمەڵێ سەرچاوەی چنگ دەکەوێت، لێرەوە کتێبخانە دەتوانێ بانگەشەی چاك بۆ خزمەتگوزارییەکانی خۆی بکات و هاوکات تۆڕەکانی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دامەزراوەکانی نێو کۆمەڵگا پتەوتر بکات.

هەرچۆن کتێبخانە لە ڕێگای تری جۆراوجۆریشەوە دەتوانێ پەیوەندی خۆی بە کۆمەڵگاوە گرێبدات، لەوانە: هاندانی دامەزراوە نەتەوەیی و ناوچەییەکان بۆ کردنەوەی پێشانگا لە تەلاری کتێبخانەدا، ڕۆڵ بینین وەك سەنتەری بازنەکانی هەڵبژاردن، ئامادەکردنی ڕۆژمێری تایبەت بە ڕووداوەکانی شارو ناوچەکە، بەوەش مێژووی بۆنەکان جێگیر دەبێت و بە هەڵە بەکارناهێنرێن، بەهۆی ئەوانیشەوە پەیوەندیی هەموان بە کتێبخانەوە بەردەوام دەبێت.

٣- لێدوانی کتێبخانە:

ئەگەر کارمەندی کتێبخانە لە کۆمەڵەکەی خۆیدا ناسراو بوو، ئەوا دەبێت ناوبەناو باسێك لە کتێبخانەکەی بکات، دیارە هەندێ خەڵکی بەهرەمەندن وبە کارامەیی دەدوێن، چونکە سروشتی خۆیان وەهایە و قسەکەری باشن، بەڵام هەندێکی تر وەها نین و پێویستە خۆیان رابهێنن، بەڕێوەبەرایەتیی سەرکەوتووە کتێبخانە دەزانێت کامە کارمەند بە توانان بۆ ئاخافتن و کێ دەتوانێ بەرامبەر خەڵکێکی زۆر، وەك بەشێك لە کارەکەی لێدوان بدات.

دەبێ بۆ ئەم لایەنە کۆمەڵێك خاڵ لەبەرچاو بگیرێت، دیارە ئەمینداری کتێبخانە، یان هەر کارمەندێك دەتوانن بۆ خەڵکێکی ئاسایی بەباشی بدوێن، بەڵام بۆ ژمارەیەك پسپۆڕ و شارەزا و کارمەندی بواری کتێبخانەکان بەو جۆرە نابن، چونکە جۆرەکەی یەکەمیان لە چەند زانیارییەکی ئاسایی بەولاوە شتی ئەوتۆ سەبارەت بە کتێبخانە نازانن، کەواتە واباشە لێدوان بۆ ئەوان نافەرمی و بەشێوازێکی دۆستانە بێت واباشە قسەکەر بە تەنیا چەند خاڵێکی گشتی لەبەردەستدا بێ بۆ لێدوان، نەوەك خوێندنەوەی تێکستێکی لەوەوبەر ئامادەکراوی، چونکە لێدوان لە باسێکی بچووکدا وا دەکات خاوەنەکەی بە شێوەیەکی سروشتی دەربکەوێت، هەرچۆن یاریدەدەر دەبێ کە بە باشی وەڵامی پرسیار بداتەوە، بەڵام پێویستە بیرۆکەی رۆشنی هەبێ بۆ لێدوانەکەی و لەسەرخۆ و بە روونی قسەکانی بدرکێنێت، چونکە قسەکردنی بە پەلە بە تایبەت بۆ خەڵکی گشتی وا دەکات بە تێکەڵ و پێکەڵ لە دەم بێنە دەرێ و ئەوەی لێدوان دەدات شپرزەیی پێوە دیار دەبێت، بە تایبەت گەر رستەکان بە خێراییەکی زۆر بوترێن،

باشتریش وایە بە زمانێکی دوور لە پێشەمەندیی قسەبکرێت، چونکە ئەو زمانە بە کەڵکی ئەو کاتە دێت کە قسە لەگەڵ کارمەندی کتێبخانەکاندا بکرێت.

گونجاویش وەهایە بۆ لێدوان ئاستی تەمەن و خوێندن و هۆشیاری بیستەرەکان لەبەرچاو بگیرێت، پێویستە ئەمینداری کتێبخانە پێش وەخت ئەو بابەتانە دیاری بکات کە قسەیان لەسەر دەکات و ئەوانە بن کە دەچنە نێو بازنەی بایەخی گوێگرەکانەوە، هەرچۆن پارێزگاریی لە ئاستی دەنگ و تۆن و دەربڕین و دەمو دوو بە بنەمای لێدوانی ئەو کەسە دادەنرێت.

دەبێ ئەو کەسەی دەدوێ لێزان بێ و ئەمانە جێبەجێ بکات: ئاستی دەنگ و گوزارشت، زمانە جەستە وەك گوزارشتی دەموچاو و جووڵەی هەردوو دەست، باشتریش وایە ئەوەی قسە دەکات هەندێ کتێب یان سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان، یان نەخشە و نیگار لەگەڵ خۆیدا بهێنێ و بەکاریانبهێنێ، چونکە ئەوانە شتی بیر دەخەنەوە و بەرامبەرەکانیش باشتر لێی تێدەگەن، هەرچۆن دەیانداتێ تا تەماشای بکەن و جەخت لە گوێگرتنەکەشیان بکەنەوە، زۆرجاریش قسەکەر بەر لە لێدوان بە گاڵتەیەك، یان قسەیەکی خۆش دەست پێبکات باشترە تا گرژیی نێوان خۆی و ئەوان خاوبێتەوە، ئەوە سەرەتایەکی باش دەبێت، پێویست دەکات بەوپەڕی دەربڕینی دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە قسە بکات تا بەرامبەرەکانی قایل بکات، ئەگەر هەستی کرد بەرامبەرەکەی وەڕس دەبێ ئەوای دەبێ شێوازی خۆی بگۆڕێ.

پەیوەندی لە نیوان دوولادا دێتە دی ئەگەر قسەکەر سوور بێ لەسەر هاندانی گوێگرانی بۆ قسە کردن و پرسیار، ئەوا ئەنجامی دیدارەکە باش دەبێت، ئەمان وێرایی شارەزای کارمەند لە بابەتی لێدوانەکەی.

ئامانج لەوەش بازاڕاندنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیە، ئەوەش بـە وەڵام دانـەوەی هەر پرسیارێك دێتەدی کە لە سنووری ئەو باسەدا بێت، باشتر وایـە دوای قســەکانی، ئەو کارمەندە هەنـدێ بڵاوکـراوە بەسـەر ئامادەبووانـدا دابـەش بکـات، ئـەوەش بـۆ ســەلماندنی قســەکانی بــە کــەڵك دێــت و کــە ئەوێشــیان بەجێهێشــت، هەمیشــە خزمەتگوزاریی کتێبخانەکەیان لەیاد دەبێ.

دەبێ ئەمینداری کتێبخانە شێوازێکی تر گەیشتن بە خەڵکی پەیڕەو بکات، ئەویش لە ڕێی رادیۆوە دێتە دی، ئەو دەتوانێ چەند بەرنامەیەك بەسەرکەوتووی لەرێی رادێوی ناوخۆییەوە بەڕێوە ببات، ئەمەش ڕێگایەکی باشە بۆ گەیشتن بەو کەسانەی کە لەوەبەر لە کتێبخانە سوودمەند نەبوون، دەبێ لێدوانەکـەی رادێـو سـەرنج راکـێش بـن و بـە خولەك و چرکە حسابیان بۆ بکرێت، هەر چۆن دەبێ کورت بن و شـێوازێکی وەسـفیان هەبێ تاوەکو لە خەیاڵی بیستەردا وێنەیەك دروست بکەن، بێجگە لەوانە دەبێ شێوەی پێشکەش کردنیان بە پلەیەکی زۆر سروشتی بـن و ئـەوەی دەیانخوێنێتـەوە وەك ئـەوە وابێ قسە بۆ خەڵکەکە بکات کە لە بەردەمیدا وەستا بن .

هەندێ سەردان هەیە تایبەت بۆ ئاشنا بوون بە کتێبخانە، سەردانی دیکەش هەیە وەك پێشانگای کتێب، یان کۆڕو کۆبوونەوە، ئەمانەی دووەم دیسانەوە دەبنە هۆکـاری برەودان بە کتێبخانە.

جۆرێکی تر لە چالاکییەکان لێدوانی نووسەران یان شێوەکاران، یان کتێب دۆسـتان لە کتێبخانەدا، هەروەها لێداوانی بـاش نمایشـی فـیلم و بابەتـە هونەرییـەکان، ئـەو لێدوانانە بەجۆرێك لە جۆرەکان یان پەیوەنـدی هەیـە بـە کتێبخانـەوە، یـان ئەوانـەی دەدوێن باسی ئەو شتانە دەکەن کە لە سەرچاوەکانی کتێبخانەوە وەریـان کـردوە، وەك

مێژووی ئەو ناوچەیەی کتێبخانەکە دەکەوێتە ناویەوە، ئەمانە هەموویان هۆکاری باشن بۆ نزیکترکردنەوەو گرێدانی کتێبخانە بە کۆمەڵگاوە. ئەمانە باشترین ڕێگاشن بۆ لایەنی ڕاگەیاندن و میدیای کتێبخانە، دەرفەتیشە بۆ گەشتی میوانان و بەشدارانی چالاکییەکان بە بەشەکانی کتێبخانەدا .

٤-پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە گروپ و دەستەکانەوە:

نامەنەوێ دووپاتی بایەخی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە سوودمەندانی کتێبخانەوە بکەینەوە، بە تایبەت ئەوانەی لەبری سەردانی کتێبخانە پەیوەندی تەلەفۆنی دەکەن، بەڵام هەندێ پەیوەندیی بە گروپی دیاریکراوەوە مەبەست دەپێکێ، بۆ نموونە بە وانەی لە بازرگانی و پیشەسازیدا کاردەکەن، هەروەها بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ سوودمەندان بۆ ئاشنابوون بە هۆکارەکانی باشتر بەکارهێنانی سەرچاوەکانی کتێبخانە، لەو کۆڕانەدا گەلێك بابەت باسدەکرێن، وەکو: بەکارهێنانی پێڕستەکان، پلانی پۆلێن، سەرچاوە بەردەستەکان و دابەشکردنیان بەسەر کتێبخانەدا، بەکارهێنانی کتێبخانەکانی تر وەك کتێبخانەی کۆلیجەکان و کتێبخانەی دامەزراوی فێرکردنی گەورەکان و مەڵبەندە ڕۆشنبیری و پەیمانگا هونەرییەکان، وێڕای ئەوانە، بابەتی تر لەگەڵ ئەو گروپانە باسدەکرێن، وەکو پلانەکانی خواستن لە نێوان کتێبخانەکاندا و پەیوەندیی بە تۆڕەکانی زانیاریی ناوخۆ و دەرەکییەوە.

بەشداریی خەڵکی لەم چالاکییانەدا بە سوودی هەردوولا دەگەڕێتەوە، واتە کتێبخانە و گروپەکانی خەڵك، بەڵام بەر لە دەستکردن بەو پڕۆژانە، دەبێ کارمەندانی کتێبخانە شارەزایی تەواویان هەبێ لەو بەرنامانەی لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا دەیخەنە ڕوو.

٥-کۆمەڵەی هاوڕێیانی کتێبخانە:

یەکێك لە چالاکییە گرنگەگانی کتێبخانەی گشتی، پێکهێنانی گروپی هاوڕێیانی کتێبخانەیە، ئەم گروپە لە ژمارەیەك کارمەندی کتێبخانەو چەند کەسێك لەو سوودمەندانە پێکدێت کە ئارەزوو و کات و توانای خزمەتی کتێبخانەیان هەیە.

بە پلەی یەکەم، ئەم کۆمەڵەیە کار دەکات لە پێناوی ئاشنابوونی خەڵکی بە کتێب و سەرچاوە جۆر بە جۆرەکان و خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گشتی، هەرچۆن رۆڵی دەبێتە پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی لە تاکەکانی کۆمەڵگاو دامەزراوە بۆ دابینکردنی ئەو کەرەستانەی پێویستن بۆ کتێبخانە، ئیتر سەرچاوەو کتێب یان کەلوپەلی کتێبخانە، بۆ نموونە بۆ کڕینی دەستنووسێکی دەگمەن کەلە بودجەدا پارە بۆ ئەوانە تەرخان ناکرێت.

٦-بانگەشەو ئاگاداری:

لە سالآنی رابردوودا پێشکەوتنی بەرچاو لە نمایشی کالآو خزمەتگوزارییەکان بەدیهاتووە، ئەویش لە رێی نیشاندان و بانگەشە بۆکردنەوە، هەندێ لەو لەرێی نیشاندان و بانگەشە بۆ کردنەوە، هەندێ لەو پێشکەوتنە بەندە بە ئاستی چاپەمەنی و ریکلامەکانەوە، وەك لە بازرگانی و پیشەسازیدا بەدیهاتووە، هاوکات لە کتێبخانەکانیشدا بە هەمان شێوەیەو ئاستی بالآی سەرچاوە چاپکراوەکان و خزمەتگوزاریی کتێبخانە بووەتە هۆی زۆر روونکردنەوە کتێبخانەو خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان.

لە کتێبخانەی گشتیدا، بانگەشەو ئاگاداری نامەکان ونمایش کتێبەکان بوونەتە هۆکاری فراوانبوونی خزمەتگوزارییەکانی، بەو پێییەش کە کۆمەکی دارایی کتێبخانە

لەلایەن دەسەڵاتی بەرپرسەوەیە، دەبێ ئەو دەسەڵاتە قایل بێ بە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە تا کۆمەکی زیاتری بکات.

لێرەوە، دەبینین لە هەندێ کتێبخانەدا بەشی تایبەت بە راگەیاندن و بانگەشەی تێدا کراوەتەوە، شێوەیەکی ئەو بانگەشەیە لە نمایشی سەرچاوەکاندایە کەهەندێ کەسی هونەرمەند ئەو کارە دەکەن، هاوکات هەندێ کتێبخانەی تر لەگەڵ نەخشەسازیدا رێدەکەون بۆ رازاندنەوەی ناونیشانەکان بەرگی لیستی کتێبەکان و هێماکانی کتێبخانە، دیارە ئەو گەشەکردنەی لە چاپ و دیزایندا هاتووەتە دی کاریگەریی هەیە لەسەر نمایش و جوانترکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە.

لەو کاتانەشدا کە کتێبخانە خاوەنی بودجەیەکی کەم بێ ئەوا بە پێی ئەو بودجەیە هەنگاوەکانی بانگەشەو ئاگادارییەکانی هەڵدەگیرێت، دەبێ بە وردی کارە هونەرییەکان لەو پێناوەدا ئەنجام دەدرێن.

٧-راپۆرت:

ساڵانێکی دوور و درێژ راپۆرتە ساڵانەکان بۆ خزمەتگوزاریی کتێبخانە بە هەند وەرگیراوە و تا ئێستاش هەندێك کتێبخانە ئەو راپۆرتانە بڵاودەکاتەوە، بە جۆرێك دەخرێنە بەرچاو، کە لایەنی هونەرییان ناوازە بێت و ببێتە چالاکیی چاپەمەنیی سەرەکیی خزمەتگوزاریی کتێبخانە، بەڵام لە ئێستادا بەهای ئەو راپۆرتانە لەژێر پرسیاردایە، چونکە جاران کەموکوڕیی لە هۆکارەکانی بانگەشەدا هەبووە بۆ دەستکەوتەکانی کتێبخانە. دەبێ لە چاپکردنی ئەو راپۆرتانەدا تێچووی چاپیان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە بێجگە لە بەهای مێژوویان ئەو سوودە نابەخشن، لە ئێستادا بڵاوکراوەی ساکار گرنکە کە لەرووی کوالیتی چاپەوە باش بێت سەرەکیترین

ئاماری خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە لەخۆبگرێت، کە تیایدا وێنە بەکاربێت و پەرەگرافی پێشەکیشی بۆ دابنرێت، ئەگەر بەو جۆرە بوو ئەوا کتێبخانە دەتوانێ بە تیراژی زۆر چاپ و بڵاوی بکاتەوە، دەبێ بە جۆرێك بێ، بچووك تا لە گیرفانی چاکەتدا جێگای بێتەوە، بۆ تەماشاکردنی هەر کاتێ بویسترێت، هەرچۆن دەبێ ناوەرۆکەکەی بە سادەیی دابڕێژرێت، تا کارمەندانی کتێبخانە سوودی لێ وەربگرن و بەکاری بهێننەوە هەر کاتێ پێویستییان پێی بێت.

٨-بڵاوکراوەکان:

هەر کتێبخانەیەك پێویستی بە بڵاوکراوەکەیە کە سادە بێت و هاوکات سەرنج ڕاکێش بێت، تیایدا بواری خزمەتگوزاریی کتێبخانەکە بخرێتە بەرچاو، دەبێ تیایدا ناوی گشت کتێبخانەکانی تر کە سەر بەو کتێبخانەیەن، یان لە سیستەمێکدا پێکەوە کاردەکەن بنووسرێت، لەگەڵ ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنیان، هەروەها دەبێ ڕێنماییە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی کتێبخانە لە بڵاوکراوەکەدا بخرێنە بەرچاو و دەبێ ئەمە لە گشت بەشەکانی خزمەتگوزاریی کتێبخانەدا دابنرێت، تا بەباشی ببینرێت و بەکاربهێنرێت.

پێویستە ئەو بڵاوکراوەیە لە دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکانیش دابنرێت، تا خەڵکی لە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی گشتی تێبگەن و هامشۆی بکەن، هەروەها لە هەندێ بازاڕ و شوێنە گشتییەکانی ترو کلینکی پزیشکان.

ئەگەر سیستەمی کتێبخانە فراوان بوو و کۆمەڵێك کتیبخانەی تر بەستراوونەوە پێیەوە، دەکرێ وەك پاشکۆ بۆ بڵاوکراوە سەرەکییەکە، بڵاوکراوەی تر ئامادە بکرێن، تیایاندا پێگەی هەریەکەیان لە کۆمەڵدا ڕوون بکرێتەوە، لەگەڵ باسکردنی ئەو

ئاسانکارییەی لە خزمەتگوزارییاندا بەرجەستە دەکرێت، پێویستە ئەو بڵاوکراوانە هەموویان یەك فۆرمیان هەبێت، هەروەها پێویستە تیایاندا باس لە سەرچاوەکانی کتێبخانە و بابەتەکانی تایبەت بە مێژووی ناوچەکەو خزمەتگوزاریی بەشەکانی منداڵان و قوتابیان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و سەرچاوە ئیتنیکییەکان و سەرچاوە بیستراو بینراوەکان و سەرچاوەکانی موزیك و شانۆ و شێوەکاری بخرێنەروو.

٩-چاپکراوەکانی مێژووی ناوچەکە:

چاپکراوەکانی خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی یارمەتیدەر دەبن لە باشترکردنی وێنەی کتێبخانەدا، بە تایبەت ئەوانەی لە خزمەتی هەموو کۆمەڵگادا دەبن بەشێوەیەکی راستەوخۆ، بڵاوکردنەوەی کاتێك لەسەر مێژوو، یان شوێنەواری ناوچەیەك بۆشایی پڕ دەکەنەوە، ئەگەر ئەمینداری کتێبخانە بابەتی ئەو چاپکراوانەی بەباشی هەڵبژاردبێت، ئەوا دەبێتە جێی بایەخی خەڵکێکی زۆر. مەرجیش نییە بڵاوکردنەوەی چاپکراوەکان تەنیا بۆ بەرهەمی تازە بن، بەڵکو بۆ ئەوانەی پێشووش پێویستن کە بە باشی بڵاونەبووتەنەوە، یان زیادە و وێنە و نەخشەی نوێیان خراوەتەسەر، یاخود روونکرنەوەو پاشکۆی زیادەیان بۆ دانراوە. هەندێك لە کتێبخانەکان کارێکی باش دەکەن کە لە نێو سەرچاوەکانیاندا کۆمەڵی وێنە و نەخشە و روونکردنەوەو دەدۆزنەوەو لە شێوەی نامیلکەو کتێبدا یەکیان دەخەن و سەر لە نوێ لە چاپیان دەدەن، هەرچۆن هەندێ کتێبخانەی تر زیرەکانە سوود لە سامانی کتێبخانەو سەرچاوەکانیان وەردەگرت و وەك رێبەر و چاپکراوی فێرکاری و زانیارییەکان دەیانخەنە بەرچاو.

١٠-پێڕستە چاپکراوەکان:

پێڕستی چاپکراو بەهایەکی ڕاستەوخۆی هەیەو کۆکردنەوەی لیستی پێڕستەکان لە کۆمپیوتەردا کارئاسانی کردوە بۆ بەرهەمهێنانی کۆی لیستی سەرچاوەکان.

لەم جۆرە چارەسەرەدا، ئەو سەرچاوانە کۆدەبنەوە کە لە تاخچینی جیاوازدا دانراون، وەك نۆتەی موزیك و شانۆنامەو کتێبی مێژوویی ناوچەیەکی دیاریکراو.

دیارە کتێب، بەرفراوانیی بڵاوبوونەوەی بەندە بە پێودانە جیهانییەکانی نەخشەسازی و چاپ و سەرنج ڕاکێشییانەوە، بەڵام پێڕست بە ناوەڕۆکییەوە، کە یەکەم خاڵی سەرنج دەبێ لای سوودمەندان، بە مەرجێ بەرگی جوانیان بۆ بکرێ.

بەڵام لیستی تازە بۆ کتێبە نوێیەکان دەبێ یەك لە دوای یەك ئامادەبکرێن، هەروەها لیستی پێڕستی ئەو کتێبانەی لە کۆمەڵە سەرچاوەکان دوورخراونەتەوە.

هەرچۆن کتێبخانە دەتوانێ پێڕست بۆ هەڵبژاردەیەك لە سەرچاوەکانی بۆ دەزگا رەسمییەکان، یان بازرگانییەکان ئامادە بکات کە بۆ بۆنە و کاری تایبەت سوودمەند بن لێی.

١١-پۆستەر و ریکلام:

لە گشت کتێبخانەیەکدا پۆستەر و ریکلام هەڵواسین ڕۆڵی گەورەیان هەیە، پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بە نەخشەسازیی ئەو پۆستەرانە، چونکە بەشێوەیەکی بەردەوام لەبەرچاوی خەڵکیدا دەبن، هەرچۆن پەیامی گرنگی خۆشیان دەگەیێنن، لە ئێستادا کتێبخانەکان گەشەیان کردوە هەر بۆیە ئەوانە چاپ دەکرێن بە جوانی و بە قەوارەی گەورە و پێویست و لە شوێنە بەرچاوەکاندا هەڵدەواسرێن، دەبێ رستەی

نووسراوی سەر پۆستەرەکان بۆ خوێندنەوە کورت و ئاسان بێت، دەکرێ کتێبخانە یەك ستایل و شێواز بۆ پۆستەرەکانی بەکاربهێنێت، تا بەباشی بناسرێنەوە.

ئەم پۆستەر و ئاگادارینامانە تایبەتن بە چالاکییەکانی کتێبخانەی گشتی ، هەربۆیە بۆ مانەوەیان و بەرگەگرتنیان بە رەونەقی جوانەوە دەبێ لەسەر کاغەزی ئەستور و بەشێوەی هونەریی بنەخشێنرێن، نموونەی ئەوانە بۆ ئاگادارکردنەوەکانی کتێبخانە تەرخان دەبن، وەکو: کاتەکانی خوێندنەوەی چیرۆك بۆ مندالآن، پێشانگا، لەگەڵ چالاکیی تر و دیاریکردنی رۆژانی پشوو.

١٢-نمایش:

نمایشەکان دەرفەتن بۆ کتێبخانە و بەهۆی بەرهەمی دامەزراوە نەتەوەیی و خۆجێیەتییەکانەوە کاریگەریی لەسەر بینەرە بەشدارەکان جێدەهێڵن، ئەوانە پارەیەکی باش بۆ کتێبخانە دەگێڕنەوە کە بەکەڵکی بودجەکەی و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی دێت. ئەمە وێڕی ئەوەی بەهۆی ئەو نمایشەنەوە خەڵکێکی زۆرتر روو لە کتێبخانە دەکەن، بە تایبەت ئەگەر ریکلامیان بە شێوەیەکی پێویست و باش بۆ کرابێت، باشترین نمایشیش بۆ بینەرانی کتێبخانە نمایشە هونەرییەکانی مندالآنی قوتابخانەکانە، چونکە ئەوانە ئاسانن و سەرنج رادەکێشن و هاندەرن بۆ مندالآن و دایك و باوکیان تا سەردانی کتێبخانە بکەن.

ئەگەر لە کارمەندانی کتێبخانە کەسی هونەرمەندیان تیا نەبێت ئەوا دەتوانرێ لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان هونەرمەند داوا بکرێت بۆ سەرپەرشتی چالاکییە هونەرییەکان، دەکرێ دواتریش ئەو نمایشە لە شوێنی تر و کتێبخانەی تر دووبارە بکرێنەوە.

پێویسته ئەو نمایشـانەی لـە کتێبخانـەی گشـتی دەخرێنـە بەرچـاو نـاوەرۆکێکی نەتەوەییان هەبێت، هەروەها پـەروەردەیی بـن، تیایانـدا کەرەسـتە روونکـەرەوەکان و نیگار پانتایی باشیان پێ بـدرێت، هـەروەها تێکسـتەکانیان چـڕوپڕ بێـت، هەرچـۆن پێویسته نمایشـەکە تۆماربکرێـت و وێنـەی فۆتۆگرافیشـی بگیرێـت و لـە ئەرشـیفی کتێبخانەدا دابنرێت و سوود لێ وەربگیرێت.

١٣-ئامرازەکانی راگەیاندن:

ئاگاداریی راستەوخۆ لای کتێبخانەی گشتی پەسەندییەکی وای نییە، بێجگـە لـە ئاگاداریيەکانی بۆنەکان لە رۆژنامەکانی ناوخۆ و پاشکۆی رێبەری تەلەفۆنـدا، بـەڵکو دەبێ پێشوەختە دەبێ ئامادەکـاریی بـۆ بکرێـت، ئـەویش بـە تێچـووی دیـاریکراو و نەخشسەسازیی سادە و چاپ و دابەشـکردنی گونجـاوەوە، ئـەم ریکلامانـە دەبـێ بـە رستەی کورت و کاریگەر بنووسرێن، لەگەڵ رەنگ و دیزاینی سـەرنج راکـێش، بـەڵام پۆستەر بۆ چاکی و بانگەشەی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە دەبـێ دیـاریکراو بـێ و لەگەلێ شوێنی وەك قوتابخانە و کۆلیجەکان و کلینیك و مەڵبەنـدە تەندرووسـتییەکان هەڵبواسرێن، لەگەڵ هۆڵەکانی نمایش لە شارەکەداو یان وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکان...

دەبێ ئەوانە لە پێنـاوی جـوانترکردنی خزمـەتگوزاریی کتێبخانەکانـدا بـن و بـۆ هاندانی پشتیوانی کردن بێ لە کتێبخانەکان.

دەکرێ سوود لە کارمەندی پەیوەندییەکان لە کارگێڕیی خۆجێیەتی وەربگیرێـن بـۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئامرازەکـانی تـری راگەیانـدن، چونکە خودی ئەو کارمەندە پەیوەنـدیی بـەردەوامی لەگـەڵ ئـەو کەناڵانـەدا هەیـە و دەتوانێ سوود بە بەرنامەکانی کتێبخانە بگەیێنێت.

بەڵام بۆ هەر بابەتێك کە لە راگەیاندنەکانەوە پەخش بکرێ دەبێ ئەمیندار و کارمەندی شارەزای کتێبخانە ئاگاداری بن و بە تێکستەکەیدا بچنەوە.

هەروەها دەبێ کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان لە کتێبخانە لە دیداری رۆژنامەنووسیدا بە باشی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە بۆ خەڵکی باس بکات، هەر خۆیشی کارمەندەکانی کتێبخانە رابهێنێت لەسەر ئاخافتن و دیداری رۆژنامەوانی، دەبێ بۆ ئەو بۆنانە ئەمینداری کتێبخانە خۆی ئامادە بکات و لەوەبەر کورتەی قسەکانی بنووسێتەوە، هەروەها پێویستە سەرجەم کارمەندی بەشەکانی کتێبخانە بتوانن گوزارشت لە ئەرك و چالاکی و خزمەتگوزاری بەشەکانیان بکەن، لە هەر دیدارێکی راگەیاندندا بێت، بەوەش کتێبخانە سوودمەند دەبێت و وێنەیەکی روناکی دەکەوێتە بەرچاوی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە کتێبخانەی گشتییان تێدایە.

سەرچاوەکان

بەزمانی عەرەبی

١-حشمت قاسم، المكتبة العامة فى عالم متغير. ـ احوال المعرفة . ـ ١٩٤ (ينـاير ٢٠٠٠).

٢- محمد فتحي عبدالهادي، المكتبة المدرسية و دورها فى نظم التعليم المعاصـرة،و حسن محمد عبدالشافي و حسن سيد شحاته.- الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٩

٣- حامد الشافعى دياب، المكتبات المتنقلة و دورها فـى نشـر الخدمات المكتبيـة: مجلة المكتبات و المعلومات العربية، ع ٤، ٢٠٠٠.

٤- قواعـد الفهرسـة الانجلـو- الامريكيـة، الطبعـة الثانيـة مراجعـة ١٩٨٨، مـع تعديلات ١٩٩٣/اعدت تحت اشراف لجنة التوجيه المشتركة لمراجعة القواعد مـن جمعية المكتبات الامريكية. تحرير ميشل جورمان، بول و . ونكلر، تعريب محمد فتحي عبدالهادي، نبيلة خليفة جمعة، يسرية عبدالحليم زايد._ ط العربية ١.- القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٦.- ٢ مج.

٥- جورمان، ميشيل. موجز قواعد الفهرسة الانجلو- امريكية في طبعتها الثانية/ تعريب محمد فتحي عبدالهادي، نبيلة خليفة جمعة.- ط٣. القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٨.

٦- ديوي، ملفل. تصنيف ديوي العشري، الطبعة الثانية عشرة المختصرة/ تعريـب ادارة التوثيق والمعلومات بالمنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، تحرير محمود احمد اتيم.-ط عربية٢.- تونس: المنظمة،١٩٧٧-٢ مج.

٧- اثرتون، بولين. مراكز المعلومات: تنظيمها وادارتها و خدماتها/ ترجمة حشمت قاسم- القاهره: دار غريب للطباعه والنشر والتوزيع، ١٩٩٦.

٨- احمد محمد الشامي. الموسوعة العربية لمصطلحات علوم المكتبات والمعلومات، انجليزي- عربي، القاهرة، ٢٠٠١.

٩- حسام الدين محمد رفعت. المكتبات العامة المحسبة في محافظتي القاهرة والجيرة ودورها في خدمة المستفيدين. القاهرة ١٩٩٩.

١٠- محمد امين البنهاوي. ادارة العاملين في المكتبات.- القاهرة: العربي للنشر والتوزيع،١٩٨٤.

بەزمانی ئینگلیزی

1- Soper Mary Ellen. The Librarian’s Thesaurus /by Mary Ellen Soper, Laary N. Osborne, Douglas L. Zweizig.- Chicago: American Library Association, 1990-p. 5.

2- Usherwood, Bob. Public Libraries. P. 380 In International encyclopedia of information and Library Science.- London: Routlege, 1997.

3- Boyd, Alex. Public Libraries.- p. 676 In World ecyclopedia of Library and Information Services.- 3rd ed.- Chicago:

4- Unesco Public Library Manifesto, prepared in cooperation with IFLA, 1995.

5- Office of Arts and Libraries. Setting objectives for public library servicess, Library and Information Series, no. 19,

HMSO, 1991. Thorhauge, Jens. A basic vision of the public Library in the information Society.- p. 9, 10, 12, 13. In: Public Libraries and the Information Society / by J. Thorhauge… [et al].- European Commission, 1997.

6- Stoalkey, Roger, Presenting the library Service.- london: Clive Bingley, 1982.- P. 41.

Bell, C.R. Men at work.- London: Allen and Unwin, 1974.- P. 25.

7- Tyckoson, David A. "Of the people, for the people: Public Library serve democracy".
American Libraries.- Vol. 31, Issue 4 (Apr. 2000).- P. 40.

8-White, Herbert S.A. "Authority, respencilibility, and delegation in public Libraries". Library Journal.- Vol. 124, Issue 15 (Sep. 15, 1999).- P. 59.

9-Lushington, Nolan. The design and evaluation of public library building.- humden, Connecticyt: Library professional publication, 199.- P. 58.

10-Broome, E. M. Do Developing countries need processing centers? Paper presented at the IFLA/ Unesco pre – session seminar for Librarians from developing countries.- Antwerp, August, 1977.

11-Stoalkey, Roger, Presenting the library Service.- london: Clive Bingley, 1982.- P. 73.

بەرهەمە چاپکراوەکانی یاسین قادر بەرزنجی

• زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان:

١- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان، بەهاوکاریی نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٨٨.

٢- بیبلیۆگرافیای ٢٤ ژمارەی گۆڤاری سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣- دەروازەیەك لەڕووی کتێبخانەو زانیارییەکان، سلێمانی،٢٠١٠.

٤- زانستی پێڕست و دۆکیۆمێنتاری، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١١.

٥- ئەو (١٠) کتێبەی جیهانیان هەژاند، ئامادەکردن، سلێمانی، ٢٠١١.

٦- چەند بابەتێك سەبارەت کتێبخانەو زانیارییەکان، هەولێر،٢٠١١.

٧- ئینتەرنێتو کتێبخانە، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢.

٨- پۆلێنی کتێب، وەرگێران:

چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٢.   چاپی دووەم، هەولێر،٢٠١٢.

چاپی سێیەم، هەولێر،٢٠١٣.

• هونەری شانۆ:

٩- شۆڕشی مردووەکان، شانۆنامەی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠.

چاپی دووەم بە ناوی (مردووەکان بنێژن)، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٠- پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕان بەهاوکاریی چوار نووسەر، بەغدا، ١٩٨٠.

١١- لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٢-چەند بابەتێکی شانۆیی، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٣- ئەکتەرە کوردەکان، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٤- دوای بیست ساڵ، چوار شانۆنامەی ئامادەکراو و وەرگێڕراو، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٥- چەند باسێك دەربارەی شانۆی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٦- شانۆی کوردی، ئەرشیف و تێکست.. نمایش و بینەر، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٧- چەند باسێکی شانۆیی، وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٨.
١٨- فەرهەنگی شانۆ، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٩- لەئێوارەیەکدا، شەش شانۆنامەی یەك پەردەیی وەرگێڕراو، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٠- بەرەو ئەستێرەیەکی تر، شانۆنامەی بەکوردیکراو، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢١- هونەری دراماو رامانێك لەدرامای کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩.
٢٢- ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٠.

• رۆژنامەوانی

٢٣- کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتانی عەرەبدا، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢٤- دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢٥- مەرگی وەنەوشە، چیرۆکە هەواڵ:
چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠. چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٠. چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠١٢.
٢٦- کە ئاگر دەریای خامۆشکرد، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٧- چاوەکانی تابان، چیرۆکی رۆژنامەنووسیی:
چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٨- گەورەبوونی رۆح، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٢٩- ئیتیکی کاری راگەیاندن و حەتمیەتی تەکنولوجیا، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٠.
٣٠- ژین.. یەکەمین رۆژنامەی تایبەتمەندی ئەدەبیی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٣١- بیرەوەرییەکانی مامۆستا خالید دلێر، ئامادەکردن، سلێمانی،٢٠١٢.

• چیرۆکی منداڵان

٣٢- کۆچ بۆ دارستان، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:
چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٨.
چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣٣- قەفەزی زێڕین، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:
چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٤.
چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com